


پیادەکردنی فیکر و عەقیدەی
بارزان بە دروستی لە هەموو
سەردەمێکدا سەرچاوەی
دروستبوونی ئیرادەی خێرە

ساڵی سییەم (١٤٠٥)- (١١)ی ئاداری ٢٠٢٤

# مستەفا بارزانی

## شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی زوڵم




# سەردانی جەعفەری بۆ تورکیا و لادانی ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٦

١٠٦


لە کاتێکدا کە عێراق بە قەیران و بارودۆخێکی یەکجار ترسناک و مەترسیداردا تێ دەپەڕێ، ناکۆکی و جیاوازی و شەڕی مەزهەبی لە لووتکەدا بوو. کردەوە تیرۆریستییەکان ڕوویان لە زیادبوون و هەڵکشان بوو. ڕۆژانە خەڵکی مەدەنی و سڤیل بەهۆی ناسنامە و ناوەوە گیانیان لە دەست دەدا. لەو بارودۆخە نالەبارەدا، ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ٢٠٠٦ جەعفەری بەبێ پرس و ڕاوێژ بە لایەنەکان، لەناکاو سەردانی تورکیای کرد. سەردانەکەی لەم بارودۆخەدا بۆ هەموو لایەنەکان جێی سەرسووڕمان بوو، بەتایبەتی کە حکوومەتەکەی، حکوومەتێکی کاربەڕێکەر بوو.


چەندان سەرچاوە ئاگاداریان کردمەوە و زانیارییان بۆ ناردم کە مەبەستی سەرەکیی جەعفەری لە سەردانەکەی بۆ تورکیا، ئیمزاکردنی چەند ڕێککەوتنێکە لەگەڵ ئەو وڵاتە دژی فیدراڵی و هەرێمی کوردستان. لە بەرانبەریشدا تورکیا هەوڵی ڕازیکردنی سوننەکان بدات بۆ پشتگیری لە جەعفەری و بەشداری لە حکوومەتدا.

کەچی بەر لە چل و هەشت کاتژمێر لە ماڵی ناوبراو کۆ بووبووینەوە، ئاگر لە نێوان جەعفەری و سوننەدا دەباری. ئەمە چ گۆڕانکارییەکی سەد و هەشتا پلەیی بوو ڕووی دا؟ ئەم سەردانە چ سوودێکی تێدا بوو؟ بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو نیەتە خراپە دژ دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان هێما و ئاماژەیەکی ترسناک و مەترسیدار بوو.

لەو چوارچێوەیەدا، کۆبوونەوەیەک لە ماڵی مام جەلال ساز درا. دوای تاوتوێکردنی پێشهات و گۆڕانکارییەکان، ئێمە وەک هاوپەیمانیی کوردستانی بڕیارمان دا بە هیچ شێوەیەک جەعفەری لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیراندا نەمێنێتەوە و نابێت جارێکی تر پۆستەکە وەربگرێتەوە. زەمینەکەش لەبار بوو، ئەنجومەنی باڵا زۆری پێ خۆش بوو، مام جەلالیش بێسنوور بەدڵی بوو، چونکە هەر لە بنەڕەتدا پەیوەندییەکانی نێوان مام جەلال و جەعفەری خۆش نەبوو. جەعفەری و سەرکردایەتیی حزبی دەعوە هەوڵێکی یەکجار زۆریان دا بۆ ئەوەی هەڵەی جەعفەری پەردەپۆش بکەن و هەموو هەوڵ و توانایان خستە گەڕ بۆ چاوپۆشیکردن لەم بابەتە، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر لە نیوەی ئیئتیلاف و هەموو هاوپەیمانی و هەموو سوننەکان بڕیاری کۆتاییان دابوو کە پێویستە لا بچێت و لە پۆستەکەیدا نەمێنێتەوە.

# چاپکراوی نوێ






کتێبی (کاتێك نهێنییەکان ئاشکرا دەبن) لە نووسینی (سەلیم چوروککایا)، وریا مەلا کەریم وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری سۆرانی، ئەم کتێبە لە دووتوێی (٥٢٥) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندە و ئەم ساڵ (٢٠٢٤) چاپکراوە و کەوتووەتە کتێبخانەی کوردی و بەر دیدی خوێنەرانەوە.

نووسەر سەرجەم بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئەم کتێبە لە شێوەی چیرۆك و بە (٤٧) زنجیرە بابەت خستووەتە ڕوو. کاتێك لە ناوەڕۆکی ئەم بەسەرهاتانە دەڕوانین ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ ك ك)مان بۆ دەخاتە ڕوو.. بگرە هەر لەو کردار و بۆچوونانەی کە دوورن لە هەموو پرەنسیپە نیشتمانی و نەتەوەییەکان کە ئەم حزبە پەیڕەویان دەکات، وەك دیارنەبوونی دروشم و ئەو ئامانجگەلەی کە بۆی تێدەکۆشن بەوەی کە ناویان ناوە(خەبات)، وردبوونەوە لە ڕووداوگەل و کاراکتەرەکانی نێو ئەم هەموو بەسەرهاتانە دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە (پ ك ك)، بەهیچ شێوەیەك بەلای کوردستانیبوون و داکۆکیکردن لە دۆزی نەتەوەدا ناچێت، تەنانەت ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانەی لەهەمبەر ئەندام و لایەنگرانی خۆشیەوە، بە هیچ شێوەیەك هەر وەك بانگەشەی بۆ دەکات، خزمەت نە بە نیشتمانی ڕەسەنی خۆیان و نە بە گەلی کوردی وڵاتەکەشی ناکات، ئەوەی ئەو حزبە دەستی داوەتێ تەنیا تێکدانی ڕیزەکانی کورد و کوردستانیبوونە، ئەمە جگە لەوەی بووەتە هۆکار بۆ تێکدانی شیرازەی کۆمەڵایەتی و هێنانە ئارای کاولکاری وماڵوێرانی، چ بۆ خودی کورد لە باکووری کوردستان، چ بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرەکییە بۆ هێرشی سەربازی و بۆردومانی گوند و شارۆچکەکانی باشووری کوردستان، کە ڕۆژانە بە بەرچاومانەوەیە چەندین هاووڵاتی شەهیدو بریندار دەبن و ناچار دەبن ماڵ و حاڵی خۆیان جێ بهێڵن.. نووسەر توانیویەتی لە ڕێی کاراکتەرو ڕووداوەکانەوە ئەو هەموو مەبەستانە بپێکێت، بۆیە دەستخۆشی لە نووسەرو وەرگێڕی کتێبی (کاتێك نهێنییەکان ئاشکرا دەبن) دەکەین.

## چاپکراوی نوێ




(حزبی سیاسی و ستراتیژی ڕێکخستن) ناونیشانی کتێبێکی تازە چاپکراوە، کە بەڕێز (دکتۆر هێمن هەورامی) ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان نووسیویەتی، کتێبەکە بە بەرگێکی ناوازە و لە دووتوێی (٣٢٤) لاپەڕەی قەبارە گەورەدا چاپکراوە و، کتێبخانەی کوردیی پێ دەوڵەمەند بووە.

نووسەر لەبارەی ئەم کتێبەوە جەخت لەوە دەکاتەوە، کە کتێبەکە دوور لە هەر بیروباوەڕێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژی نووسراوە، مەبەستی دکتۆر هێمن هەورامی ئەوە بووە کە خزمەتی پرۆسەی سیاسەت و پێگەیاندنی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکات، بەوەی کە(حزب) ئامرازی دەستەبەرکردنی (ئامانج)، یان (ئامانجگەل)ێکی گەورەترە، کە بریتین لە چاکەی گشتی، خزمەتکردنی هاووڵاتیانی کوردستان، پەرەپێدانی بەردەوامی هەمەلایەنە، پاراستنی شوناسی نیشتیمانی و نەتەوەیی، بەهێزکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان، قووڵکردنەوەی دیموکراسی و پێکەوەژیانی سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن، گرتنەبەری دیالۆگ و ڕەتکردنەوەی توندوتیژی و یەکتری سڕینەوە و چەندانی دیکە.

هەر لەبارەی ئەم کتێبەوە، نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، کە مەبەستی ئەوەیە بە ڕەنگ و فیکر و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە، سوود لە ناوەڕۆکی وەربگیرێت و، وەك یارمەتیدەرێك لە پەرەپێدانی کاری حزبی و بە گەشەپێدانی کارامەیی و تواناکانی ئەم سەردەمە و دیالۆگ و ئارگۆمێنتسازی و خزمەتکردنی پتری پێشخستنی هەرێمی کوردستان بەکاربهێنرێت.

کتێبی(حزبی سیاسی و ستراتیژی ڕێکخستن) سەرەتا بریتی بووە لە ناوەڕۆکی ژمارەیەك بابەت، کە نووسەر وەکو وانەی گشتی و دواتر وانە و سیمیناری تایبەت، لە خولە حزبییەکاندا، لە قۆناغ و شوێنی جیاجیادا پێشکەشی کردوون، دواتر (هەر وەك خۆی دەڵێت) لەسەر پێشنیاری چەند هاوڕێیەکی خۆی، وای بە باش زانیوە کۆبکرێنەوە و لە دووتوێی ئەم کتێبەدا بڵاوبکرێنەوە.


## چاپکراوی نوێ



ئامانجیش لە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی ئەم کتێبە، زیادکردنی مولۆیەکی دیکەیە بۆسەر خەرمانی هۆشیاریی سیاسی و دەرفەتێکی دیکەیە بۆ ئەوەی هەنگاوی زیاتر لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بێتە دی.

کاتێك لە بەش و دەروازەکانی ئەم کتێبە دەڕوانین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر یەکەیان، پێویستیی بە لەسەر وەستان و ڕوونکردنەوە و بەرچاوڕوونی و قووڵتربوونەوە هەیە، هەر وەکو نووسەریش جەخت دەکاتەوە بەوەی کە دەکرێت یەك لە دوای یەك ببنە زنجیرە کتێبێکی تایبەتمەند بە حزبی سیاسی و ستراتیژی و ڕێکخستن، دەشتوانرێت هەر کام لە سەرباسەکانیشی لە میانەی توێژینەوەی گەورە و کتێبی تایبەتمەند باس و تەتەڵە بکرێت، ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕوانینە ئەم کتێبە زۆر نەچووەتە نێو قووڵایی وردەکارییەکانەوە، بەڵکو وەك هەوڵێکی خاکەڕایانە بۆ هەنگاونانی زیاتر بە ئاڕاستەی بایەخدان بە پرس و تەوەرەکانی ئەم کتێبە، سەرنجی پسپۆڕان و توێژەران لە لایەك و سیاسەتمەدارانی بە ئەزموون لە لایەکی دیکەوە ڕابکێشێت، بۆ ئەوەی پرسی ڕێکخستن لە ژیانی حزبایەتیدا، وەك ڕێچکەیەکی نوێ، قووڵبوونەوەی تێدا بکرێت و توانامەندانەتر زیاتر لای زانستی لێ بکەنەوەو، هەر چەمك و بوار و بابەتێکیش، کە خودی نووسەر پەی پێ نەبردبێت، ئەوان زیاتر کاری لەسەر بکەن.

ماوەتەوە بڵێین ئەم کتێبە پێنج بەش لەخۆدەگرێت، کە بریتین لە (چەمکە سەرەکییەکان)، (بنەماکانی ڕێکخستن)، (ڕەهەندە ئۆرگانییەکانی ڕێکخستن)، (ڕەهەندە مرۆییەکانی ڕێکخستن)، (بازاڕسازی- مارکێتینگ-ی سیاسی). بەناوی گۆڤاری گوڵانەوە پیرۆزبایی و دەستخۆشی لە بەڕێز دکتۆر هێمن هەورامی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین بۆ چاپکردنی ئەم بەرهەمە دانسقە و ناوازەیە.. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**د.هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**
**کارزان کانەبی**
**ڕێبین ڕەمزی**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگران:
**کەمال ئاکرەیی**
**هاوکار ڕەحمان**

**بۆ ڕیکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**


***Web: www.gulanmedia.com***

دڵشاد شەهاب:




## هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بە ئاراستەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە کەشوهەوایەکی ئارامدا

ئایدن مەعروف:



## بڕیارەی دادگای فیدراڵی پێش ئەوەی دژی پێکهاتەکان بێت، دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە

کلارا عودیشۆ :



## سەرۆک بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکارێکی سەرسەختی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە بەبێ جیاوازی


دکتۆر شێخ تەها ئەحمەد ئەلزەیدی :



## ڕێبازی ئیسلام لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکاندا لەسەر بنەمای شانازیکردنی موسڵمان بە ناسنامەکەیەوە دامەزراوە

دکتۆر محەمەد شوکری:

## سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن ئاسۆکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان فراوانتر دەکات



سنوور ستار:


## بڕیارمدا ئەو زانیارییانەی کە هەمە لەگەڵ خانمان بەشی بکەم



## مەشقی وەرزشی لە مانگی ڕەمەزاندا



## دەستبەندێک تەنیا بۆ شۆفێران



هونەرمەند شێرزاد حەیدەری:

## موزیکی کوردی وەک میلۆدی هیچی کەمتر نییە لە میلۆدییە جیهانییەکان



شیلان عەبدوڵڵا :

## یاریکردن لە هەڵبژاردەی عێراقی هەستێکی زۆر خۆشم پێی دەبەخشێت، چونکە هەموو یاریزانێک ناتوانێ پێی بگات






# مانگی پیرۆزی ڕەمەزان مانگی خێر و یەکترقبووڵکردن و بەسەرکردنەوەی هەژاران و چەسپاندنی تەبایی و ئاشتییە

به ناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بە بۆنەی هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و مانگی خوداپەرستن و جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بە جوانترین شێوە پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم موسڵمانانی کوردستان دەکەین. هیواداریـن ئەم مانگە ببێتە مایەی خێر و خۆشی و ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ هەمووان.

مانگی پیرۆزی ڕەمەزان مانگێکی خوداپەرستی و جێبەجێکردنی ڕوکنەکانی ئیسلام و عیبادەتە، لەم مانگەدا جگە لەوەی موسڵمان بە ئەنجامدانی ڕوکنێکی گرنگی ئیسلام کە ئەویش ڕۆژووبوونە پەیوەندییەکانی لەگەڵ خودای گەورە و میهرەبان پتەو دەکات، هاوکات موسڵمان لەم مانگەدا پەیڕەوی فەرمان و داواکارییەکانی خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرەکەی دەکات و، فێری سەبر و خۆڕاگری دەبێت و ئەوەش ئارام و بەهێزی دەکات لە بەرانبەر ناخۆشی و مەینەتییەکانی ژیاندا. ڕەمەزان مانگی نزا و خێر و زەکات و یەکترقبووڵکردن و پێکەوەژیان و بەسەرکردنەوەی هەژاران و مانگی تێپەڕاندنی هەموو ناکۆکییە سیاسییەکان و چەسپاندنی تەبایی و ئاشتییە. لە خودای گەورە دەپاڕێینەوە ئەم مانگە بکاتە مانگی خێر و خۆشی بۆ سەرجەم موسڵمانان و کوردستانییان و پاراستنی گەلی کوردستان و پارێزگاریکردن لە ماف و دەستکەوتەکانی گەلەکەمان، بەتایبەتی لەم مانگەدا پلانی دوژمنکارانەی گەورە دژ بە خەڵکی کوردستان هەیە، نزا دەکەین هەموو ئەو غەدر و ناخۆشی و مەرام و دوژمنکارییانەی دەرهەق بە گەلی کوردی موسڵمان دەکرێت، لەسەرمان تێپەڕێنێت و، خوداش هیدایەتی نەیارانی کورد بدات تا دەست لەو هەموو زوڵم و پەراوێزخستن و پیلانانە بهێنن و، لە خودای گەورە بترسن و بگەڕێنەوە سەر ڕەسەنایەتیی ئایینە پیرۆزەکەی ئیسلام.

موسڵمانانی خۆشەویست، خودای گەورە و میهرەبان لەم مانگەدا ڕۆژوبوونی فەرز کردووە و بە واجبێکی سەرشانی موسڵمانانی داناوە (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَي الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ) سورة البقرة:١٨٣، بۆیە دەبێت لەم مانگەدا دەوڵەمەندەکان چاویان لە هەژاران بێت و کاسبکار و پیشەوەران بەهای خۆراك و پێداویستی و نرخی خزمەتگوزارییەکانیان کەم بکەنەوە، هەروەکو چۆن لەم مانگەدا دەبێت موسڵمان ئاگاداری هەڵسوکەوت و ویژدانیان بن، چونکە یارمەتیدانی هەژاران و کەمدەرامەت بە خێر حیساب دەکرێت. لایەنێکی دیکەی گرنگیی مانگی ڕەمەزان نزیکبوونەوە و خۆشەویستیی نێوان



**د. عەبدوڵڵا مەلا سەعید**
سەرۆکی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

موسڵمانانە، دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ڕق و کینە بەلاوە بنێین و دەروونمان ئاسوودە بکەینەوە و خێر و خۆشیمان بۆ موسڵمانان هەبێت و، ئەم مانگە بکەینە دەرفەتێك بۆ زیندووکردنەوەی سیلەی ڕەحم و بەزەیی و گەڕانەوە و وازهێنان لە هەڵە و تاوان. پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) لە چەندین فەرموودەدا، مانگی پیرۆزی ڕەمەزانی بەرز ڕاگرتووە و، داوای لە موسڵمانان کردووە ئاگاداری ڕەفتار و کرداریان بن و، لێبووردە بن و بە دەروونێکی ئاسوودەوە عیبادەت و خوداپەرستی بکەن، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: خودای گەورە نزا و دوعای ڕۆژووەوان قبووڵ دەکات. بۆیە لەم مانگەدا پێویستە موسڵمانان زۆرترین دوعا بکەن کە خودا دەرد و بەڵا و ناخۆشییەکانی ژیانیان لەسەر لا ببات، کە پەیوەندییەکی ڕۆحییان لەگەڵ پەروەردگار بۆ دروست دەکات. پێویستە موسڵمانان نزا و دوعاکانیشیان بۆ برا موسڵمانەکان و پاراستنی نەتەوە و خاك و نیشتمانەکەیان زیاد بکەن، چونکە خوداپەرستی و عیبادەتمان لە ناو نەتەوە و نیشتمانەکەمانەوە پارێزراو دەبێت و، یەکێکە لە نیعمەتە گەورەکانی خودای گەورە و میهرەبان. داوا لە خوای گەورە و میهرەبان دەکەم، شەهیدەکانمان جێگەیان بەهەشت بێت و موسڵمانانیش منداڵ و خانەوادە و بنەماڵەی شەهیدانیان لەبیر بێت و لەیادیان نەکەین، ئەوان خۆیان کردە قوربانی بۆ ئێمە و خاکەکەمان، تاوەکو بە ئازادی و سەربەستی ژیان بەسەر ببەین و، لەم مانگەدا بە ئازادانە عیبادەتی خودای گەورە بکەین. داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەم شوێنە گشتی و تایبەتییەکان پابەند بکەن بە ڕێزگرتن لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان و، هێزە ئەمنییەکان بۆ پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان چاوکراوەتر بن، ئێمە لە سایەی ئەو ئارامی و ئاسایشەوە تاعەت و عیبادەتی خودا بە ئازادانە دەکەین و، شەوانی پیرۆزی ڕەمەزان بە گەنج و منداڵ و ئافرەت و گەورەوە ڕوو لە مزگەوتەکان دەکەین.

لەم مانگە پیرۆزەدا ئەرکی زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام قورستر و گرانتر دەبێت و، لای خودای گەورە و میهرەبان خێری زیاتریان بۆ دەنووسرێت، بۆیە داوا لە مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەم، پابەندی ئەو ڕوکن و پەند و عیبرەتانە بن کە لەم مانگەدا خودا بەخشیویەتە عیبادەکانی، کە ئەویش چاندنی تۆوی خۆشەویستی و لێبووردەیی و هاوکاری و یارمەتیدانی یەکترە، بە بڵاوکردنەوەی تەبایی و ئاشتی و دوورکەوتنەوە لە وتاری زبر و توندوتیژی کە خودای گەورە و پێغەمبەرەکەی نەهییان لێ کردووە.

# مستەفا بارزانی

## شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی زوڵم







لە ساڵی ٢٠١٠ لە دیمانەیەکدا گوڵان لە سەرۆك بارزانی پرسی: ئێمە هەموو کات دەبینین جەنابی سەرۆکی کوردستان جلی پێشمەرگانەی لەبەردایە و جەمەدانی سووری لەسەردایە، بۆیە دەمانەوێت دەستپێکی ئەم دیمانەیە بەوە دەست پێبکەین، ئایا بەرگی خاکیی پێشمەرگانە و جەمەدانی سوور لای جەنابی سەرۆك چ مەدلوول و مانایەکی هەیە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەرۆك بارزانی پێی گوتین: «جلی پێشمەرگە زۆر زۆر پیرۆزە، من شانازیی پێوە دەکەم، لەبەر ئەوەی جلی پێشمەرگەیە، هەروەها سەربەرزیشم کە بەو جلانەوە چوومەتە کۆشکی سپی و چوومەتە کۆشکی کۆماری تورکیا ئەمەش لەسەردەمی خوالێخۆشبوو (تورکۆت ئۆزاڵ)دا، بۆیە ئەم جلانە لەبەردەکەم، لەبەر ئەوەی تا دەشمرم، من هەر خۆم بە پێشمەرگە دەزانم، سەبارەت بە جەمەدانی سووریش ئەمە چیرۆکێکی درێژە، کاتی خۆی لە ناوچەی بارزان «مشکی» هەبوو، جەمەدانی زۆر کەم هەبووە، پێموابێت ئەسڵەن هەر دەرنەچووبوو. ئەو کات مشکی ڕەش و شین و سوور هەبوو، لەو کاتەدا لەبەر ئەوەی جەمەدانی جەنابی شێخ ئەحمەد سوور بوو، حکومەتی عێراق پێیان وابوو لە ناو بارزانییەکان ئەوەی جەمەدانی سوور ببەستێت پێوەندی بە جەنابی شێخ ئەحمەدەوە هەیە و موریدی شێخە، هەر بۆیە بە ئەحکامی عورفی بڕیارێکیان دەرکرد، هەر کەسێك جەمەدانی سووری لەسەردا بێت، لە سێدارەی بدەن. یەکەمجار خەڵکەکە ئاگادار کرایەوە کە نابێت کەس جەمەدانی یان (مشکی) سوور لەسەر بکات، خەڵکی بارزان تەحەددایەکی گەورەی ئەم بڕیارەیان کرد، ڕۆژێکیان وەك ڕاپەرینی لێهات، لەبەرئەوەی شوانێکیان گرتبوو جەمەدانی سووری لەسەر بوو، بە جەمەدانییەکەی خنکاندبوویان، دوای ئەمە خەڵك ڕاپەرین و پەلاماری قائیمقامیەت و مقەڕی فەوجیان دا، حکومەتیش بۆ چاوترساندنی خەڵکەکە بەپێی ئەحکامی عورفی ١٢ کەسی هەڵبژاردەی لە بارزانییەکان ئیعدام کرد، ئیدی لەدوای ئەمە لە ناوچەی بارزان وایلێهات ئەوەی جەمەدانی سووری نەبەستایە مانای وابوو تەسلیمی ئیرادەی دوژمن بووە، واتە وازی لە بیروباوەڕی خۆی هێناوە، هەر بۆیە جەمەدانی سوور بوو بە ڕەمزی بەرخۆدان».

سەرۆك مسعود بارزانی لە دیمانەیەکی گوڵاندا . ١٣ی تەموزی ٢٠١٠

● **فیکر و عەقیدەی بارزان**

**خوداناسی . خوداپەرستی . نیشتمانپەروەری**

پێش ئەوەی وتەیەك لە بارەی مستەفا بارزانی وەك گەوهەرە درەوشاوەکەی فیکر و عەقیدەی بارزان پێشکەش بکەین، گرنگە هەڵوەستەیەك لەسەر ئەم فیکر و عەقیدەیە بکەین و، بزانین بۆچی لە پیادەکردنی دروستی ئەم فیکر و عەقیدەیە، ئیرادەی خێر دروست دەبێت و، ئەو ئیرادەیە دەگاتە ئەو ئاستەی کە نەتەوە ترس لە زاڵم و داگیرکار بشکێنێت و تەسلیمی زوڵم نەبێت و ڕەتی بکاتەوە؟

سەرۆك بارزانی لەم پێناسەکردنی فیکر و عەقیدەی بارزان پێمان دەڵێت: «فیکر و عەقیدەی بارزان لە ئایدیۆلۆژیەتێکی موعەیین گەورەترە»، کەواتە ئەگەر ئەم پێناسەیە بکەینە دەروازەیەك بۆ تێگەیشتن لە فیکر و عەقیدەیە، پێویستمان بەوەیە بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی شێخ عەبدولسەلام بارزانی کە لەبەر ڕۆشنایی ئەم فیکر و عەقیدەیە کۆمەڵێك بنەما و ڕێسای داناوە کە هەمووی پێکەوە لەو چەند وشەیە کۆدەبێتەوە «شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی ترس».

ئەگەر ئەم چەند وشەیە لە فیکری شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ورد بکەینەوە، ئەوا دەبێت، زۆر بە چڕی لەسەر هەردوو چەمکی «زاڵم و زوڵم» هەڵوەستە بکەین، کە لێرەدا بەچەند خاڵ ئاماژەیان پێدەکەین:

١. نابێت زوڵم لە مرۆڤ بکرێت، ئەوجا ئەو مرۆڤە «نێر بێت، یان مێ، ڕەش بێت یان سپی»، ئەوە مرۆڤە و دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت.

٢. ڕێزگرتن لە پێڕەوانی ئایینە جیاوازەکان، مرۆڤ پێڕەوی هەر ئایینێك بکات، ئەو ئایینە دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، لەبەر ئەوەی ئایین فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و فرە ئایینی و فرە نەتەوەیی کۆمەڵگە هێزە بۆ کۆمەڵگە، نەك بە پێچەوانەوە.

٣. دەبێت تەحەددای زاڵم بکرێت، کاتێك زوڵم لە مرۆڤ دەکات، ئەوجا ئەو زاڵمە هێزێکی دەرەکی بێت، بۆ سەر نەتەوەیەك، یان هاووڵاتی بن لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بەرانبەر یەکتری.

٤. دەبێت لە ناو کۆمەڵگە مافی ئافرەت پارێزراو بێت و ڕێز لە مافی بگیرێت. لە هەر کۆمەڵگەیەدا ڕیز لە مافەکانی ئافرەت نەگیرێت، لەو کۆمەڵگەیەدا سەقامگیری و ئاشتیی کۆمەڵایەتی مسۆگەر نابێت.

٥. مرۆڤ دەبێت بە ڕێز و کەرامەتەوە لە ناو نیشتمانەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەم مرۆڤە ڕێزلێگیراوەش دەبێت بە هەمان شێوە نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت و، بەرگری لە نیشتمانی خۆی بکات و تەسلیم بە زوڵم و زاڵم و دوژمن نەبێت.

٦. مرۆڤ دەبێت ڕێز لەو بەرەکاتانە بگرێت کە پەروەردگار بەو نیشمانەی بەخشیوە، ئەمەش بە مانای ئەوەی دەبێت، «ژینگە بپارێزێت، هاوسەنگیی ژینگە تێك نەدات بەرێگەی بڕینی دار، ڕاوکردنیماڵیاتی کێوی، هەروەها سەرچاوەکانی ئاو بپارێزێت و پیسیان نەکات و.. هتد».

ئەم چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن، ئەگەر بیانخەینە ناو چوارچێوەی زانستی سیاسیەت و شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئەوا ئەم بنەمایانە نەك هەر بەرنامەیەکن بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك و بەڕێوەبردنی ئەو جوگرافیایە کە مرۆڤ لەسەر دەژی، بەڵکو دەبێتە بەرنامەی دەوڵەتداری بۆ دەوڵەتی خۆشگوزەران «Welfare State».

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا شێخ عەبدولسەلام بارزانی هەوڵی داوە بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان (بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەوە) دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت، بۆ ئەوەی ئەم بنەمایانەی تێدا جێبەجێ بکرێت و بە سەربەرزی و کەرامەتەوە تیایدا بژین؟ سەرۆك بارزانی وەڵامی ئەم پرسیارەمان دادەتەوە و پێمان دەڵێت: «بەڵێ، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بەرنامەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەبووە و لە ساڵی ١٩٠٥ داوای لە گەڕیدەیەکی بەریتانی کردووە، لەگەڵ خۆی بیبات بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی شا جۆرج

**سەرۆک بارزانی پێی گوتین: «جلی پێشمەرگە زۆر زۆر پیرۆزە، من شانازیی پێوە دەکەم، لەبەر ئەوەی جلی پێشمەرگەیە، هەروەها سەربەرزیشم کە بەو جلانەوە چوومەتە کۆشکی سپی و چوومەتە کۆشکی کۆماری تورکیا ئەمەش لەسەردەمی خوالێخۆشبوو (تورکۆت ئۆزاڵ)دا**

**مرۆڤ دەبێت بە ڕێز و کەرامەتەوە لە ناو نیشتمانەکەی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، ئەم مرۆڤە ڕێزلێگیراوەش دەبێت بە هەمان شێوە نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت و، بەرگری لە نیشتمانی خۆی بکات و تەسلیم بە زوڵم و زاڵم و دوژمن نەبێت**

**شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بەرنامەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەبووە و لە ساڵی ١٩٠٥ داوای لە گەڕیدەیەکی بەریتانی کردووە، لەگەڵ خۆی بیبات بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی شا جۆرج پادشای ئەو کاتی بەریتانیا ببینێت و باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لەگەڵدا بکات**

پادشای ئەو کاتی بەریتانیا ببینێت و باسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لەگەڵدا بکات».

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە فیکری (شێخ عەبدولسەلام بارزانی)دا، مەرج بووە کە دەبێت ئەو دەوڵەتە لەسەر دەستی پێڕەوانی فیکر و عەقیدەی بارزان دابمەزرێت، ئەوجا پشتگیری بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی شێخ ئەحمەدی بارزانی وەردەگرینەوە کە پێمان دەڵێت: «لە هەر شوێنێکی کوردستان هەوڵێک هەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، فیکر و عەقیدەی بارزان پشتگیری دەکات و دەبێتە پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە، هەروەک لە ساڵی ١٩١٩ هێزێکی بە ڕابەرایەتیی مستەفا بارزانی نارد بۆ پشتگیریی مەملەکەتی کوردستان کە شێخ مەحموودی حەفید لە سلێمانی ڕایگەیاندبوو».

هەروەها ئەم وەڵامە لە مێژووی خەباتی پڕشکۆی مستەفا بارزانی وەردەگرینەوە، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٥ خۆی و پێشمەرگەکانی بۆ پارێزگاری لە کۆماری کوردستان کە پێشەوا قازی محەمەد لە شاری مەهاباد ڕایگەیاندبوو و لە ماوەی یەک ساڵی تەمەنی ئەو کۆمارەدا ئەرکی پاراستنی ئەو کۆمارە بە ژەنەراڵ مستەفا بارزانی سپێردرا و لەگەڵ ئەوەی لە پێناوی پاراستنی ئەو کۆمارە بە سەدان پێشمەرگەی هەڤاڵانی مستەفا بارزانی شەهید بوون، ئەمە پێشەوا قازی محەمەدی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە «ئاڵای کوردستان» تەسلیمی مستەفا بارزانی بکات، لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو ئەم ئەمانەتە دەپارێزێت و هەر لەسەر دەستی مستەفا بارزانی و پێڕەوانی فیکر و عەقیدەی بارزان ئەم ئاڵایە لە ئاسمانی کوردستاندا دەشەکێتەوە.

● مستەفا بارزانی

**فراوانکردنی فیکر و عەقیدەی بارزان بۆ کوردبوون و کوردستانیبوون**

لە ساڵی ١٩٩٨ و لە ڕێورەسمی کردنەوەی «سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی» لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، پرۆفیسۆر بنیامین لادنەر سەرۆکی زانکۆکە بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند «لە ناو مێژووی گەلی کورددا لە مستەفا بارزانی شایستەترمان نەدۆزییەوە، ئەم سەنتەرەی بە ناویەوە بکەین».

هەر لەم بۆنەیەدا لەسەر ئاستی کوردستان، ئەو کات ڕۆژنامەی برایەتی ڕووماڵێکی تایبەتی ئەم ڕووداوە (کردنەوەی سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی) لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان کرد. یەکێک لەو ڕۆشنبیر و بیرمەندە ناسراوانەی کورد کە مامۆستای خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەد بوو، لە وەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی برایەتی کە لێی پرسیبوو: «ناوی مستەفا بارزانی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟» لەوەڵامدا مەسعود محەمەد دەڵێت: «مستەفا بارزانی قەدەرە، من نەمکردووە بە سەرۆک و ڕابەر، کە چاوم کردووەتەوە کاریزمایەک هەبووە و بە سەرۆکی خۆمان قبووڵمان بووە». ئەم پێناسەیەی بیرمەندی گەورە بۆ مستەفا بارزانی، پێمان دەڵێت: مستەفا بارزانی لە ناو ڕۆح و ویژدانی نەتەوە ڕابەرە و ئەم ڕابەرایەتییەش پەیوەندی بە زەمەنەوە نییە و گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە بەردەوام لە ناو ویژدان و ڕۆحی خۆیدا بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی ڕۆشنبیر و بیرمەندان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان، مستەفا بارزانی وەک ڕابەرێکی جیاواز سەیر دەکەن و بە بێ هاوتا دەیخوێننەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە مێژووی کاریزما گەورەکانی جیهان وەردەگرینەوە، کە پێمان دەڵێن: هەموو کاریزما گەورەکانی جیهان سەرچاوە و بنەمای بیرکردنەوەیان بریتی بووە لە «شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی ترس»، لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین:

● جاک دریدا فەیلەسووفی گەورەی فەرەنسی لە کتێبی «لەبەریەکهەڵوەشانی میتافیزیکا» و لە بەشێکدا بە ناونیشانی: «سەرسامبوون بە ماندیلا فیکرە»، دەڵێت: «ماندیلا لەبەردەم دادگای ئاپارتاید سەربەرزانە دەیگوت: گەلەکەم و خۆم دەزانین یاساکانی ئێوەمان پێشێل کردووە،

■

**شێخ ئەحمەدی بارزانی پێمان دەڵێت: «لە هەر شوێنێکی کوردستان هەوڵێک هەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، فیکر و عەقیدەی بارزان پشتگیری دەکات و دەبێتە پێشمەرگە بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە**

■

**پێشەوا قازی محەمەدی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە «ئاڵای کوردستان» تەسلیمی مستەفا بارزانی بکات، لەبەر ئەوەی دڵنیا بوو ئەم ئەمانەتە دەپارێزێت و هەر لەسەر دەستی مستەفا بارزانی و پێڕەوانی فیکر و عەقیدەی بارزان ئەم ئاڵایە لە ئاسمانی کوردستاندا دەشەکێتەوە**

■

**لە ساڵی ١٩٩٨ و لە ڕێورەسمی کردنەوەی «سەنتەری مستەفا بارزانی بۆ ئاشتی» لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن، پرۆفیسۆر بنیامین لادنەر سەرۆکی زانکۆکە بە ئامادەبووانی ڕاگەیاند «لە ناو مێژووی گەلی کورددا لە مستەفا بارزانی شایستەترمان نەدۆزییەوە، ئەم سەنتەرەی بە ناویەوە بکەین»**

بەڵام ئەو یاسایانەی ئێوە زاڵمن و گەلەکەم دەچەوسێنێتەوە، بۆیە لە نێوان یاسا زاڵمەکانی ئێوە و ویژداندا، ئەوا ئێمە ئەو یاسایانە پێشێل دەکەین و ملکەچی ویژدانی خۆمان دەبین».

● مەهاتما گاندی، کە نیمچە دورگەی هیندستان (بە پاکستان و بەنگلادیشی ئێستاشەوە) لە کۆلۆنیالی بەریتانی ڕزگارکرد، لەسەر بنەمای تەحەدداکردنی زاڵم و ڕەتکردنەوەی ترس بەرانبەر بە شانشینی بەریتانیا ڕاوەستا کە خۆری لێ ئاوا نابێت. گاندی کاتێك پێیان ڕەوا نەبینی لە فارگۆنی شەمەندەفەری سپی پێستەکان سەفەر بکات و لە فارگۆنەکە فڕییان دایە خوارەوە، بڕیاری دا «نە لە زاڵمی وەك حکومەتی بەریتانیا بترسێت، نە ئەو زوڵمەش قبووڵ بکات».

● ئەبراهام لینکۆڵن شانزەهەمین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا لە پێناوی ئەوەی ئەو یاسا زاڵمە قبووڵ نەکرێت کە کۆنگرێس بۆ شەرعیەتدان بە کۆیلایەتی دەری کردبوو، هەروەها ئەو زوڵمە لاببرێت کە لە مرۆڤ دەکرێت و وەك کۆیلە سەیر دەکرێت، کاپیتەڵ هۆڵی داخست و شۆڕشی لە دژی کۆیلایەتی ڕاگەیاند، ئەمەش وای کرد لە بەردەم کاپیتەڵ هۆڵ پەیکەری بۆ دروست بکرێت و نازناوی «میراتی ئازادی» پێبەخشن.

● شارل دیگۆل، پاڵەوانی ئازادکردنی فەرەنسا لە نازییەت، لە کۆماری چوارەمدا تەحەددای زاڵمیی حزبە سیاسییەکانی کرد و ئەو زوڵمەی قبووڵ نەکرد کە حزبە سیاسییەکان بەرانبەر گەلی فەرەنسا و شکۆی فەرەنسا وەك دەوڵەت دەیانکرد، بۆیە لە ساڵی ١٩٥٨ کۆماری پێنجەمی ڕاگەیاند و کۆتایی بە زوڵمی حزبە سیاسییەکان هێنا و بەرنامەی بۆ یەکێتیی ئەورووپا دارشت.

ئەم نموونانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە پێوەری سەرەکیی فیکر بۆ هەڵسەنگاندنی کاریزما لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئەوەیە کە نابێت «کاریزمان تەسلیمی زاڵم بێت و زوڵم قبووڵ بکات»، هەر سەرکردەیەك ئەمە بە پراکتیکی بسەلمێنێت ئەوا وەك کاریزمایەکی جیهانی لەقەڵەم دەدرێت.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەمایە و لەناو فیکر و عەقیدەی بارزان، مێژووی خەباتی پڕشکۆی مستەفا بارزانی لە مەحەك بدەین، ئایا ئەو تایبەتمەندییانە دەبینین کە لە گەورە کاریزماکانی جیهاندا هەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵ دەدەینەوە:

١. سەرۆك مسعود بارزانی کە پێشمەرگە و قوتابییەکی نزیکی بەردەستی مستەفا بارزانی بووە، هەموو کات جەخت لەسەر یەك پەیڤی بەرز دەکاتەوە و پێمان دەڵێت: «تەعەدا لەکەس ناکەین و تەعەدای کەسیش قبووڵ ناکەین»، ئەم پەیڤە بەرزە تەواوی مانای «فیکر و عەقیدەی بارزان»ی لە خۆیدا هەڵگرتووە و مستەفا بارزانی لەسەر بنەمای ئەم فیکر و عەقیدەیە هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کرد بۆ «شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و تەسلیم نەبوون بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی ترس».

٢. مەنفا لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە بەشێکی مێژووی خەباتی پڕشکۆی «مستەفا بارزانی»یە، تایبەتمەندیی کاریزما گەورەکان کە بەشی زۆریان، یان لە بەندیخانە بوون وەك ماندیلا، یان لە مەنفا بوون وەك مەهاتما گاندی و شارل دیگۆل، یان وەك مستەفا بارزانی کە بەشێکی ژیانی لە مەنفا بووە، بەمجۆرە:

- لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان، ماوەی چەندین ساڵ لە سلێمانی «نەفی» کراوە، کە بێگومان «نەفی» واتە نەهێشتنی وجوود، بەڵام مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣ لە سلێمانییەوە گەڕایەوە بۆ بارزان و بە هاوکاری لەگەڵ ئەفسەرە ئازادیخوازەکانی کورد، «شۆڕشی دووەمی بارزان»ی ڕاگەیاند و، یەکەم هەنگاوی سڕینەوەی ناوچەگەری لە کوردستانی باشوور دەستپێکرد و وەك یەك جوگرافیا لە شنگالەوە تا مەندەلی پێکەوەی گرێ دایەوە و، وجوودی خۆی کرد بە وجوودی نەتەوەیەك و ئەو ڕژێمەی دەیویست بە مەنفا وجوودی مستەفا بارزانی بسڕێتەوە، مستەفا بارزانی توانی ئەو وجوودە زیندوو بکاتەوە،

**مەسعود محەمەد دەڵێت: «مستەفا بارزانی قەدەرە، من نەمکردووە بە سەرۆک و ڕابەر، کە چاوم کردووەتەوە کاریزمایەک هەبووە و بە سەرۆکی خۆمان قبووڵمان بووە**

**مستەفا بارزانی لە ناو ڕۆح و ویژدانی نەتەوە ڕابەرە و ئەم ڕابەرایەتییەش پەیوەندی بە زەمەنەوە نییە و گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە بەردەوام لە ناو ویژدان و ڕۆحی خۆیدا بە زیندوویی دەیهێڵێتەوە**

**هەموو کاریزما گەورەکانی جیهان سەرچاوە و بنەمای بیرکردنەوەیان بریتی بووە لە «شکاندنی ترس بەرانبەر بە زاڵم و ڕەتکردنەوەی ترس»**

**پێوەری سەرەکیی فیکر بۆ هەڵسەنگاندنی کاریزما لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە ئەوەیە کە نابێت «کاریزمان تەسلیمی زاڵم بێت و زوڵم قبووڵ بکات»، هەر سەرکردەیەک ئەمە بە پراکتیکی بسەلمێنێت ئەوا وەک کاریزمایەکی جیهانی لەقەڵەم دەدرێت**

**سەرۆک مسعود بارزانی کە پێشمەرگە و قوتابییەکی نزیکی بەردەستی مستەفا بارزانی بووە، هەموو کات جەخت لەسەر یەک پەیڤی بەرز دەکاتەوە و پێمان دەڵێت: «تەعدا لەکەس ناکەین و تەعدای کەسیش قبووڵ ناکەین»**

**کاتێک بارزانی ئەمر ڕێڕەوە مێژووییەکەی ئاراسی دەست پێکرد و چووە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، بەم هەنگاوەشی پێناسەی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە چوارچێوەی یەک نیشتمان کرد و سنوورە دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستانی سڕییەوە**

**کاریزما گەورەکان لەسەر ئاستی جیهان، لێبوردە و ئاشتیخوازن، لەسەر مافی نەتەوەکانیان سازش ناکەن، لە کاتی سەرکەوتنیش حەزیان لە تۆڵە سەندنەوە نییە**

**ئەبراهام لینکۆڵن دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، ئەسپ و چەکەکانی لەو چەکدارانە نەسەند کە شەڕیان لە بەرانبەری دەکرد، بەڵکو پێی گوتن: «شێوازی بەکارهێنانی چەک و ئەسپەکانتان بگۆڕن، لەبری ئەوەی بۆ شەڕ بەکاری بهێنن، ئەسپەکانتان بۆ کێڵانی زەوی و چەکەکانتان بۆ ڕاوکردن بەکار بهێنن**

لەمەش زیاتر لەسەر وجوودی نەتەوەکەی و مافەکانی لەگەڵ حکومەتی پادشایەتی عێراق دانوستاندن بکات.

- هەر لەسەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ کاتێك کۆماری کوردستان ڕووخێنرا، تەسلیمی داگیرکار و زاڵم نەبوو، ترسی ڕەت کردەوە و تەحەددای ئەو واقیعە سەختەی کرد و ڕێڕەوە مێژووییەکەی ئاراسی دەست پێکرد و چووە یەکێتیی سۆڤیەتی پێشان، بەم هەنگاوەشی پێناسەی هەر چوار پارچەی کوردستانی لە چوارچێوەی یەك نیشتمان کرد و سنوورە دەستکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستانی سڕییەوە.

- لە سۆڤیەتی پێشان کە ماوەی ١٢ ساڵ لە مەنفا بوو، ئەمجارەیان جیا لەوەی بەرنامەی بۆ ڕاگەیاندنی «کۆماری کوردستانی گەورە» ئامادە دەکرد، لە هەمان کاتدا ژێرخانێکی پەیوەندیی نێودەوڵەتی بۆ ئەو کۆمارە دروست کرد و دەرگای نیکیتا خرۆچۆفی سەرۆکی ئەو کاتی یەکێتیی سۆڤیەتی کردەوە و توانی لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی و دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی وجوودی نەتەوەی کوردی سەلماند و لەناو ئەم وجوودەدا ناوی کوردستان و نەتەوەی کورد بوو بە بارزانی.

٣. کاریزما گەورەکان لەسەر ئاستی جیهان، لێبوردە و ئاشتیخوازن، لەسەر مافی نەتەوەکانیان سازش ناکەن، لە کاتی سەرکەوتنیش حەزیان لە تۆڵە سەندنەوە نییە. هەر بۆ نموونە گاندی، شانشینی بەریتانیا ئەو هەموو زوڵمەی لە گەلی هیندستان کرد، بەڵام بە «ئاشتی» سەربەخۆیی هیندستانی ڕاگەیاند و نەبووە دۆستی هیتلەر کە دوژمنی بەریتانیا بوو. ماندیللا ٢٧ ساڵ لە زینداندا بوو، بەڵام هەموو داواکاری بۆ ڕژێمی ئاپارتاید ئەوە بوو «ددان بە تاوانەکاندا بنێن، لەگەڵتان ئاشت دەبینەوە». ئەبراهام لینکۆڵن دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، ئەسپ و چەکەکانی لەو چەکدارانە نەسەند کە شەڕیان لە بەرانبەری دەکرد، بەڵکو پێی گوتن: «شێوازی بەکارهێنانی چەك و ئەسپەکانتان بگۆڕن، لەبری ئەوەی بۆ شەڕ بەکاری بهێنن، ئەسپەکانتان بۆ کێڵانی زەوی و چەکەکانتان بۆ ڕاوکردن بەکار بهێنن. مستەفا بارزانی وەك گەورە کاریزمایەکی جیهانی سازشی لەسەر مافی نەتەوەکەی نەکردووە، بەڵام لە کاتی سەرکەوتنیش حەزی لە تۆڵەسەندنەوە نەکردووە، لە هەموو ئەو شۆڕشانەی کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی کردووە، دیلی شەڕ نەکوژراوە، هەرگیز پەنا بۆ کاری تیرۆریستی نەبراوە. هەر کاتێك ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکان دەستی ئاشتییان درێژ کردبێت، دەستی ئاشتی ڕەت نەکردووەتەوە و بە شێوازی دیپلۆماسییانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان کردووە. لەسەر ئاستی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەو چەکدارە کوردانەی لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق و دژی شۆڕش ڕاوەستاون، لەساڵی ١٩٧٠ لێبوردنی بۆ هەموو ئەو چەکدارانە دەرکرد و بە کەرامەتەوە هێنایانیەوە بۆ ناو شۆڕش، ئەوانەشی کە لە بەرەکانی شەڕدا کوژرابوون، هەموویانی بە شەهید تۆمار کرد و مووچەی بۆ کەسوکارەکانی بڕییەوە و شوێنی نیشتەجێی بۆ دروستکردن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان و کەسوکاریان هەست بە شەرمەزاری نەکەن.

٤. کاریزما گەورەکانی جیهان، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ڕەت ناکەنەوە و سڕینەوەی جیاوازییەکان قبووڵ ناکەن. مەهاتما گاندی دوای سەربەخۆیی هیندستان هەموو ئاواتی ئەوە بوو، نیمچە دوورگەی هێندستان بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و هەردوو بەشەکەی ئەو کاتی پاکستان (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) لەگەڵ هیندستان بمێنێتەوە و تەنانەت پێشنیاری بە موسڵمانەکانی پاکستان کرد، کە یەکەم سەرۆك وەزیرانی دوای سەربەخۆیی «موسڵمان» بێت. ماندیللا دوای کۆتاییهاتنی ڕژێمی ئاپارتاید پێکەوەژیانی ڕەش پێست و سپی پێستی دروست کرد، ئەبراهام لینکۆڵن دوای سەرکەوتنی پەیوەندیی نێوان «کۆیلە و سەرداری» گۆڕی بۆ پێکەوەژیان لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون لە ئەمریکا. مستەفا بارزانی لەگەڵ یەکەم



بریسکەی شۆڕشی دووەمی بارزاندا، نامە بەرزەکەی بۆ کەسایەتیی دیاری نیشتمانی عەرەبی، «عەبدولڕحمان عەزام پاشا» نووسی، بەوەی «شۆڕشی ئێمە دژی نەتەوەی عەرەب نییە، بەڵکو دژی ئەو ڕژێمانەیە کە هەردوو نەتەوەکەمان پێکەوە دەچەوسێنێتەوە و مافەکانمان پێشێل دەکات»، لەسەر ئاستی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولیش هەموو جیاوازییە نەتەوەیی و ئایینییەکانی لەژێر ناوی پیرۆزی پێشمەرگە کۆکردەوە و، لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهیدەکان پێمان دەڵێن: کوردستان نیشتمانی برایەتی و پێکەوەژیانی جیاوازییەکانە.

٥. کاریزما گەورەکانی جیهان، بڕوایان بە دادپەروەرییە وەك ویژدان، ئەو یاسایانە ڕەت دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای ویژدان دادپەروەری تێدا نییە و، حزبی سیاسی ڕەت دەکەنەوە کە خەڵك وەك خزمەتکاری خۆی سەیر دەکات. گاندی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ جەواهیر لال نەهرۆ و محەمەد عەلی جەناح ڕێگە نادات چایچییەکە چایەکەیان بۆ بێنێت و خۆی چایەکە دەهێنێت و بە هەردوو سەرکردەکە دەڵێت: «ئەم کارەی، ئێوە لاتان نەنگییە، من دەیکەم». ماندیلا دژی حزبەکەی خۆی ڕاوەستا کە بێویژدانییان دەکرد بەرانبەر ئەو سپی پێستانەی دەانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا نەنابوو. مستەفا بارزانی بۆ تەحەدداکردنی زاڵم و ڕەتکردنەوەی زوڵم، بارەگای بارزانی دامەزراند، وەك چوارچێوەیەك بۆ ئەوەی هەموو زوڵمێك ڕەت بکرێتەوە و شکۆ بۆ کەرامەتی مرۆڤ و ژینگە و نیشتمان بگێڕێتەوە.

ئەم بەراوردکارییەی بۆ سیفەت و تایبەتمەندیی کاریزما گەورەکانی جیهان کردمان، بۆ ئەوە بوو، دەروازەیەك بکەینەوە و بڵێین: «کاریزما گەورەکان لەناو فیکر و عەقیدەی مرۆڤایەتی لەدایك دەبن»، ئەم فیکر و عەقیدەیە مەرجە بۆ هەموو نەتەوەیەك زیندوو بێت و پەیوەندی بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە نییە. هەر کاتێك ئەو فیکر و عەقیدەیە پشتگوێ خرا و کاری پێ نەکرا، ئەوە کۆتایی مێژووی نەتەوەیە، کۆتایی ئێستا و داهاتووی نەتەوەشە.

**مستەفا بارزانی وەک گەورە کاریزمایەکی جیهانی سازشی لەسەر مافی نەتەوەکەی نەکردووە، بەڵام لە کاتی سەرکەوتنیش حەزی لە تۆڵەسەندنەوە نەکردووە**

**لە هەموو ئەو شۆڕشانەی کە مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی کردووە، دیلی شەڕ نەکوژراوە، هەرگیز پەنا بۆ کاری تیرۆریستی نەبراوە**

**کاریزما گەورەکانی جیهان، پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان ڕەت ناکەنەوە و سرینەوەی جیاوازییەکان قبووڵ ناکەن**

**کاریزما گەورەکانی جیهان، بڕوایان بە دادپەروەرییە وەک ویژدان، ئەو یاسایانە ڕەت دەکەنەوە کە لەسەر بنەمای ویژدان دادپەروەری تێدا نییە و، حزبی سیاسی ڕەت دەکەنەوە کە خەڵک وەک خزمەتکاری خۆی سەیر دەکات**

### ● سێبەری هزری مستەفا بارزانی لە بڕیارە سیاسیەکانی سەرۆك بارزانی-دا

لەدوای ساڵی ١٩٧٥ سەرۆك بارزانی و کاك ئیدریس بارزانی پێکەوە دەچنە خزمەتی مستەفا بارزانی و موڵەتی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕش (شۆڕشی گوڵان)ی لێ وەردەگرن. مستەفا بارزانی ئەم ئەرکە پیرۆزە وەك ئەمانەت بە هەردووکیان دەسپێرێت.

سەرۆك بارزانی سەبارەت بە کاك ئیدریس بارزانی هەموو کات دەڵێت: «من و ئیدریس تەنیا دوو برا نەبووین، بەڵکو یەك گیان بووین لە دوو جەستەدا. جەستە ئاوابوونی ئیدریس قەدەر بوو، ئیدریس هەموو سیفەتەکانی مستەفا بارزانی تێدا بوو».

لەماوەی ساڵانی ١٩٧٥-١٩٨٧ کە ئیدریس بارزانی بە جەستە لێمان ئاوا بوو، ئەرکەکانی سەرشانی سەرۆك بارزانی بەو ئاستە قورس نەبوو، لەبەر پشتیوان و هاوکارێکی زۆر باشی هەبوو، کە ئەویش ئیدریس بارزانی بوو، قەدەر وابوو کە ئەرکەکەی سەرشانی کاك ئیدریس بارزانی بکەوێتە سەر شانی سەرۆك بارزانی و، ئەو ئەمانەتە بپارێزێت کە جەنابی مستەفا بارزانی خستیە سەرشانی هەردووکیان.

بارودۆخی کوردستان دوای جەستە ئاوابوونی ئیدریس بارزانی لە ساڵی ١٩٨٧ تەنیا یەك خاڵی ڕووناکی تێدا بوو بێت، ئاشتبوونەوەی گشتیی نێوان لایەنە سیاسییەکان بوو بەگشتی و بەتایبەتیش ئاشتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. ئەوەی دیکەی بارودۆخێکی سەخت و تارێك بوو، شەوەزەنگێك بوو کە تروسکایی ڕووناکی تێدا بەدی نەدەکرا و، لەو ساڵەوە ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن، هەموو هێڵە سوورەکانی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتیان بەزاند و بە چەکی قەدەغەکراوی کیمیاویی زۆر بە فراوانی هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستانیان بۆمباران دەکرد. هێڵە سەرەکیەکانی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی دەرکەوتبوون کە پێویستە سەرۆك بارزانی لە ناوخۆی کوردستان سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بکات و خوالێخۆشبوو مام جەلال لە دەرەوە سەرکردایەتیی بەرەی کوردستانی بکات، لەناو ئەم بارودۆخە سەخت و دژوارەی کوردستان، ڕژێمی بەعس دەستی بە هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال (١٠ هەڵمەتی ئەنفال لە گەرمیان تا بادینان) کردبوو. سوپای عێراق وەك سوپایەکی سەرکەوتوو و سەرکێش و غروور ئامانجی ئەوە بوو، هەموو کوردستان سوتماك بکات و پێشمەرگەش نەمێنێت، بەڵام سەرۆك بارزانی لەسەر بنەمای فیکر و عەقیدەی بارزان بڕیاری دا «دەبێت تەحەددای زاڵم بکرێت و نابێت زوڵم قبووڵ بکرێت». بۆیە هێزەکانی پێشمەرگەی ڕێکخستەوە و لە چیای خواکورك لە هاوینی ١٩٨٨ بەرپەرچی سوپای داگیرکاری دایەوە و داستانی خواکورکی تۆمار کرد، ڕاستە لەو داستانەدا زۆر پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون، بەڵام بە خوێنی ئەو شەهیدانە و ئیرادەی فیکر و عەقیدەی بارزان، لەناو ئەو شەوەزەنگەدا پەنجەرەیەکی ڕووناکی ئومێدی کردەوە و پێی گوتین «فیکر و عەقیدەی بارزان هەر زیندووە و هەتا ئەم فیکر و عەقیدەش زیندوو بێت، تەحەددای زاڵم دەکرێت و زوڵم قبووڵ ناکرێت»، سەرەنجامیش وەك بینیمان لە بەهاری ١٩٩١ گەلی کوردستان ڕاپەری و، داگیرکار شکێنرا و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزران.

ئاماژەکردنمان بەم باکگراوەندە مێژووییە دیسان بۆ ئەوە بوو، بڵێین: فیکر و عەقیدەی بارزان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی، بە زیندوویی هێڵراوەتەوە و، بە جۆرێك ئەم فیکر و عەقیدەیەی بە دروستی پیادە کردووە، کە هەمان ئەو ئیرادەیە لە بڕیارەکانیدا دەبینین کە لە ئیرادەی شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و مستەفا بارزانی لە سەردەمە جیاوازەکانی زیاتر لە ١٢٠ ساڵی ڕابردوو بینیومانە.

لۆژیکی سەرۆك بارزانی لە شێوازی پیادەکردنی «فیکر و عەقیدەی بارزان»، ئەو وانەیەی فێر کردووین، هەموو کات لە پابەندبوون و پیادەکردنی «فیکر و عەقیدەی

بارزان» ئیرادەی خێر دروست دەبێت، کە دەبێتە ئیرادەی نەتەوە و ئەو ئیرادەیە زاڵم و زوڵم پێکەوە ڕادەماڵێت.

لەم یادە پیرۆزەدا کە ١٢١ـەمین ساڵیادی لەدایکبوونی ژەنەراڵی چیاکان «مستەفا بارزانی»یە، بەو گیانە زیندووەی ناو ویژدان و ڕۆحی نەتەوە دەڵێین: فیکر و عەقیدەی بارزان زیندووە، ئیرادەی مستەفا بارزانی لەسەر هەر ڕووداو و پێشهاتێك بوونی هەیە، کە ئەویش ئیرادەی سەرۆك بارزانییە و، دیسان بە ژەنەراڵی چیاکان دەڵێین: ئەم بڕیارانەی سەرۆك بارزانی کە لە دوای ساڵی ١٩٨٧ هەتا ئێستا بۆ پاراستنی نەتەوەکەمان و خاکی کوردستان داویەتی، هەمان ئیرادەی جەنابت و شێخ ئەحمەد بارزانی و شێخ عەبدولسەلامی بارزانی بووە.

لێرەدا و لەم بۆنەیەدا ئاماژە بە بەشێك لەو بڕیارە چارەنووسسازە دەکەین، کە ئیرادەی سەرۆك بارزانی لە ڕۆژە سەختەکاندا داویەتی و هەموویان بوونە پەنجەرەی ڕووناکیی ئومێد لە شەوەزەنگی تاریکی نەتەوەدا:

١. بڕیاری تەحەدداکردنی سوپای عێراق و تۆمارکردنی داستانی خواکورك لە هاوینی ١٩٨٨.

٢. بڕیاری سەرکردایەتیکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئازادکردنی کەرکوکی دڵی کوردستان لە ئاداری ١٩٩١.

٣. بڕیاری مقاوەمەت لە دوای هێرشکردنەوەی سوپای عێراق بۆ داگیرکردنەوەی کوردستان لە دەربەندی کۆڕێ لە نیسانی ١٩٩١.

٤. بڕیاری گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ گەل و ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ئایاری ١٩٩٢ و پاشان دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٥. بڕیاری ڕاگەیاندنی فیدراڵیزم و پەسەندکردنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢.

٦. بڕیاری بە فەرمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەرانسەری کوردستان.

٧. بڕیاری بەرپەرچدانەوەی سوپای تورکیا کە مەبەستی بوو لەگەڵ پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ هەرێمی کوردستان داگیر بکات و بە جیهانی ڕاگەیاند، دەبێت دەبابەکانی تورکیا بەسەر لاشەی پێشمەرگەدا کوردستان داگیر بکات.

٨. بڕیاری مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە چوارچێوەی دەستووری عێراق وەك هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان.

٩. بڕیاری بەرپەرچدانەوەی خزانی سیستمی عێراق بەرەو دیکتاتۆریەت لە کابینەی دووەمی نووری مالیکی بە گەڕانەوە بۆ بڕیار و ئیرادەی خەڵکی کوردستان.

١٠. بڕیاری گەڕانەوە بۆ سەنگەری پێشەوەی پێشمەرگە، دوای ئەوەی تیرۆریستانی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانیان دا و تاوانی دژە مرۆڤایەتی و جینۆسایدکردنی ئێزدییەکانیان ئەنجام دا.

١١. بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە تەواوی ئەو جوگرافیایەی کوردستان کە بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنراوە. ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی ئەو ڕاپرسییەی تەواو کرد، کە بڕیار بوو لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ لە ناوچە بەعەرەبکراوەکان ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەنجام نەدرا و، ئەنجامدانی ئەو ڕاپرسییەش لەو ناوچانە بڕیارێکی دیکەی مستەفا بارزانی بوو، کە سەرۆك بارزانی تەواوی کرد.

١٢. بڕیاری ڕەتکردنەوەی زوڵم و زاڵم، دوای بۆردومانکردنی ماڵی هاووڵاتییەك بە ١١ مووشەکی بالیستیکی لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، کە چەندین هاووڵاتی شەهید بوون، لەناویاندا کچێکی تەمەن ١١ مانگ بوو.

ئەم چەند بڕیارە چارەنووسسازە کە لەسەر دەستی سەرۆك مسعود بارزانی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوو دراون، ئەمڕۆ لە یادی لەدایکبوونی مستەفا ئاماژەی پێ دەکەین، سەلمێنەری ئەوەیە، ئەم ئیرادەیە هەر زیندووە و پیادەکردنی فیکر و عەقیدەی بارزانیش بە دروستی لە هەموو سەردەمێکدا وەك سەرچاوەی ئیرادەی خێر دەمێنێتەوە.

**مستەفا بارزانی بۆ تەحەدداکردنی زاڵم و ڕەتکردنەوەی زوڵم، بارەگای بارزانی دامەزراند، وەک چوارچێوەیەک بۆ ئەوەی هەموو زوڵمێک ڕەت بکرێتەوە و شکۆ بۆ کەرامەتی مرۆڤ و ژینگە و نیشتمان بگێڕێتەوە**

**کاریزما گەورەکان لەناو فیکر و عەقیدەی مرۆڤایەتی لەدایک دەبن»، ئەم فیکر و عەقیدەیە مەرجە بۆ هەموو نەتەوەیەک زیندوو بێت و پەیوەندی بە سەردەمێکی دیاریکراوەوە نییە. هەر کاتێک ئەو فیکر و عەقیدەیە پشتگوێ خرا و کاری پێ نەکرا، ئەوە کۆتایی مێژووی نەتەوەیە، کۆتایی ئێستا و داهاتووی نەتەوەشە**

**فیکر و عەقیدەی بارزان هەر زیندووە و هەتا ئەم فیکر و عەقیدەش زیندوو بێت، تەحەددای زاڵم دەکرێت و زوڵم قبووڵ ناکرێت**

**لۆژیکی سەرۆک بارزانی لە شێوازی پیادەکردنی «فیکر و عەقیدەی بارزان»، ئەو وانەیەی فێر کردووین، هەموو کات لە پابەندبوون و پیادەکردنی «فیکر و عەقیدەی بارزان» ئیرادەی خێر دروست دەبێت، کە دەبێتە ئیرادەی نەتەوە و ئەو ئیرادەیە زاڵم و زوڵم پێکەوە ڕادەماڵێت**



دڵشاد شەهاب
وتەبێژی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەوڵەکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بە ئاراستەی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداریکردنی هاووڵاتییانە لە کەشوهەوایەکی ئارامدا

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان دەکات پارێزگاری لە پێگە و قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە پێشینەیان بێت و لە هەموو بابەتێک گەورەتر سەیری بکەن**

**ئەگەر هەرێم و پێگەی دەستووری و دامەزراوەکانی پارێزراو بێت، بواری سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەمووان هەیە، بەپێچەوانەشەوە هەر زیانێک بەر هەرێم بکەوێت، هیچ کەس و لایەن و حزبێک سوودی لێ نابینێت**

**جۆرێك پاشگەزبوونەوەی دامەزراوەكانی عێراق هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات و فیدراڵییەت و دیموكراتییەت و هاوبەشی و پێكەوەژیان، بە پێچەوانەی ئەوەی لە هەرێمی كوردستان هەیە و بایەخێكی زۆر بەو چەمكانە دەدرێت. ڕۆژی ٣ی ئاداری ٢٠٢٤ نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان مەرسومی فەرمانی هەرێمی بۆ دیاریكردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان واژوو كرد كە ڕۆژی (٢٠٢٤/٦/١٠)ـە، لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیكەی پەیوەندیدار بە پێگەی هەرێمی كوردستان و ئەو هێرش و بڕیارە نادەستووری و نایاساییانەی دەرهەق بە هەرێمەكە و فیدراڵییەت لە عێراقدا دەكرێت، گۆڤاری گوڵان دیدارێكی لەگەڵ دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان سازدا، لێرەدا دەقی وەڵامەكانی بڵاودەكەینەوە.**

*** دوای ئەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان، وەكو ئەركێكی یاسایی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستانی دیاری كرد، پرسیار لێرەدا ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان لەگەڵ كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق و حكومەتی هەرێم و دامودەزگاكانی پەیوەندیدار هەماهەنگییان هەیە بۆ ئاسانكردنی ڕێكارەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن؟ ئایا ئەو ماوەیەی دیاری كراوە بۆ كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق گونجاوە؟**

- بەداخەوە ئەو بارودۆخەی كە وایكرد، سكاڵا و ناكۆكیی نێوان لایەنە سیاسییەكان بگاتە دادگای فیدراڵیی عێراق و دەرئەنجام كۆمەڵێك بڕیاری نادەستووری و نایاسایی لێ دەربچێت، ئێمە لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان بە نیگەرانییەوە سەیری ئەم بڕیارانە و هەنگاوانەی دادگای فیدراڵی دەكەین و، پێمان وایە دادگاكە لە سنووری دەستووری و ئەرك و تایبەتمەندییەكانی خۆی دەرچووە، لەگەڵ ئەمەشدا هەروەكو چۆن ماوەی زیاتر لە ساڵێكە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە هەوڵی نزیكبوونەوە و چارەسەری كێشەكانی نێوان لایەنە سیاسییەكانە بۆ ئەوەی وادەیەك بۆ هەڵبژاردنەكان دیاری بكرێت، بۆیە بەپێی یاسا لە دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێمی كوردستانە فەرمانی هەرێمیی بۆ ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەربكات، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەكان و كۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان و دامودەزگا پەیوەندیدارەكان ڕۆژی ٢٠٢٤/٦/١٠ دیاری كرا بۆ هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی ئەم بەروارەش هەموان لەسەری كۆكن و بۆ ئەوەشە كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان فریای كارەكانی بكەوێت و ڕەچاوی بارودۆخی هەرێمی كوردستان و تاقیكردنەوە وەزارییەكان و جەژنی قوربان و چەندین بابەتی دیكەی تەكنیكی و لۆجستی كراوە.

ئاشكرایە كە هەڵبژاردن پرۆسەیەكە تەنیا بە بڕیاری ئیداریی بەڕێوە ناچێت، نە لەلای كۆمیسیۆن نە لەلای دامەزراوە فەرمییەكانیشەوە، ئەم پرۆسەیە دوو كاراكتەری سەرەكیی تێدایە، كە ئەویش خەڵكە بە دەنگدەر بە هەموو توێژەكانەوە لەگەڵ بابەتی لایەنە سیاسییەكان، بۆ ئەم مەبەستە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان پەیوەندییی باش و بەردەوامی لەگەڵ كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق هەیە، تاوەكو هەرچی لەتوانادا بێت، ڕێكارەكانی پرۆسەی هەڵبژاردن ئاسان و سووكتر بكرێت، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بە ئاسانی و لە كەشوهەوایەكی سەقامگیر و ئارامدا بتوانن بەشداریی پرۆسەكە بكەن و دەنگ بدەن. هاوكات هەرچی ئەو گرفتانەی كە لەڕووی تەكنیكییەوە هەیە، چارەسەری خێرای بۆ بدۆزرێتەوە. لە ڕووی

**بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرجەم لایەنە سیاسییەكان و كۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەكانی عێراق و حكومەتی هەرێمی كوردستان و دامودەزگا پەیوەندیدارەكان ڕۆژی ١٠ی ئایاری ٢٠٢٤ دیاری كرا بۆ هەڵبژاردن**

**ئەمساڵ تەمەنی یاسایی كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان تەواو دەبێت، واتە لەو بەروارە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و فریای پەسەندكردنی دەرئەنجامەكانیشی بكەوین**

**شاندی نەتەوە یەكگرتووەكان خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بۆ دیاریكردنی وادەی هەڵبژاردنەكان لەلایەن سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە**

لۆجستیشەوە لە هەرێمی کوردستان لیژنەیەك دامەزراوە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی پەیوەست بە پرسی هەڵبژاردنەوە، تاوەکو هەموو ئەو پێداویستی و داواکارییانەی کە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق پێویستیەتی بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، ئاسانکاری بۆ کارەکانیان بکات و هاوکار و هەماهەنگ بین لەگەڵیاندا. سەبارەت بە لایەنە سیاسییەکانیش، داواکاریی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم لایەنە سیاسییەکان و پێکهاتەکانی گەلی کوردستان ئەوەیە پارێزگاری لە پێگە و قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان لە پێشینەیان بێت و لە هەموو بابەتێك گەورەتر سەیری بکەن. هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت، لە ئەنجامی هەڵبژاردن و پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییەی کە لەدوای نەمانی پەرلەمان دروست بووە. بۆیە پێویستی متمانەدانەوە بە دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمی کوردستان کاری لە پێشینەی هەموان بێت. ئەگەر هەرێم و پێگەی دەستووری و دامەزراوەکانی پارێزراو بێت، بواری سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی هەموان هەیە، بەپێچەوانەشەوە هەر زیانێك بەر هەرێم بکەوێت، هیچ کەس و لایەن و حزبێك سوودی لێ نابینێت.

سەبارەت بە تەوەری دووەمی پرسیارەکەشتان، ڕاستە ئەو ماوەیەی دیاری کراوە تا ڕاددەیەك فشاری لەسەرە، بەڵام خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن و ئامادەکارییەکان لەلایەن هەموانەوە بە حزبەکانیشەوە تا ڕاددەیەك ئامادەسازییان بۆ کراوەو، دەمێکە بڕیاریان لەسەر داوە و وا بۆ ساڵ و نیوێك دەچێت. بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە ئێمە جگە لەو بەروارە هیچ هەڵبژاردەیەکی دیکەمان لەبەردەستدا نییە، چونکە ئەمساڵ تەمەنی یاسایی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان تەواو دەبێت، واتە لەو بەروارە دەبێت هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و فریای پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانیشی بکەوین. ئێمە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە لەسازکردنی ئەم پەیوەندییەداین لەنێوان کۆمیسیۆن و لایەنە سیاسییەکان تاوەکو هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت و ئەو ڕۆڵە لە سەرۆکایەتی بگێڕین کە ئەو ئاسانکارییە بۆ ئەو بەیەکگەیشتنە بکات و تێبینی و بۆچوونەکانی لایەنەکانیش بخاتە بەردەم کۆمیسیۆن بۆ چارەسەرکردنیان.

*** سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و لایەنە نێودەوڵەتییەکان تاچەند پەیوەندی هەیە بۆ هاوکاریکردن و پشتیوانیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان؟ ئایا قۆناغەکانی سەرەتایی پرۆسەی هەڵبژاردن بە کرداریی دەستی پێکردووە؟**

- بەڵێ، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێم پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و (یونامی) هەیە، هەر خۆی پێشتر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی بە یاداشتنامەیەك داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو پشتیوانیی هەڵبژاردنەکان و چاودێری و هاوکاریی ئاسانکارییەکانی بکەن، ئەم یاداشتنامەیە بە فەرمیش گەیشتە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لە دیدارێکیشدا شاندی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی بۆ دیاریکردنی وادەی هەڵبژاردنەکان لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە. ماوەی کاری یونامی لە عێراق درێژ کراوەتەوە، لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هاتووە، یەکێك لە ئەرکەکانی پاڵپشتیکردن و سەرخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە و هەموان یارمەتی و پشتیوانییەکانیان بۆ سەرخستنی هەڵبژاردن و هەر هەماهەنگییەکی پێویستی دیکە کرد کە سەرۆکایەتیی هەرێم و کۆمیسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە پێویستیانە، هەموو هەوڵەکانی ئێمە بەو ئاراستەیەن کە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان سەربکەوێت و لێکتێگەیشتنی باش لەنێوان سەرجەم لایەنەکان هەبێت، لەم پێناوەشدا لەگەڵ چەندین لایەن لەسەر هێڵین، لەگەڵ

**ماوەی کاری یونامی لە عێراق درێژ کراوەتەوە، لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش هاتووە، یەکێک لە ئەرکەکانی پاڵپشتیکردن و سەرخستنی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە**

**قۆناغەکانی سەرەتایی خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێکردووە، کە بریتییە لە تۆمارکردنی حزب و لایەنە سیاسییەکان و هاوپەیمانییەکان**

**پێش ئازادکردنی عێراق، هەرێمی کوردستان خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆی بووە، هەر لە ئازادی و دیموکراتی و کۆمەڵێک یاسا و بڕیار کە پێش دامەزراندنی دادگای فیدراڵی و بونیادنانی عێراقی نوێ هەرێمی کوردستان هەیبووە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی گرفتەکان بووە و ڕێگا خۆش دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێک کە پێش هەموو شتێک جێگای قبووڵی خەڵکی هەرێمی کوردستان بێت**

كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان و نەتەوە یەكگرتووەكان و حزبە كوردستانییەكان و دامەزراوەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان. لە ئێستاشدا قۆناغەكانی سەرەتایی خۆئامادەكردن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێكردووە، كە بریتییە لە تۆماركردنی حزب و لایەنە سیاسییەكان و هاوپەیمانییەكان .

*** لە سەرەتای قسەكانت باسی بڕیاری دادگای فیدراڵیی عێراقت كرد. لە سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان نیگەرانییەكانتان سەبارەت بە پاشگەزبوونەوەی دامەزراوەكانی عێراق لە فیدراڵییەت و هاوبەشی و پێكەوەژیان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئێمە لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان ماوەیەكی زۆرە هەست دەكەین، جۆرێك پاشگەزبوونەوەی دامەزراوەكانی عێراقدا هەیە، لەسەر بەڕێوەبردنی وڵات و فیدراڵییەت و ئەو بناغە و ئەزموونانەی دیموكراتییەت و هاوبەشی و پێكەوەژیان كە لە دوای ئازادكردنی عێراق ئەم وڵاتەی لەسەر بونیاد نراوە، لە دەستووری عێراقیشدا لە ٢٠٠٥ دەنگی لەسەر دراوە و جێگیر كراوە. بەداخەوە دادگای فیدراڵی عێراق لە ئەرك و تایبەتمەندێتی خۆی لایداوە و دەستی بردووە بۆ بابەتی دەستووری و یاسایی كە ئەركی ئەو نییە، تەنانەت پێش ئازادكردنی عێراق، هەرێمی كوردستان خاوەنی تایبەتمەندێتی خۆی بووە، هەر لە ئازادی و دیموكراتی و كۆمەڵێك یاسا و بڕیار كە پێش دامەزراندنی دادگای فیدراڵی و بونیادنانی عێراقی نوێ هەرێمی كوردستان هەیبووە. ئەم بڕیارانەی دادگای فیدراڵی ناهەقی و مافخورانێكی زۆر گەورەیە دەرهەق بە خەڵكی كوردستان و پێكهاتەكان و سەرپێچیكردنە لەسەر تایبەتمەندییەكانی هەرێم كە بەپێی دەستوور جەسپێنراوە. هەرچی ئەو بڕیارانەی دادگای فیدراڵی هەیە كە ئێستا لەسەر هەرێمی كوردستان دەرچووە، بۆ هەرێمێكی فیدراڵی نابێت، ئەمە پێشێلكاریی ڕوون و ئاشكرایە لەسەر هەرێمی كوردستان، تەنانەت دادگای فیدراڵیی عێراق بڕیارەكانی بە شێوەیەكە بەدیلی هەموو دەسەڵاتەكانی تەشریعی و یاسایی و جێبەجێكردنە. ئەوەی بەلای ئێمەوە لە سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان زۆر گرنگە و لە ڕیزبەندی پێشەوەی كارەكانمان دێت، پارێزگاریكردنە لە قەوارەی دەستووری و یاسایی هەرێمی كوردستان كە بەرهەمی خوێنی شەهیدان و قوربانیدانی گەلی كوردستانە، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو تێبینییانەی كە هەیە، سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان بەردەوام ڕۆڵی لە كەمكردنەوەی گرفتەكان بووە و ڕێگا خۆش دەكات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێك كە پێش هەموو شتێك جێگای قبووڵی خەڵكی هەرێمی كوردستان بێت.

*** ئایا هەڕەشەكان ئەوەندە مەترسیدارن كە زیان بە پێگەی قەوارەی هەرێمی كوردستان بگەیەنێت؟ لەم حاڵەتەدا چارەنووسی ڕێككەوتنەكانی نێوان هەرێم و حكومەتی عێراق چی بەسەر دێت؟ ئێوە چۆن ڕووبەڕووی ئەم دژایەتی و هێرشانە دەبنەوە؟**

- كوردستان تەنیا هەرێمێكی فیدراڵی نییە بە دەستوور و یاسا دەسەڵات و مافەكانی دیاری كرابێت، یان لایەنێك بیەوێت ڕۆژێك لە ڕۆژان خەیمەیەك بەسەریدا بدات و دەنگی كپ بكات. هەرێمی كوردستان لەم قۆناغە دەرچووە و بەرهەمی خوێن و قوربانییەكی زۆر و مێژوویەكی پڕ لەئازاری گەلی كوردستانە بەهەموو پێكهاتەكانیەوە. ئێمە هەرێمێكی فیدراڵین لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی ئیتحادی، دەبێت دەسەڵاتەكانی ئیتحادی ڕۆڵی خۆیان لە پارێزگاریكردنی هەرێمەكە بگێڕن. بەداخەوە ئەو مامەڵە نادەستوورییەی لەگەڵ هەرێمدا دەكرێت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێككەوتنانەیە كە حكومەتی عێراقی لەسەر بونیاد نراوە، پێشێلكردنی ماف و دەستكەوتەكانی خەڵكی كوردستانە، هەر لە بودجە و مووچە و جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و...هتد. مامەڵەكردنێكی ناتەندروست و نادەستووری لەگەڵ كۆی پرسەكاندا دۆخەكە بەرەو چارەنووسێكی نادیار دەبات و وڵات بەم شێوەیە بەڕێوە ناچێت. كۆمەڵێك لەو بڕیارانەی لە دادگای فیدراڵی دەردەچێت و بەكۆی ئەوەی ئێستا ڕوو دەدات، ئێمە نەك تەنیا بە

**ئێمە هەرێمێكی فیدراڵین لە چوارچێوەی دەوڵەتێكی ئیتحادی، دەبێت دەسەڵاتەكانی ئیتحادی ڕۆڵی خۆیان لە پارێزگاریكردنی هەرێمەكە بگێڕن**

**ئەو مامەڵە نادەستوورییەی لەگەڵ هەرێمدا دەكرێت، بە پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێككەوتنانەیە كە حكومەتی عێراقی لەسەر بونیاد نراوە، پێشێلكردنی ماف و دەستكەوتەكانی خەڵكی كوردستانە**

**مامەڵەكردنێكی ناتەندروست و نادەستووری لەگەڵ كۆی پرسەكاندا دۆخەكە بەرەو چارەنووسێكی نادیار دەبات و وڵات بەم شێوەیە بەڕێوە ناچێت**

**لە ئێستادا هەندێک لایەنی سیاسی جۆرێک لە بیركردنەوەی توندی مەركەزیی وایان هەیە، پاشگەزبوونەوەیە لە دەستوور و بنەماكانی كە عێراقی نوێی لەسەر بونیاد نراوە**

هەڕەشەی دەبینین لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان، بەڵکو بە هەڕەشەی دەبینین لەسەر ئەو ڕێککەوتنانەی کە لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی پێکهێنانی بەڕێوەبردنی ئیدارەی دەوڵەت کراوە، کە بریتییە لە دەستوور و پەسەندکردنی فیدراڵییەت، لە ئێستادا هەندێك لایەنی سیاسی جۆرێك لە بیرکردنەوەی توندی مەرکەزیی وایان هەیە، پاشگەزبوونەوەیە لە دەستوور و بنەماکانی کە عێراقی نوێی لەسەر بونیاد نراوە. بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدیداری ڕۆژی شەهیدی عێراقدا کە پێش مانگێك لەمەوبەر سازدرا، بە ڕوونی هەموو ئەم مەترسی و نیگەرانییەی لە بەردەم ڕای گشتی عێراق و لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەکان خستەڕوو. ئێمە لەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەی هەمانە لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان و هاوپەیمانەکان و دۆستەکانمان هەموو ئەم نیگەرانییانەمان باس کردووە، بەوەی جۆرێك لە بیرکردنەوەی هەڵە هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو سەردەم و قۆناغە مەرکەزییە توندە و یەکترقبووڵنەکردنەی کە هەموان پێکەوە تێیدا زیانمەند بووین. هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بەهێزی لە نێوخۆی عێراق و وڵاتانی دەرەوە هەیە و لەوە دەرچووین کە ئێمە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بین لەسەر دراوسێ و وڵاتانی ناوچەکە. ڕۆڵمان لە بونیادنانی عێراقێکی نوێ هەبووە و لە پرۆسەی سیاسی و بەرگریکردن لە عێراق بەشدار بووین. سەنگەرە بەهێزەکانی پاراستنی عێراق لە شەڕی داعش پێشمەرگە بوون، بۆیە ئەو پەیوەندییەی هەیە پەیوەندیی باوەڕپێکراون، لەگەڵ هەموو ئەم هێرش و هەڕەشانەش، لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغە دەرچووە کە هەوڵی لاوازکردن و سڕینەوەی بدرێت. ئەمە لێسەندنەوە و پاشگەزبوونەوەیە لەو مادده دەستووری و ڕێککەوتنانەی کە حکومەتی لەسەر بونیاد نراوە. لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان وەکو نموونەیەکی دیموکراتی و پێکەوەژیان لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت و هاوپەیمانەکانمان سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت بپارێزرێت و ئەزموونەکەشمان پەرەی پێبدرێت.

دڵنیاشم بوونی هەرێمێکی سەقامگیر و خۆشگوزەرانی لای بەشێکی زۆری گەلی عێراق و شەقامی نێوخۆیی ئەم وڵاتە پەسەندە کە هیچ کێشەیەکی بۆ عێراق نییە و بگرە هاوکارو پاڵپشتییەکی بەهێزە بۆ تەکامولی ئابووری و سەقامگیریی وڵات. سەبارەت بەوەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە دەکات، سەرەتا گەڕانەوە بۆ دەستوور و جێبەجێکردنی مادده و بڕگەکانی دەستوور زۆربەی لایەنەکان لەسەری ڕێکن، لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنێك هەیە کە حکومەتی فیدراڵی لەسەری بونیاد نراوە و بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی تا ئێستا ئێمە ئەوەی لێ بەرجەستە دەکەین، کە هەوڵی بێوچانی خۆی دەدات، بەڵام ڕێگری و ئاستەنگ لەبەردەمیدا زۆرە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بارودۆخەکە لە بەغدا زەحمەتە. بۆ نموونە لە ئەنجومەنی وەزیران ڕێککەوتن لەسەر بودجە کراوە، کەچی لە پەرلەمان مامەڵەیەکی دیکەی ناتەندروست و نازانستی دەکرێت. ئێمە لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا لە بڕیارەکانی بەڕێز سەرۆك وەزیرانی عێراق نائومێد نین، تاکە ئومێدێکیش لەناو ئەم بەردەوامییە پەرەی پێ بدرێت و بووبێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی ئەو بەردەوامییە بەهێز بێت، ئەو ڕێککەوتنەیە کە حکومەتی عێراقی لەسەر بونیادنراوە. هەرێمی کوردستان هەر کاراکتەر و گەمەکارێکی کاریگەرە لە ناوچەکەدا و هەموو ئەو دیدارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی باڵا ئەنجامی دەدات، بەڵگەی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە بەوەی پێگەی بەهێزی هەرێمی کوردستان هەروا بە ئاسانی زیانی بەر ناکەوێت. هەر لەم ماوانەدا حزووری بەهێز و کاریگەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەردوو لوتکەی کۆنگرەی ئاسایشی میونشن لە ئەڵمانیا و میواندارێتی بەڕێزیان لە ئەنتاڵیا لە تورکیا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە پەیوەندییە سیاسی و دیپلۆماسی و ئابووری و کەلتورییەکانی گەلی کوردستان چەند کاریگەرن لە ئاستی عێراق و ناوچەکە و جیهان.

**هەرێمی کوردستان پەیوەندیی بەهێزی لە نێوخۆی عێراق و وڵاتانی دەرەوە هەیە و لەوە دەرچووین کە ئێمە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بین لەسەر دراوسێ و وڵاتانی ناوچەکە**

**لەگەڵ هەموو ئەم هێرش و هەڕەشانەش، لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان لەو قۆناغە دەرچووە کە هەوڵی لاوازکردن و سڕینەوەی بدرێت**

**هەرێمی کوردستان وەکو نموونەیەکی دیموکراتی و پێکەوەژیان لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەیر دەکرێت و هاوپەیمانەکانمان سوورن لەسەر ئەوەی دەبێت بپارێزرێت**

**هەموو ئەو دیدارانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی باڵا ئەنجامی دەدات، بەڵگەی ڕوون و حاشاهەڵنەگرە بەوەی پێگەی بەهێزی هەرێمی کوردستان هەروا بە ئاسانی زیانی بەر ناکەوێت**



## دکتۆر محەمەد شوکری

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# سەردانەکەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن ئاسۆکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کوردستان فراوانتر دەکات

# لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتی بە ٤٠٤ پڕۆژەی وەبەرهێنان بە سەرمایەی زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار داوە

**گرنگیی لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان لە دوبەی و دیدار و چاوپێکەوتنەکانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕاکێشانی گەورە کۆمپانیاکانی وەبەرهێنانی ئەمریکی و بیانی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئالنگارییەکان، تەوەرەی دیداری گۆڤاری گوڵان بوون لەگەڵ دکتۆر محەمەد شوکری سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە یاوەری شاندی باڵای حکومەت بوو لەگەڵ سەرۆکی حکومەت بۆ هەڵەبجە و هەر لەم دیدارەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر ڕاسپاردە و بەرنامەی سەرۆکی حکومەت سەرکەوتوو بووە لە بواری وەبەرهێنان، لەم ڕووەوە ئاماژەی بە ئاستی وەبەرهێنان کرد، کە لە تەمەنی کابینەکەدا تاکو سەرەتاکانی ئەمساڵ (٢٠٢٤) تەنیا لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەت بە ٤٠٤ پڕۆژەی وەبەرهێنان دراوە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار، واتە تێکڕای مۆڵەتدان تەنیا لە ماوەی ساڵێکدا لە سەرووی ١٠٠ مۆڵەت بووە، ئەمە وێڕای ئەوەی لە ئەمساڵدا چاوەڕوان دەکرێت چەندین شاندی گەورە کۆمپانیاکانی ئەمریکا و وڵاتانی بیانی سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن. هاوکات سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دوبەی و هەڵەبجە بە گرنگ وەسف کرد، بەو پێیەی لە هەڵەبجە جگە لە دانانی بەردی بناغەی چەند پڕۆژە و سەردانیکردنی بۆ مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە و چەند کارگەیەکی خۆماڵی، ڕەزامەندی بۆ سەرجەم داواکارییەکانی خەڵکی هەڵەبجە دەبڕی، کە لە یاداشتنامەیەکی نۆ خاڵیدا خۆی دەبینییەوە. خاڵێکی گرنگی ئەم یاداشتنامەیە تایبەتمەندیدان بوو بە کەرتی وەبەرهێنان و لێخۆشبوون و کۆمەڵێک ئیمتیاز بوو بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەی لە سەرانسەری هەرێمی کوردستانەوە لە پارێزگای هەڵەبجە وەبەرهێنان ئەنجام دەدەن. لێرەدا دەقی وەڵامەکانی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنەرانی کوردستان بڵاو دەکەینەوە.**

*** با سەرەتا لە لووتکەی جیهانی حکومەتەکانەوە دەست پێبکەین کە لە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان یاوەری مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوویت لەو لووتکەیەدا. ئایا لە پەراوێزی لووتکەکەدا تا چەند کار لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنان و سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنەکان کراوە؟**

- بانگهێشتکردن و بەشداریی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لووتکە و کۆڕبەندە جیهانییەکان، بۆ گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی بەرێزیان لەسەر گۆڕانکاری و پێشهاتە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە. تەنانەت ئەو ژمارە زۆرەی دیدار و چاوپێکەوتنەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ گەورە سەرۆك و بەرپرسان و کەسایەتییەکان و بەرپرسی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ بەهێزیی قەبارەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی بەڕێزیان، لە پەراوێزی لووتکەکانیش لەگەڵ چەندین سەرکردە و کەسایەتی کۆبوونەوە، سەرۆکی ئیمارات و سەرۆکی تورکیا کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم دوو وڵاتە




بانگهێشتکردن و بەشداریی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ لووتکە و کۆڕبەندە جیهانییەکان، بۆ گرنگیی پێگەی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی بەڕێزیان لەسەر گۆڕانکاری و پێشهاتە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە

ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان لەسەر ڕووداوەکان هەیە. لەم لووتکەیەشدا مەسەلەی بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و پلانە ستراتیژییەکانی وەبەرهێنان و ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی باسێکی گەرمی گفتوگۆکانی ناو لووتکەکە بوو. لە لووتکەکەدا گفتوگۆ لەسەر چەندین بابەتی پەیوەندیدار بە وەبەرهێنان کرا، تاوەکو گەورە وەبەرهێنەکانی جیهان بێن و وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن. ئێمە زۆر پێویستمان بە سەرمایە هەیە، تاوەکو ئابووری و ژێرخانی ئابووریی هەرێم بوژانەوەی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت و ئابوورییەکەمان بەهێز بێت. لە دوبەی لە لووتکەی جیهانیی حکومەتەکان سەرۆک وەزیران جەختی لەسەر ئالنگارییە سیاسی و ئابوورییەکان کردەوە، باسی لەو قەیرانانەش کرد کە هەرێمی کوردستان شانبەشانی وڵاتانی دیکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

*** سەردانەکەی سەرۆك وەزیران بۆ ئەمریکا و بابەتی وەبەرهێنان و بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان دەهێنێتە پێشەوە، ئایا وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟**

- کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە پێشەنگی کۆمپانیاکانی وڵاتانی بیانی دێن لە وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان. سەردانەکەی ئەم دواییەی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واشنتن، لە کاتێکی زۆر گونجاودا بوو، ئاسۆکانی وەبەرهێنانی کۆمپانیا ئەمریکییەکان فراوانتر دەکات. ئەمریکا دەخوازێت حکومەتێکی بەهێز لەڕووی ئابوورییەوە هەبێت و دڵنیایی هاوبەشیی بە سەرۆکی حکومەت درا. بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەلایەن ئەنتۆنی بلینکی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بۆ ئەو ستراتیژیەتە هاوبەشییە و پێگە جیۆپۆلیتیکی هەرێم دەگەڕێتەوە.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جیهانی دەرەوەی سەلماندووە، کە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە شایەنی وەبەرهێنانە، ئەمەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بووە. ئێمە بەردەوام لە نزیکەوە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە دەکەین. هەرچەندە زۆربەی جار کۆمپانیاکانی ئەمریکا لە بواری نەوت و گاز وەبەرهێنان دەکەن لە سنووری نزیکەی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار، لەگەڵ ئەمەشدا بە



دڵنیاییەوە لە دوای ئەم سەردانە ئاستی وەبەرهێنان و ژمارەی کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون دەکات، ژینگەی هەرێمی کوردستانیش لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکییەکان ژینگەیەکی لەبارە و هاندەرە بۆ هاتنی گەورە کۆمپانیاکانی ئەو وڵاتە و ئەنجامدانی وەبەرهێنان، بەتایبەتی دوای پێشوازییەکەی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە ژووری بازرگانیی ئەمریکا کە ژمارەیەکی زۆری بزنێسکاران و گەورە وەبەرهێنەران و خاوەن کارەکان ئامادەی بوون. هەر لەوێ سەرۆك وەزیران سوپاسی هەموو ئەو کۆمپانییانەی کرد کە وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، سەرۆك وەزیرانیش لە پەیامێکیدا ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان بە بەهێزی دەمێنێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی کۆشکی سپی پشتیوانی لە کوردستانی بەهێز و مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان دەکات، چاوەڕوان دەکرێت لە سەرجەم سێکتەرەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کە لە پلانی وەبەرهێناندایە گەشەی زیاتر بەم سێکتەرانە بدات و فرەچەشنیی ئابووری بڕەخسێنرێت. لە ئێستادا دوای هەوڵەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرجەم ئەم سێکتەرانە بووژانەوەی باشیان بە خۆیانەوە بینیوە. لەوێ سەرۆك وەزیران ئاماژەی بە دامەزراوەکانی وەبەرهێنان کرد، کە دەستەی وەبەرهێنان و یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەیە و بە هەزارەها دەرفەتی کارکردن هەیە، تەنانەت جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامادەیی کۆمپانیاکانی ئەمریکای بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەربڕی، ئەمەش بۆ ئێمە گرنگە، بەتایبەتی کە ئەم ژوورەی بازرگانی نوێنەرایەتی سێ ملیۆن کۆمپانیا دەکات و لە ساڵی ڕابردووش شاندێکی باڵایان سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و بەڵێنیان دا، لەگەڵ شاندی دیکە بگەڕێنەوە کوردستان، هەر لەوێ سەرۆك وەزیران بۆ گەورە بازرگان و بەرپرسانی گەورە کۆمپانیاکانی ژوورەکە وتی: «ئێمە ئینفێست کوردستانمان هەیە و دەستە و یاسای دۆستانەمان هەیە و وەبەرهێنەرە بیانییەکان بانگهێشت دەکەم، بێن و سەیری هەزاران دەرفەت بکەن کە لەوێ هەیە».

**سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جیهانی دەرەوەی سەلماندووە، کە هەرێمی کوردستان ناوچەیەکە شایەنی وەبەرهێنانە، ئەمەش لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش بووە**



**وەبەرهێنەرانی کوردستان لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەتوانن لە هەڵەبجە پرۆژە ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری، چونکە دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە هەڵەبجە تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە و ئاسانکاری و پاڵپشتیی باشی وەبەرهێنەران دەکرێت**

بە شێوەیەکی گشتی هاندانی هاتنی کۆمپانیا گەورە و مامناوەندەکانی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی وەبەرهێنان، دەبێتە هاندەرێك بۆ هاتنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کۆمپانیا بیانییەکان و واڵابوونی دەرفەتەکانی کارکردن و هاوبەشیکردنی کۆمپانیا نێوخۆییەکان لەگەڵیاندا، کە لە ئێستادا لە سەرووی ٣٥ هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و ٣٥٠٠ کۆمپانیای بیانین کە ١٧٥ یان بەریتانین و ژمارەیەکیشیان ئەمریکی و تورکی و ئێرانی و ئیماراتین. لەلایەکی دیکەوە فراوانکردنی ئاسۆکانی وەبەرهێنانی بیانی دەبێتە هۆی دابینکردنی دەرفەتی گەورەی هەلی کاریش بۆ گەنجەکانمان.

بە شێوەیەکی گشتی سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمریکا و بەشداریکردنی لە لووتکەی دوبەی و سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ میونشن وێڕای پاراستنی قەوارەی هەرێم و پاراستنی گەلەکەی، بۆ بووژانەوەی ئابووری و ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و بەهێزکردنی تەکامولی پەیوەندیی هاوبەشی ئابووری و دابینکردنی هەلی کار و گەشەکردنی ئابووریی کوردستان گرنگی زۆری هەیە. بەتایبەتی لەسەر ئاستی جۆراوجۆرکردنی ئابووری و بووژانەوەی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشتیاری، لە ڕووی پیشەسازیی نەوت و گازیشەوە گرنگە، بەتایبەتی کە کۆمپانیاکانی ئەمریکا وەبەرهێنانیان لەم سێکتەرەدا هەیە.

*** وێڕای ئالنگارییەکان و کێشە و گرفتە ئابووری و داراییەکان، بەڵام وا هەست دەکرێت، وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە. ئەم جووڵەی بازاڕ و بازرگانییە و وەبەرهێنانە بۆ چی دەگەڕێتەوە؟**

- کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر لە دەستپێکەوە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك ئالنگاری و کێشەی جیهانی و ئیقلیمی و نێوخۆیی بووەوە لەوانە، کۆرۆنا و قەیرانی داشکانی بەهای نەوت و وشکەساڵی و

بڕینی بودجە و لەم دواییانەشدا بە نادەستووری و نایاسایی ڕاگرتنی فرۆشتنی نەوت، تەنانەت هەنگاوەکانی چاکسازی و ڕاستکردنەوەی ئابووری سست بوون، لەگەڵ ئەمەشدا کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی گۆڕانکاریی گەورە لە پەیکەری وەبەرهێنان بکات و ژینگەی لەبار بۆ وەبەرهێنەران بخوڵقێنێت، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو پلانەی کە دایڕشتووە بۆ جۆراوجۆرکردنی وەبەرهێنان و بووژانەوەی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری. تاکو سەرەتاکانی ئەمساڵ (٢٠٢٤)، تەنیا لە ڕێگەی دەستەی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتمان بە ٤٠٤ پرۆژەی وەبەرهێنان داوە بە سەرمایەی زیاتر لە ١٧ ملیار دۆلار، واتە تێکرای مۆڵەتدان تەنیا لە ماوەی ساڵێکدا لە سەرووی ١٠٠ مۆڵەت بووە، لەمەشدا پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانیش پشکی ئەو مۆڵەتەی وەبەرهێنانیان وەرگرتووە و ڕەچاوی تایبەتمەندێتیی ئەوانیش کراوە، هەروەکو چۆن لە دواسەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پارێزگای هەڵەبجە بینیمان.

سەردانی شاندی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دیاربەکر و هەوڵەکانی دەستپێکردنەوەی گەشتی ئاسمانیی نێوان هەولێر و دیاربەکر و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاڵوێری بازرگانی بۆ سەرووی ١٤ ملیار دۆلار و هاتنی گەورە شاندی ئیسپانیا کە لە بواری وەبەرهێنان ئامادەییان دەربڕیوە، هەمووی ئاماژەی باشن بۆ گەشەی ئابوورییمان.

*** باسی پارێزگای هەڵەبجەت کرد. هەڵبەتە تەوەرەیەکی گرنگی ئەو سەردانە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و ئەنجامدانی ژمارەیەك پرۆژەی وەبەرهێنان بوو. دەکرێت لەم ڕووەوە بزانین تا چەند بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەخشینی وەبەرهێنەرەکان لە هەندێك مەرج و ڕسومات گرنگە بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان لەو پارێزگایەدا؟**

- گرنگیدان بە پارێزگای هەڵەبجە لە پلان و بەرنامەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بۆ ئەم مەبەستەش جگە لە دانانی بەردی بناغەی چەند پرۆژە و سەردانیکردنی بۆ مۆنیۆمێنتی هەڵەبجە و دانانی تاجە گوڵینە و دانانی بەردی بناغەی ڕێگا و پردی هەڵەبجە تووەقوتی- قلیچەی دانا، سەردانی زنجیرەیەك پرۆژەی کرد کە پرۆژەکانی کێڵگەی ئاژەڵداری و بەخێوکردنی بزن و پرۆژەی بەرهەمهێنانی شیری فریشە لە هەرێمی کوردستان و بەرهەمهێنانی زەیتی زەیتوون و کۆمەڵگەی خۆراکیی ڕۆنی ڕاسانە، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی و ئاسانکاری بۆ ئەمجۆرە پرۆژانە و دۆزینەوەی بازاڕ بۆیان دەکات، لەمەش گرنگتر ڕاستەوخۆ بڕیارەکانی کەوتە بواری کارکردنەوە. ئەوەی زۆر گرنگ بوو بۆ وەبەرهێنان لەم سەردانەیدا، پێشکەشکردنی کۆمەڵێك ئاسانکاری بوو کە جگە لە ڕەزامەندی لەسەر یاداشتنامە ٩ خاڵییەکە، ڕەزامەندی لەسەر پێشنیاری پارێزگار و وەبەرهێنەران کرد، بەوەی وەبەرهێنان لە هەڵەبجە تایبەتمەندێتی دراوەتێ لە وەرگرتنی کرێی خزمەتگوزاری و تەرخانکردنی زەوی و گوژمەی پرۆژەکانیش هێنراوەتە خوار ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمریکییەوە، بەمەش وەبەرهێنەرانی کوردستان لە تەواوی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەتوانن لە هەڵەبجە پرۆژە ئەنجام بدەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری، چونکە دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە هەڵەبجە تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە و ئاسانکاری و پاڵپشتی باشی وەبەرهێنەران دەکرێت.

ئەوەی بۆ ئێمەی دەستەی وەبەرهێنان گرنگە جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانەیە کە بۆ پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری گرنگن، چونکە پارێزگاکە ژینگەیەکی لەباری هەیە بۆ پەرەپێدانی ئەمجۆرە پرۆژانە، پرۆژەکانی هەڵەبجەش بەسەر کەرتەکانی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی وزە و گەشتوگوزاری و پیشەسازی دابەش بوون، بێگومان پرۆژەکانی دیکەی وەك ڕێگاوبان و پرد و خزمەتگوزاری و ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و خوێندنی باڵا و گواستنەوە و.. تادوایی، گرنگن بۆ بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری کە ڕۆڵی دەبێت لە ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و ئەنجامدانی پرۆژە وەبەرهێنەکان.

**بەدیجیتاڵکردنی حکومەت و پلانە ستراتیژییەکانی وەبەرهێنان و ئابووری و کشتوکاڵ و پیشەسازی باسێکی گەرمی گفتوگۆکانی ناو لووتکەکە بوو**

**جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئەمریکا بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئامادەیی کۆمپانیاکانی ئەمریکای بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەربڕی**

**لە سەرووی ٣٥ هەزار کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراون و ٣٥٠٠ کۆمپانیای بیانین کە ١٧٥ یان بەریتانین و ژمارەیەکیشیان ئەمریکی و تورکی و ئێرانی و ئیماراتین**

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی گۆڕانکاریی گەورە لە پەیکەری وەبەرهێنان بکات و ژینگەی لەبار بۆ وەبەرهێنەران بخوڵقێنێت**



**کلارا عودیشۆ**

**ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی پاڵپشت و داکۆکیکارێکی سەرسەختی ماف و بەرژەوەندییەکانی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانە بەبێ جیاوازی

# پێویستە سەرۆک کۆماری عێراق کە لە پشکی کوردە و پارێزەری دەستوورە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کورسیی کۆتاکان ڕابگرێت

**لە سایەی تێڕوانینی جەنابی سەرۆك بارزانی و عەقیدەی بارزانەوە، لە یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستانەوە لە ساڵی ١٩٩٢، نەتەوە و پێکهاتەکان بە کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بەشدار بوون، پاشان لەلایەن چەند حزب و لایەنێکەوە بەو شێوەیە سەیری کورسیی کۆتاکان دەکرا، کە نزیکن لە لایەنێکی ناو پەرلەمان، هەر بۆیە یەکێتی ە سکاڵایەکی لە دادگای فیدراڵی لەسەر کورسیی کۆتاکان تۆمار کرد، لە پاشان دادگای فیدراڵی کورسیی کۆتاکانی هەڵوەشاندەوە. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە و چەند بابەتێکی دیکە، گۆڤاری گولان دیدارێکی لەگەڵ خاتوو کلارا عودیشۆ ئەندامی ئەنجومەنی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری ئەنجام دا .**

*** بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئایا ئێوە وەك نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگاکە دەکەن؟**

- لابردنی کورسیی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان بڕیارێکی نایاسایی و نابەجێ و نەگونجاوە لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتی و ئازادی، ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی و هەر بڕیارێکی دیکەش کە لە دژی قەوارە و سیاسەت و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان بێت، چاوەڕوانکراو بووە، لە لایەکی دیکەوە ئەو دادگایە خۆی نادەستوورییە، هەر بۆیە دەبینین بڕیارەکانی بەتایبەتی لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە بڕیاری نایاسایی و نادەستوورین، ئەو بڕیارەی کە کورسیی کۆتاکانی پێ هەڵوەشاندووەتەوە، کاریگەری و مەترسی لەسەر پێکەوەژیانی نێوان نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان دروست دەکات، بەڵام ئێمە وەکو پێکهاتەکان نارەزایی خۆمان بەردەوام بە شێوەیەکی مەدەنی و ئاشتییانە لە دژی بڕیارەکە دەردەبڕین و داواکارین بڕیارەکە ڕابگیرێت، چونکە سیستمی پەرلەمان و ژیان و گوزەران لە هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازە لەگەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچەکە، کە لە ئێستادا و لە پێشتریش کوردستان لانکەی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بووە و قبووڵی ئەو جۆرە بڕیارە تاکڕەوانانە ناکات. ئێمە وەکو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان لەوە ناترسین کە ماف و بەرژەوەندییەکانمان لێ زەوت بکرێت، بەپێچەوانەوە ئێمە وای دەبینین لە سایەی

جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی هەموو كات و سەردەمێك ماف و بەرژەوەندییەكانمان دەستەبەر دەبن، زۆریش ئاسوودەین و دڵنیاین، جەنابیان كە داكۆكیكارێكی سەرسەختی مافی هەموو پێهكاتەكانە لە هەرێمی كوردستان و عێراقیش، بۆیە قەت ناهێڵێت ئێمە وەكو پێكهاتەكان لە بنەما دیموكراسییەكان بێبەش ببین. لەلایەكی دیكەوە پێویستە ئاماژە بەوەش بكەین، ئەگەر نوێنەر و كورسیی پێكهاتەكانی كلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و توركمان لە پەرلەمانی كوردستان نەبن، پەرلەمان نابێتە پەرلەمانی كوردستان، بەڵكو دەبێتە پەرلەمانێكی كوردی بەتەنیا، ئەمەش دژی هەڵویست و ڕێبازی بارزانیی باوك و جەنابی سەرۆك بارزانییە، سەرۆك بارزانی كە مەرجەع و كاریزمای گەلی كوردستانە بە هیچ شێوەیەك بەو ڕەنگ و دەنگە دڵخۆش نابێت كە پەرلەمانی كوردستان نوێنەری پێكهاتەكانی تێدا نەبێت. پێكەوەژیان لە عەقیدە و بیر و هزری پیرۆزی بارزانیی نەمردا هاتووە و هەرێمی كوردستان بێ پێكەوەژیان نابێت، بەڵكو هەموو كات پێكەوەژیانی گەشاوەتر دەبێت و هەر چقڵی چاوی دوژمنان دەبێت.

*** ئەم بڕیارە لەسەر تانە، یان سكاڵایەكی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان دراوە لە دژی پێكهاتەكان، ئایا نەمانی كورسیی پێكهاتەكان چ سوودێك بە یەكێتیی نیشتمانیی و حزبەكانی دیكە دەگەیەنێت؟**

- ئەم بڕیارە هیچ سوودێك بە هیچ لایەنێك ناگەیەنێت لە هەرێمی كوردستان، بەڵكو بۆ هەموو پێكهاتە و هەموو لایەن و حزبەكانی هەرێمی كوردستان زیانێكی گەورەیە، چونكە بە دستێكی دەرەكی و بە بڕیارێكی نادەستووری و ناواقیعی بەشێك لە كۆمەڵگە و گەلی كوردستان لە نوێنەرایەتی و ماف و بەرژەوەندییەكانیان بێبەش دەبن، لەلایەكی دیكەوە كورسیی كۆتا لە هەرێمی كوردستان وەكو هەموو لایەن و پێكهاتەكانی دیكەی كوردستان كاریان بۆ بەرژەوەندی و سەركەوتنی هەرێم و حكومەتەكەی كردووە. ئەو پێكەوەژیانە وای كردووە كە دیپلۆماسییەتی هەرێمی كوردستان بەو جۆرەی هەیە دیار و بەهێز و پتەو بێت، كە هەموو وڵاتانی دنیا سەردانی دەكەن و لەسەر ئاستی بەرزیش پێشوازی لە نوێنەرەكانی و سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە كایەكانی وڵاتانی دنیا دەكرێت و، دەبینین ئەو پێكەوەژیانە وای كردووە، ڕا و سەرنجی جوان و كاریگەر لەسەر گەشەكردنی بنەماكانی دیموكراتی لە هەرێمی كوردستان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت، لە ماوەی ڕابردوودا دیتمان ڕێزداران (چ سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان چ سەرۆكی هەرێمی كوردستان) لە چەندین كۆنگرە و پانێڵدا بەشداریی دیار و ڕاستەوخۆیان كرد، هەر بۆیەش ئەو بڕیارە بۆ لاوازكردنی هەموو هەرێمی كوردستانە بە خودی یەكێتیشەوە و كەمبوونەوەی ڕۆڵی پێكهاتەكانە كە ئەو (١١)كورسییە نوێنەرایەتیی دەكردن، ئەوە دەبێتە هۆكار و كێشە و گرفت لە بەردەم پێكەوەژیانەكەی كوردستان و كاریگەریی لەسەر لاوازبوونی قەوارەی هەرێمی كوردستانیش دروست دەكات و، مەرام و پیلانی ئەو جۆرە بڕیارانەش لەلایەن عێراقەوە، هەر بۆ ئەو مەبەستە سەرەكی و گرنگانەیە.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەن كە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاونەتەوە و ڕەتی دەكەنەوە؟**

- هەڵویستی جەنابی سەرۆك بارزانی لەو بارەوە زۆر قارەمانانە و بوێرانە بووە و، هەڵویستەكەی هەر ئەوە بوو، كە ئێمە بیرمان لێ دەكردەوە. هەموو كاتێك جەنابی سەرۆك بارزانی هەڵویست و كارەكانی لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندییەكانی پێكهاتەكاندا بووە، بەو هەڵوێستانەش جەنابیان و پارتی دیموكراتی كوردستان ئەزموونی هەرێمی كوردستانیان جوان كردووە. ئێمە دەزانین دەستكاریكردنی بەشداریی ئێمە لە هەرێمی كوردستان بۆ گەیشتن بە مافەكانمان لە هەرێمی كوردستان لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانییەوە هێڵی سوورە، لەو كاتەی ئەو بڕیارە دەرچووە، جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئێمە لە گفتوگۆدا بووە و بەڵێنی پێداوین كە كوردستان بۆ هەموومانە و بە هەموومانەوە جوانە و بەڕێوەدەچێت و دەبێت هەموومان بە مافی خۆمان بگەین، بۆیە ئەو

**ئەو بڕیارەی دادگای فیدڕاڵی و هەر بڕیارێكی دیكەش كە لە دژی قەوارە و سیاسەت و بارودۆخی كۆمەڵایەتیی هەرێمی كوردستان بێت، چاوەڕوانكراو بووە**

**لە سایەی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەموو کات و سەردەمێک ماف و بەرژەوەندییەکانمان دەستەبەر دەبن**

**ئەگەر نوێنەر و کورسیی پێکهاتەکانی کلد و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و تورکمان لە پەرلەمانی کوردستان نەبن، پەرلەمان نابێتە پەرلەمانی کوردستان، بەڵکو دەبێتە پەرلەمانێکی کوردی بەتەنیا**

**پێکەوەژیان لە عەقیدە و بیر و هزری پیرۆزی بارزانیی نەمردا هاتووە و هەرێمی کوردستان بێ پێکەوەژیان نابێت، بەڵکو هەموو کات پێکەوەژیانی گەشاوەتر دەبێت و هەر چقڵی چاوی دوژمنان دەبێت**

بڕیارە هیچ ترسێك بۆ پێكهاتەكان دروست ناكات لە بەشداربوونمان لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، چونكە پشتئەستوورین بە جەنابی سەرۆك بارزانی.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە كە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی دادگا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیركردنی ماددەكانی دەستوور؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی كورسیی كۆتاكان لە پەرلەمانی كوردستان، جگە لەوەی نایاسایی و نادەستووری و سیاسییە، ئەو جۆرە بڕیارانە لە دەسەڵاتی دادگای فیدراڵی نییە، بەڵكو پەرلەمانی كوردستان وەكو دەزگایەكی تەشریعی دەتوانێت یاساكە هەموار بكاتەوە، یان دەستكاری بكات، بەڵام دادگای فیدراڵی لە جێگەی دەزگای تەشریعی بڕیارێكی زۆر مەترسیداری لەسەر هەرێمی كوردستان دەركرد، بە دەست لەپشتدانی لایەنی دیكەی عێراقی و كوردستانی وەكو یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان، بە پیلانی وڵاتانی هەرێمایەتی بۆ ئەوەی لەلایەك قەوارەی هەرێم لاواز بكەن و كێشەی بۆ بدۆزنەوە، لەلایەكی دیكەوە ناحەزان دەیانەوێت ئەو پێكەوەژیان و هێمنی و سەقامگیرییەی هەیە كێشە و گرفت و كۆسپی بۆ بنێننەوە و ململانێ سیاسییەكان لە هەرێم زیاتر و گەورەتر ببێت، نەك تەنیا لە نێوان حزب و لایەنەكان، بەڵكو بگاتە نێوان پێكهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاكانیش، ئەگەرچی ئێمە دڵنیایی دەدەین كە هەر پشتگیریی پێكەوەژیان دەكەین و هەرێمی كوردستان وڵاتی خۆمانە و باوەڕ ناكەین سەركردایەتیی سیاسی وەكو جەنابی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموكراتی كوردستان، بە بێ ئێمە و بە بێ هاوبەشیكردنی پێكهاتەكان ئیدارەی هەرێمی كوردستان بدەن.

*** ئەگەر لە ڕەهەندە سیاسییەكەوە سەیری بكەین، ئایا دادگای فیدراڵی مەبەستی سیاسیی لەم بڕیارە چییە؟**

- مەبەستی سیاسی لەم بڕیارە، یەكەم: بۆ تێكدانی ئەو پێكەوەژیانەیە كە بە شێوەیەكی جوان گەشەی كردووە و بووەتە جێگەی تێڕامانی وڵاتانی پێشكەوتوو و، سەرنجی فاتیكان و قەداسەتی پاپاشی بۆخۆی ڕاكێشاوە.

دووەم: بڕیارەكە بۆ ئەوەیە كە پێكهاتەكان بەگشتی و كریستیانەكان بەتایبەتی متمانەیان بە پێكەوەژیانی هەرێمیش نەمێنێت و وەك ئەوەی لە عێراق ڕووی دا، بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان و بۆ وڵاتانی ئەورووپا و ڕۆژئاوا كۆچ بكەن.

سێیەم: بڕیارەكە بۆ لاوازكردنی قەوارەی هەرێمی كوردستانە، چونكە نەمانی كورسیی كۆتا دەبێتە هۆكارێك كە پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان خۆیان بە هاوبەش لە حكومەت و دامودەزگاكانی دیكە نەبینن و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش متمانە و دڵنیاییان كەم ببێتەوە، كە ئەمەش كاریگەری لەسەر تێكچوونی بارودۆخی پێكەوەژیان لە هەرێمی كوردستان دروست دەبێت.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنە بەر كە كاریگەرییەكی هەبێت و دادگا بە بڕیارەكەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- لەگەڵ دەرچوونی بڕیارەكەدا ئێمە وەكو هەموو پێكهاتەكان و خاوەن كورسیی كۆتا، هەڵویستی خۆمان لە دژی بڕیارەكەی داداگاكە دەربڕیوە و چەندین كۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ لایەن و كۆنسوڵخانەی وڵاتان و ڕێكخراوەكانی بیانی و نێودەوڵەتی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام داوە، هەروەها لەگەڵ دەرچوونی ئەو بڕیارە كۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ پارتی دیموكراتی كوردستان و پێكهاتەكان ئەنجام داوە و، لە نزیكەوە جەنابی سەرۆك بارزانیمان بینی، وەك هەمیشە پشتگیریی ئێمەی كرد و هەڵویستی بوێر و جوامێرانەی خۆی بۆ پاراستنی مافەكانمان لە هەرێمی كوردستان دەربڕی، لێرەشدا داواكارین لە سەرۆك كۆماری عێراق كە لە پشكی كوردە، وەكو پارێزەری دەستوور لە دژی ئەو بڕیارە بێتە وەڵام و بڕیارەكە ڕابگرێت، چونكە سەرۆك كۆمار پارێزەری دەستوورە، ئەگەر ئەو كارە نەكات، ئەوە بۆ مێژوو دەبێتە پەڵەیەكی ڕەش بە نێوچەوانی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانەوە.

**لەو كاتەی ئەو بڕیارە دەرچووە، جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ ئێمە لە گفتوگۆدا بووە و بەڵێنی پێداوین كە كوردستان بۆ هەموومانە و بە هەموومانەوە جوانە و بەڕێوەدەچێت**

**دەیانەوێت ئەو پێكەوەژیان و هێمنی و سەقامگیرییەی هەیە كێشە و گرفت و كۆسپی بۆ بنێنەوە و ململانێ سیاسییەكان لە هەرێم زیاتر و گەورەتر بن**

**بڕیارەكە بۆ ئەوەیە كە پێكهاتەكان بەگشتی و كریستیانەكان بەتایبەتی متمانەیان بە پێكەوەژیانی هەرێمیش نەمێنێت و وەك ئەوەی لە عێراق ڕووی دا، بۆ دەرەوەی هەرێمی كوردستان و بۆ وڵاتانی ئەورووپی و ڕۆژئاوا كۆچ بكەن**

**هەڵویستی خۆمان لە دژی بڕیارەكەی داداگاكە دەربڕیوە و چەندین كۆبوونەوە و گفتوگۆمان لەگەڵ لایەن و كۆنسوڵییەی وڵاتان و ڕێكخراوەكانی بیانی و نێودەوڵەتی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام داوە**




**ئایدن مەعروف**

**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# بڕیارەی دادگای فیدراڵی پێش ئەوەی دژی پێکهاتەکان بێت، دژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە

# ئێمە و کوردستان خاوەن خەمخۆر و سەرکردە و کەسایەتییەکی کاریزمای سیاسیی گەورەین کە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانییە

هەرێمی کوردستان لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژاردنی ئەنجام دا، تێیدا پێکهاتەکان بە کورسیی کۆتا بەشدار بوون، سەرەتا تەنیا بۆ کریستیانەکان بوو، پاشان یاساکە هەموار کرایەوە و کۆتا بۆ تورکمان و ئەرمەنی زیاد کرا، دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە، کەچی لەلایەن فراکسیۆنی یەکێتییەوە لە دادگای فیدراڵی سکاڵایەك لەسەر کورسیی کۆتاکان تۆمار کرا، دەرئەنجام دادگای فیدراڵی کورسیی پێکهاتەکانی لە هەرێم هەڵوەشاندەوە. بۆ تاوتوێکردنی ئەو پرسە و چەندین پرسی دیکە، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئایدن مەعروف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی کوردستان ئەنجام دا.

* بڕیاری دادگای فیدراڵی بە لابردنی کورسیی کۆتاکان هەنگاوێکی ترسناکە بۆ تێکدانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان، ئایا ئێوە چۆن سەیری ئەم بڕیارەی دادگاکە دەکەن؟

- بڕیارەکەی دادگا سیاسی و نایاساییە و غەدرێکی گەورەیە دەرهەق بە پێکهاتەکان و لە مێژووی گەلی کوردستاندا شتێکی نامۆ و زۆر خراپە، کاریگەریی زۆری لەسەر ئەو پێکەوەژیانە جوان و سەرکەوتووە هەیە کە لە هەرێمی کوردستان بەرجەستە بووە. سیاسەتی بەغدا بەتایبەتی دادگای فیدراڵی و هەندێ لایەنی سیاسیی عێراقی و کوردستان، دەیانەوێت ئەو ڕەوشە سیاسی و پێکەوەژیانەی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە لاوازی بکەن و تێکی بدەن. لە عێراق سیستمی کۆتا هەیە، بۆچی لە هەرێمی کوردستان هەڵیدەوەشێننەوە؟ مەبەست لە نەهێشتنی ئەو کورسییانە چییە کە هەق و بەشداری و هاوبەشیی پێکهاتەکانە لە پەرلەمان و حکومەت و دامودەزگاکانی ئیدارەدانی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەمانە مەبەست لێی دەستتێوەردانە لە کاروباری کۆتا و هەرێمی کوردستان .

* ئەم بڕیارە لەسەر تانەیەك، یان سکاڵایەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دراوە لە دژی پێکهاتەکان، ئایا نەمانی کورسیی پێکهاتەکان چ سوودێك بە یەکێتی و حزبەکانی دیکە دەگەیەنێت؟

- هەڵوەشاندنەوەی کورسیی کۆتاکان هیچ سوودێکی بۆ هیچ لایەنێك نییە بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیشەوە کە خاوەنی تانە و شکایەتەکەیە، چونکە هەڵوەشاندنەوەی کورسیی کۆتا، یان دەستکاریکردنی کۆتا سوود و بەرژەوەندیی بە هیچ لایەن و کەسێك ناگەیەنێت، بەداخەوە هەندێ لایەن لە کوردستان نەمانی کورسی کۆتاکان بە دەستکەوت دەزانن، ئەمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە و هەر زوو پەشیمان دەبنەوە، چونکە خەڵکی کوردستان هەموو کاتێك لەگەڵ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و لێبوردەیی بووە. جەنابی مام جەلال خوا لێی خۆش بێت، یەکێکە لەو سەرکردە و کەسایەتییانەی کوردستان کە باوەڕی بەو پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان هەبوو و، خۆی لە خولی یەکەمی پەرلەماندا کە هەڵبژاردنی بۆ کرا، ئیمزای لەسەر کورسیی کۆتاکان کرد، کەچی

**دادگای فیدراڵی و هەندێ لایەنی سیاسیی عێراقی و کوردستان، دەیانەوێت ئەو ڕەوشە سیاسی و پێکەوەژیانەی لە نێوان پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە لاوازی بکەن و تێکی بدەن**

**لە عێراق سیستمی کۆتا هەیە، بۆچی لە هەرێمی کوردستان هەڵیدەوەشێننەوە؟**

**هەڵوەشاندنەوەی کورسیی کۆتاکان هیچ سوودێکی بۆ هیچ لایەنێک نییە بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیشەوە کە خاوەنی تانە و شکایەتەکەیە**

**جەنابی مام جەلال خوا لێی خۆش بێت، یەکێکە لەو سەرکردە و کەسایەتییانەی کوردستان کە باوەڕی بەو پێکەوەژیانە لە هەرێمی کوردستان هەبوو**

**مام جەلال لە خولی یەکەمی پەرلەماندا کە هەڵبژاردنی بۆ کرا، ئیمزای لەسەر کورسیی کۆتاکان کرد، کەچی پاش خۆی حزبەکەی لە دادگای فیدراڵی تانە و شکایەتیان لەسەر کورسیی کۆتا و پێکهاتەکان تۆمار کرد**

**پێویستە یەکێتی هەوڵ بدات و کار لە پێناو بیروبۆچوونەکانی مام جەلالدا بکەن، نەک پێچەوانەی خواستەکانی بجووڵێننەوە**

**چ لایەن و حزبێک زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بکات، پێکهاتەکان لە پەرلەمان و لە حکومەتیش لەگەڵ ئەو لایەن و حزبە هاوپەیمانی دەبەستن**

پاش خۆی حزبەکەی لە دادگای فیدراڵی تانە و شکایەتیان لەسەر کورسیی کۆتا و پێکهاتەکان تۆمار کرد، سەرئەنجام کورسیی کۆتاکانیان هەڵوشاندەوە لە پەرلەمانی کوردستاندا. ئەمەش کاریگەریی زۆر گەورە و مەترسیداری لەسەر پێکەوەژیانی هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە پێویستە یەکێتی هەوڵ بدات و کار لە پێناو بیروبۆچوونەکانی مام جەلالدا بکەن، نەك پێچەوانەی خواستەکانی بجووڵێنەوە.

*** باشە بۆچی ئەو حزبانە دژی کۆتای پێکهاتەکانن لە پەرلەمانی کوردستاندا؟**

- ئەو ١١ کورسییەی کۆتا لە پەرلەمانی کوردستان نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانیان دەکرد، ئەو کورسییانە تەنیا بە خۆیان دەزانن هەق و بەرژەوەندییان لە کامە شوێن و جومگەدایە و هاوپەیمانی لەگەڵ کام لایەن و فراکسیۆن دەکەن، بێگومان چ لایەن و حزبێك زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی ماف و بەرژەوەندیی پێکهاتەکان بکات، پێکهاتەکان لە پەرلەمان و لە حکومەتیش لەگەڵ ئەو لایەن و حزبە هاوپەیمانی دەبەستن، بەڵام ئەوە هەڵەیە کە لە هەندێ میدیا و لایەن دەبیستین کە گوایە کۆتاکان لەگەڵ لایەنێك نزیکن و بیروبۆچوونیان و دەنگی کۆتاکان لەگەڵ ئەو لایەنەیە، ئەوە هەڵەیەکی زۆر گەورە و بێ مانایە، چونکە لەسەر بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی مافەکانمان وەك پێکهاتەکان هاوپەیمانیمان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان هەبووە بۆ پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، هەر وەك چۆن بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتیش بۆ پێکهێنانی حکومەت هاوپەیمانیان هەبووە، لەلایەکی دیکەوە ناکرێت ئێمە لە حکومەت بەشداربین و لە ناو پەرلەمانیش ئۆپۆزیسیۆن بین، بەڵکو ئێمە وەکو هەموو پێکهاتەکانی تورکمان و کلدو ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی پابەندین بە بنەماکانی ئەو هاوپەیمانییەی بەستوومانە بۆ پێکهێنانی حکومەتی کوردستان، بەڵام ئەگەر تەماشای کورسیی کۆتا بکەین لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوا دەبینین هیچ پێکهاتەیەك ڕازی نییە بەو نوێنەرایەتییەی دەکرێت، چونکە کورسیی کۆتاکان لەوێ ئازاد نین و بە کاری تەواوی خۆیان و پێکهاتەکان هەڵناسن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستتێوەردانی سیاسی و لایەنی دیکە لە کاروباری کۆتاکانی عێراقدا، ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەو نوێنەرایەتی و کورسییەی کۆتاکانە کە لە پەرلەمانی کوردستان هەیە، کە کورسیی کۆتاکان تاك تاك و بە هەر(١)کورسیش ئازادن لە بیروباوەڕ و گفتوگۆکانیان و، لەو شوێن و مادده و بڕیارانەی لە بەرژەوەندیی پێکهاتەکان نەبێت، گفتوگۆ و ڕای جیاوازیان هەیە، هەر بۆیە پەرلەمانی کوردستان بەگشتی و لە بارەی پێهکاتەکان بە سیستمێکی تۆکمەی دیموکراتی و ئازادانە هەڵسوکەوتی کردووە و، ئێمە زۆر سەرکەوتوو بووین لە بەشداربوون لەو هاوپەیمانییەی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناو پەرلەمان و حکومەتدا بەستوومانە، هەر ئەمەشە وای کردووە کە پێکەوەژیانێکی زۆر جوان و سەرکەوتوو و گەش لە هەرێمی کوردستان ڕەنگ بداتەوە.

*** چۆن سەیری هەڵوێستی سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن کە زۆر بە جددی دژی ئەم بڕیارە ڕاوەستاونەتەوە و ڕەتی دەکەنەوە؟**

- بۆ مێژوو دەیڵێم، بەڕێز کاك مسعود بارزانی کەسایەتییەکی زۆر گرنگ و کاریزمایە و بە مانا قائیدە، لەو ماوەی ڕابردوو کە بڕیارەکەی داداگای فیدراڵی لەسەر کورسیی کۆتاکان دەرچوو، جەنابی کاك مسعود تازیەی هەبوو، ئێمە لە ڕۆژی دووەمی تازیەکەدا بۆ سەرەخۆشی لە جەنابیان بەشداری تازییەکەمان کرد، لەو کات و ساتەدا جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی تازیەکەی بەجێهێشت و هات لەگەڵ ئێمە وەك پێکهاتەکان کۆبوونەوەی کرد، ئەمە مانای گرنگیدانە بە مرۆڤ و گرنگیدانە بە پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان لە هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێت بزانین ئەمە شتێکی جیاوازە کە لە کاتی تازیە و خەمباری و لەدەستدانی ئازیز و خۆشەویستێکتدا لەگەڵ نوێنەری پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بکەیت، ئەمە هەڵویستێکی زۆر مرۆڤانە و خەمخۆری و قیادییە، جەنابی کاك مسعود بارزانی ڕەمزی پێکەوەژیانی نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانە لە عێراق و هەرێمی

کوردستان و هیوا و ئومێدی ئێمەیە، لە پێشتر و لە ئێستا و لە داهاتووشدا هەر خێر و ئاسوودەیی و پشتگیریی پتەو و بەهێز لە جەنابیان چاوەڕوان دەکرێت.

*** زۆر لە یاساناسان تەفسیریان بۆ ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی بەو شێوەیە کە بڕیاری لەو شێوەیە لە دەسەڵاتی دادگا نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە دادگای فیدراڵی خۆی خستووەتە جێگەی دەستوور، نەك تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور؟**

- ئەم بڕیارەی دادگای فیدراڵی دژی یاسا و دەستووری هەمیشەیی عێراقە و دەستتێوەردانێکی سیاسییە، چونکە دادگای فیدراڵی کاری دانان و هەموارکردنەوەی یاسا و ماددەی تەشریعی نییە، ئەمە لە دەسەڵاتی پەرلەمانی کوردستاندایە کە یاساکە هەموار بکاتەوە، یان هەر دەستکارییەکی بکات، لەلایەکی دیکەوە دادگای فیدراڵی تا ئاستێك دەتوانێت تەفسیر بۆ ماددەکانی دەستوور بکات، ئەویش نەك ئەو یاسا و ماددانە کە پەیوەندی بە چەندین نەتەوە و پێکهاتەوە هەبێت لە هەرێمی کوردستاندا، هەر بۆیە ئێمە دژی ئەو بڕیارەین و پشتئەستوورین بە جەنابی سەرۆك بارزانی کە دەتوانین لەو هەرێمەدا مومارەسەی تەواوی ژیان و ماف و بەرژەوەندییەکانمان بکەین.

*** ئەگەر لە ڕەهەندە سیاسییەکەوە سەیری بکەین، ئایا دادگای فیدراڵی مەبەستی لەم بڕیارە چییە؟**

- ئەم بڕیارە بڕیارێکی سیاسیی ناماقووڵە و پێش ئەوەی کۆتاکان بە ئامانج بگیرێت، قەوارەی هەرێمی کوردستان بە ئامانج گیراوە، ئەوان دەیانەوێت بە نەمانی کورسیی کۆتاکان کێشە و گرفت و کەلێن لە نێوان ئەو پێکەوەژیانە ئاشتییانە و لێبووردەییەی هەرێمی کوردستاندا دروست بکەن، تا بەمەش قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز ببێت، لەو بڕیارەدا بۆمان دەردەکەوێت کە عێراق و ئەو دادگای فیدراڵییە کە دەستی سیاسیی لە پشتە، بۆ ئەوەیە کە پڕۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدرێت و کێشە و ململانێی نێوان لایەنە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان زیاتر و گەورەتر بکات.

*** ئایا بەنیازن ڕێوشوێنێك بگرنەبەر کە کاریگەرییەکی هەبێت و دادگا بە بڕیارەکەی خۆیدا بچێتەوە؟**

- ئەو بڕیارەی دادگای فیدراڵی داویەتی یەکجارەکی و کۆتاییە و تانە قبووڵ ناکات، بەڵام ئێمە کارمان کردووە و هەوڵ دەدەین بە شێوەی سیاسی ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، و لە ڕێگەی گفتوگۆ و چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ کونسوولگەری و ڕێکخراوە مەدەنی و نێودەوڵەتییەکان هەوڵی ڕاگرتنی ئەو بڕیارەمان داوە و داوامان کردووە، ئەو غەدرەی لەو بڕیارەدا لە پێکهاتەکانی کوردستان کراوە، ڕابگیرێت، یان چارەسەرێکی یاسایی بۆ بدۆزرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەکو تورکمان نەتەوەی دووەمی هەرێمی کوردستانین، ناکرێت بەو جۆرە مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت کە لە دەرەوەی ئیرادەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دادگایەکی عێراقی بڕیار لەسەر ئێمە بدات، وەك تورکمان لە هەولێر بە یەك لیست بەشداریی هەڵبژاردن دەکەین و دەمانەوێت پڕۆسەی هەڵبژاردن کە پڕۆسەیەکی دیموکراتییە سەرکەوتوو بێت لە هەرێمی کوردستاندا، بەبێ نوێنەرایەتی پێکهاتەکان پەرلەمانی کوردستان کەموکووڕیی تێدا بەدی دەکرێت.

**ئێمە وەکو تورکمان نەتەوەی دووەمی هەرێمی کوردستانین، ناکرێت بەو جۆرە مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت کە لە دەرەوەی ئیرادەی سیاسیی هەرێمی کوردستان دادگایەکی عێراقی بڕیار لەسەر ئێمە بدات**



دکتۆر شێخ تەها ئەحمەد ئەلزەیدی
ئەندامی کۆڕبەندی فیقهی عێراق بۆ گولان:

# ڕێبازی ئیسلام لە کۆمەڵگە فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکاندا لەسەر بنەمای شانازیکردنی موسڵمان بە ناسنامەکەیەوە دامەزراوە

## موسڵمانی کورد وەک هەموو موسڵمانان، خوێن و شەرەف و سامانەکەی پارێزراوە

## ئیسلام خۆشەویستیی نیشتمان و شانازیکردن و پەیوەستبوون بە نەتەوەوە قەدەغە ناکات



**ڕۆڵی کورد لە بونیادنانی شارستانیی ئیسلامی و خۆشەویستی بۆ ئایین و نیشتمانەکەی و ئەو لێبووردەیی و پێکەوەژیانەی لە نێوان ئایین و ئایینزا و نەتەوەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، تەوەری دیداری گۆڤاری گولان بوون، لەگەڵ دکتۆر شێخ تەها ئەحمەد ئەلزەیدی ئەندامی باڵای کۆڕبەندی فیقهی عێراق، کە زانایەکی بەرزی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە و شارەزاییەکی گەورەی لە فیقهی ئیسلامی و مێژووی ئیسلام هەیە. گۆڤاری گولان زۆر بە پێویستی زانی، لە ڕوانگەی زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە عێراق ڕۆڵ و خزمەتی کورد و زانایان و مامۆستایانی ئایینی کوردستان و سەرکردەکانی کورد هەڵسەنگێنێت، کە تا چەند خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کراوە و خۆشەویستی و پاراستنی خاک و نیشتمانەکەیان تا چەند لە هزر و ناوەڕۆکی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدایە. لێرەدا دەقی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** ڕۆڵی کورد لە بنیادنانی شارستانیی ئیسلامی چی بووە، بەتایبەتی کە کورد زانای مەزنی زۆری هەیە، وەك کابان کوردی، سەلاحەدین ئەیووبی، شێخ محەمەد عەبدوڵلا جەلی زادە، محەمەد گەزنەیی، مستەفا زەڵمی، عەبدولکەریم مودەڕیس، ئیبن خەلەکان، نەورەسی و ...هتد؟**

- ئیسلام ئایینێکە، پەیامێکی جیهانییە، ناسنامەیەکی هەمە لایەنەیە بۆ چەندین ناسنامەی دیکە، لە ڕێگەی پەیوەندیی برایەتی ئیمان و لەخواترسان و کردەوەی چاکە و چاکە لەگەڵ کەسانی دیکەدا ڕێز لە تایبەتمەندیی گەلان دەگرێت و، داوای پێکەوەژیانی مەدەنییانە دەکات (وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)، واتە (ئێمە ئێوەمان کردە گەل

و خێڵ و هۆز تا یەکتر بناسن، بەڕاستی بەڕێزترینتان لای خودا لەخواترسانترینە). کورد بەشداریگەلێکی زۆری هەیە لە شارستانیی ئیسلامیدا، لەسەر ئاستی زانست و بنیادنانی دەوڵەتی ئیسلامی و فتوحاتی ڕزگاریخوازی، بە درێژایی مێژوو ڕۆڵی شارستانیی گرنگیان لە بوارە جیاوازەکانی زانستی، کەلتووری، سیاسی و ئابووریدا گێڕاوە.

زانایانی کورد پێشەنگ بوون لە گۆڕەپانی زانستی و فەتوادا و بە نووسین و پۆلێنبەندییەکانیان کتێبخانەی ئیسلامی و مرۆڤدۆستییان دەوڵەمەند کردووە. ستایش بۆ خودا، ئێمە زانیاریمان لەسەر کۆمەڵێك زانای کورد وەك شێخ تاهر بەرزنجی، شێخ عومەر دیبەگەیی و شێخ بالیسانی و دکتۆر محمد ڕەمەزان ڕەحمەتی خوایان لێبێت، وەرگرتووە.

هەندێك لە زانا و نووسەران، بە هەوڵی زانایانی کورد بەرهەمیان خستووتە ڕوو، وەك زانای ناوداری ڕەحمەتی عەبدولکەریمی مودەڕیس، لە کتێبەکەی (علماؤنا فی خدمة العلم والدین)، هەروەها پرۆفیسۆر ساڵح شێخۆ هەسنیانی لە کتێبەکەی (علماء الکورد وکوردستان)، کە زیاتر لە ١٤٠٠ کەسایەتیی کوردی باس کردووە کە بەشدارییان لە بنیادنانی شارستانیی ئیسلامی و مرۆڤایەتیدا کردووە.

*** ئیسلام ئایینی ئاشتی و لێبوردەیی و پێکەوە ژیانە، جگە لەوەش، کاتێك سەیری مێژووی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەمیشە مایەی خۆشەویستی و ڕەحمەتی خودا بوون بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی ئەندامی ئەکادیمیای فیقهی عێراقیت، بۆچوونت لەسەر ئەم پێکەوە ژیان و ئاشتییە لە کوردستان چییە؟**

- گومانی تێدا نییە کە گەلی کورد بە هۆی ستەمی سیاسییەوە تووشی چەوسانەوە بووە، بەڵام ئەو حیکمەتەی کە سەرکردەکانی کورد لە ئاستی سیاسی و ئایینیدا پێی بەهرەمەند بوون، وای لێکردن کە بەرزتر بن لە ئاستی تۆڵەسەندنەوە و فەرامۆشکردن، بۆیە بوونەتە سەرچاوەیەك بۆ پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی.

کورد دوای کۆتاییهاتنی ستەمکاریی سیاسی، کەوتنە بەردەم دوو بژاردەوە: یان ڕووبەڕووی ستەم و ستەمکارانی خەڵکی خۆیان و کەسانی دیکە ببنەوە بە ستەم و تۆڵەسەندنەوە، یان لێیان خۆش بن و لێیان ببوورن، ستەم لەسەر چەوساوان هەڵبگرن، بۆ ئەوەی تووشی ئەو مەینەتییە نەبن، کە خۆیان تووشی بوون. بۆیە سەرەتای لاپەڕەیەکی نوێیان هەڵبژارد لەسەر بنەمای لێبوردەیی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و هەنگاونانی ئەرێنی لە خزمەتی عێراقییەکاندا بە جیاوازیی نەتەوە و ئایینەکان، لەسەر بنەمای ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت)، کاتێك مەککەی فەتح کردەوە، بەو کەسانەی کە ستەمیان لێکردبوو و شەڕیان لەگەڵدا کردبوو، فەرمووی: «بڕۆن ئێوە ئازادن»، چونکە تۆڵەسەندنەوە تەنیا ستەم و وێرانکاریی زیاتری لێ دەکەوێتەوە، ئەو گەشەکردن و خۆشگوزەرانییەی کە هەرێمی کوردستان تێی کەوتووە، دیارترین گەواهییە بۆ دانایی و فەلسەفەی سەرکردایەتی.

*** هەموو سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە لە مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان بوون، فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)یان کردە دروشمی خۆیان، کاتێك فەرمووی: «خۆشەویستیی نیشتمان لە باوەڕەوەیە»، شەرعییەتی پاراستنی خوێن و سەروماڵی گەلی کوردی موسڵمان لە چیدایە؟**

- موسڵمانی کورد وەك هەموو موسڵمانان، خوێن و شەرەف و سامانەکەی پارێزراوە، وەك لە سەحیح موسلیمدا هاتووە، کە پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت فەرموویەتی: موسڵمان برای موسڵمانە، زوڵمی لێ ناکات و بێ هیوای ناکات و سووکایەتی پێ ناکات، خوێن و ماڵ و نامووسی موسڵمان بۆ یەکێکی دیکە حەرامە. گوتەی «خۆشەویستیی نیشتمان لە باوەڕەوەیە»، لای ئەهلی فەرموودە نەسەلمێنراوە، لەسەری نەوەستاون، هەروەك ئەلسەخاوی لە کتێبی (المقاصد الحسنة)دا فەرموویەتی کە ماناکەی ڕاستە، تا ئەو کاتەی لەناو بازنەی ئیماندا بێت، ئیسلام دژایەتی، یان نەهێشتنی پەیوەندیی جوگرافی، یان ئینتیمای نەتەوەیی

**زانایانی کورد پێشەنگ بوون لە گۆڕەپانی زانستی و فەتوادا و بە نووسین و پۆلێنبەندییەکانیان کتێبخانەی ئیسلامی و مرۆڤدۆستییان دەوڵەمەند کردووە**

**ئەو حیکمەتەی کە سەرکردەکانی کورد لە ئاستی سیاسی و ئایینیدا پێی بەهرەمەند بوون، وای لێکردن کە بەرزتر بن لە ئاستی تۆڵەسەندنەوە و فەرامۆشکردن، بۆیە بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ پێکەوە ژیان و خۆشگوزەرانی**

**ئەو گەشەکردن و خۆشگوزەرانییەی کە هەرێمی کوردستان تێی کەوتووە، دیارترین گەواهییە بۆ دانایی و فەلسەفەی سەرکردایەتی**

**پێغەمبەر سڵاوی خوای لێ بێت فەرموویەتی: موسڵمان برای موسڵمانە، زوڵمی لێ ناکات و بێ هیوای ناکات و سووکایەتی پێ ناکات، خوێن و ماڵ و نامووسی موسڵمان بۆ یەکێکی دیکە حەرامە**

و خێڵەکی ناکات، هەروەها خۆشەویستیی نیشتمان و شانازیکردن و پەیوەستبوون بە نەتەوەوە قەدەغە ناکات، وەك چۆن شتێکی خۆڕسکە و ڕەهەندێکی شەرعی هەیە، وەك پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت، مەککە و خاکەکەی خۆشویستووە، ئینتیمای بۆ نەتەوە و هۆزەکەی هەبووە، قوڕەیشەکانیشی خۆشدەویست و ڕێزی لێ دەگرتن. بەڵام خۆشەویستیی خێڵ و خاك و نیشتمان نابێت خاوەنەکەی بەرەو دەمارگیریی ڕقاوی ببات، یان هانی بدات بۆ بەرتەسککردنەوەی ناوچەگەری، بەڵکو دەبێت هەموو ئەم مانایانە لە چوارچێوەی گشتیی ناسنامەی موسڵماندا جێگیر بکرێن.

*** جگە لە ئیسلام چەندین ئایینی دیکە لە کوردستاندا هەن، بەڵام سوپاس بۆ خوا، لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە کوردستاندا بێ وێنەیە، ئایا بەڕای ئێوە ئەم پێکەوە ژیانە لە بیرۆکەی بنەچەی کەلتووری ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ناسنامەی ئیسلامی بە قووڵایی فیکری و هێزی خودی و ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی و زیندوویی و تەواوکەری و ناوازەییەکەیەوە تایبەتمەندە، کە ناگۆڕێت و تێکەڵ بە ناسنامەکانی دیکە نابێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوانی دیکە پێکەوە دەژی، بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بتوانێت چێژ لە چاکە و میهرەبانی و دادپەروەری و یەکسانی و کەرامەت وەربگرێت. ڕێبازی ئیسلام لە کۆمەڵگە جۆراوجۆرەکان و فرە نەتەوە و ئایین و مەزهەبدا، وەك لە عێراق و شوێنەکانی دیکە، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە سەقامگیری تەنیا لە ڕێگەی پرەنسیپە باڵاکانەوە بەدەست دێت، کە ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵگەدا کۆنترۆڵ دەکات، لە نێویاندا: شانازیکردنی موسڵمان بە ناسنامەکەیان، پاراستن و جیانەبوونەوەیان لە ناسنامەیە، بە هۆی ئالنگارییەکان، یان بە دوای حەز و ئارەزووەکان. واتە پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکە لەژێر چەتری کۆکەرەوە و ناسنامەی نیشتمانی و ڕێزگرتنی یەکتر لە چوارچێوەی برایەتیی مرۆڤایەتیدایە.

*** ژینگەی کوردستان ژینگەی پەرەپێدانی ئایینی ئیسلامی سیاسی و بزووتنەوە پەرگیرەکان نییە، تا چەند ئایینی پیرۆزی ئیسلام توندوتیژی ڕەت دەکاتەوە؟**

- ئیسلام ئایینێکی تەواوە، ئایینی دەوڵەت و سیاسەتی شەرعییە، ئیسلامی سیاسی و ئیسلامی ئابووری و ئیسلامی کەلتووری نییە، بەڵکو فیقهی سیاسی، فیقهی ئابووری، یان سیاسەتی شەرعی و ئابووریی ئیسلامی هەیە، ئیسلام لە سیاسەت و یاسادانانیدا، پشت بە میانڕەوی دەبەستێت، دوور لە دەمارگیری، پەڕگیری، توندوتیژی، هەروەها دوور لە دواخستن و توانەوە لە بیرۆکە وێرانکەرەکان، بۆیە لە بەر ڕۆشنایی ئاڵۆزیی ئەو سیستمە سیاسییەی کە دەوڵەت لە پێکهاتەکانی هاوچەرخەکەیدا بەڕێوە دەبات، هەروەها پەیوەندییە دەرەکییەکانی، هیچ کۆمەڵگەیەك دوور نییە لە قەیرانەکانی پەیوەست بە بەرژەوەندییە گشتییەکان، ڕەنگە تێڕوانینەکان بۆ گەیشتن بەو بەرژەوەندییانە لە نێوان دەسەڵات و ئەندامانی کۆمەڵگە تا ئاستی ململانێ جیاواز بێت، کە پێویستە لە ڕووی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ململانێیەی کە دروست دەبێت. بۆیە سەرچاوەکانی چارەسەر لە کۆمەڵگەکانی ئێمەدا بە زۆری لە یاسایەك، یان بڕیارێکدان، کە لەلایەن دەسەڵاتێکی سیاسیی دادپەروەرەوە دەرچووە، یان فەتوایەك کە لەلایەن دەسەڵاتێکی ئایینی میانڕەوەوە دەرچووە.

*** ئاستی پەیوەندیتان لەگەڵ یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان چۆنە و چۆن دەتوانن پەرە بەو پەیوەندییانە دەدەن؟**

- یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامی لە کوردستان یەکێکە لەو دامودەزگا شەرعییانەی کە شانازی پێوە دەکەین، هەروەها پەیوەندی و هاوکاریی هاوبەشمان هەیە سەبارەت بە فەتوا و پۆلێنکردن و کۆنفرانس و سیمینارەکان، یەکێتیی زانایان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر عەبدوڵڵا وەیسی هەمیشە چالاکییەکانی فیقهی عێراقی لە باوەش گرتووە، بە هەموو پێکهاتەکانەوە، نوێنەرایەتیی فاکتەری سەقامگیری کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بە سیاسەتی زانستی و ژیرانەی خۆی، بە داناییەوە گوتاری ئایینی میانڕەو پەیڕەو دەکات.

**پێغەمبەر سەلامی خوای لەسەر بێت، مەککە و خاکەکەی خۆشویستووە، ئینتیمای بۆ نەتەوە و هۆزەکەی هەبووە، قوڕەیشەکانیشی خۆشدەویست و ڕێزی لێ دەگرتن**

**سەقامگیری تەنیا لە ڕێگەی پرەنسیپە باڵاکانەوە بەدەست دێت، کە ڕەفتاری تاك لە کۆمەڵگەدا کۆنترۆڵ دەکات**

**ئیسلام لە سیاسەت و یاسادانانیدا، پشت بە میانڕەوی دەبەستێت، دوور لە دەمارگیری، پەڕگیری، توندوتیژی، هەروەها دوور لە دواخستن و توانەوە لە بیرۆکە وێرانکەرەکان**

**یەکێتیی زانایان بە سەرۆکایەتیی دکتۆر عەبدوڵڵا وەیسی هەمیشە چالاکییەکانی فیقهی عێراقی لە باوەش گرتووە، بە هەموو پێکهاتەکانەوە، نوێنەرایەتیی فاکتەری سەقامگیری کۆمەڵگەی کوردی دەکات**

دیمانەی تایبەت



پرۆفیسۆر ئولریک بروکنەر بۆ گوڵان:

# پوتین دەتوانێت لە هەر کاتێدا سەرکەوتن ڕابگەیەنێت و شەڕەکە بوەستێنێت

**ئولریك بروكنەر، پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین، پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد و وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای، زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەكدا چەند پرسێكی لەگەڵدا تاوتوێ كرد، كە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا و درێژەكێشان و بەردەوامبوونی ئەم شەڕە و چەند ڕەهەند و ڕایەڵەیێكی دیكەی پەیوەندیدار.**

*** زۆر گوتراوە لەسەر ئەوەی بۆچی ڕووسیا بڕیاری دا، دەست بۆ داگیركردنی ئۆكرانیا ببات و بۆچی بڕیاری دا، درێژە بەم شەڕە بدات، سەرباری ئەوەی نەیتوانی سەركەوتنێكی یەكلاكەرەوە و ستراتیژیی تێدا بەدەست بهێنێت، هەندێ بۆچوون باس لەوە دەكەن كە ڕووسیا نایەوێت ئۆكرانیا ببێتە مۆدێلێكی سەركەوتوو، بە چەشنێك كە ببێتە هۆی وروژاندنی خەڵكی ڕووسیا، بۆچونی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- دەكرێت سەرەتا بەو پرسیارە دەست پێبكەین كە باشە سوودی دزین و دەستبەسەرداگرتنی خاكی وڵاتێكی دراوسێت چییە، كە تۆ وڵاتێك بیت گەورەترین و بەرفراوانترین پانتایی خاكت هەبێت؟ لەم ڕوانگەیەوە دەكرێت بگوترێت، ئامانجەكە شتێكی دیكەیە و دەكرێت ئامانجی ڕووسیا لەم ڕووەوە بەرپاكردن و بەردەوامیدان بێت بە شەڕێكی بە وەكالەت، لە دژی ئەوەی خۆی پێی دەڵێت «ڕۆژاوای شەڕانگێز»، چونكە ئاشكرایە زۆربەی وڵاتانی دراوسێی ڕووسیا لە ئەورووپادا بەرەو مۆدێرنە و هاوچەرخبوون هەنگاویان هەڵگرتووە، ئەویش بەپێی پێوەرە ئەورووپییەكان، لە میانەی پرۆسەی ئاوێتەبوون لە نێو یەكێتی ئەورووپادا. كەواتە ئەگەر ئەم پەرەسەندنانەش ببنە هۆی بەدیهێنان و دەستەبەربوونی گەشەی ئابووری و ئازادیی تاكەكەسی و هەموو دەستكەوتە ئەرێنییەكان كە لە ئەورووپادا بەدی هاتبن، واتە ئەگەر ئەمانە لەسەر سنوورەكانت بەدی بێن، ئەوا دەبنە ئاڵنگاری و تەحەددییەكی گەورە بۆ ڕژێمێكی تاكرەو، چونكە ئەو كاتە خەڵك و هاووڵاتییانی ڕووسیا دەست دەكەن بە بەراوردكردنی ژیانی خۆیان لەگەڵ ژیانی ئۆكرانییەكان كە ئایندەی خۆیان لە یەكێتیی ئەورووپادا بەدی دەكەن، ئەوا سوودمەند دەبن لە ئاوێتەبوون لە یەكێتیی ئەورووپا و لە بازارەكەی، بە چەشنی ئەوەی هاووڵاتییانی پۆڵەندا لە ساڵی ٢٠٠٤ لێی بەهرەمەند بوون. كەواتە ئەمە دژواری و ئالنگارییەك بۆ كرملین دروست دەكات، چونكە ئەو كاتە خەڵكی ڕووسیا ژیانی خۆیان بەراورد ناكەن بە گەلی ئەڵمانیا، یان فەرەنسا، بەڵكو بەراوردی دەكەن بە گەلێكی سلاڤی كە زۆر جیاواز نییە لە خۆیان، كە لێرەدا مەبەستەكە ئۆكرانیایە. كەواتە ئەگەر خەڵكی ئۆكرانیا لە ژیانێكی باشتردا بن و پتر بەهرەمەند بن لە گەشەی ئابووری و لە ئازادییە تاكە كەسییەكان، ئەوا گەلی ڕووسیا دەگەنە هەمان ئەو دەرئەنجامەی كە گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پێی گەیشتن، كاتێك ژیانی خۆیان بەراورد كرد بە ژیانی گەلی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا. كەواتە لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی كە گوتران و ئاماژەیان پێ كرا، ئەوا دەكرێت دروستبوونی دۆخێكی لەم چەشنەی كە باسمان كرد لە ئۆكرانیا كێشە و تەحەددییەكی جددی بۆ بڕیاربەدەستە تاكڕەوەكانی ڕووسیا بخولقێنێت و ئەو تێڕوانینە دروست بكات كە ڕژێمەكەیان ناكارایە، خۆ ئەگەر خەڵكی بگەنە ئەم دەرئەنجامە و هەستی ناڕازیبوونیان لا دروست بێت، ئەوا دەبێت ئەم سەركردانە لە ئایندەی خۆیان بترسن، بەڵام كێشەكە ئەوەیە كە لەبری ئەوەی كار بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی و ناڕەزایەتییەكانی خەڵك بكەن، ئەوا دەست دەبەن بۆ سەركوتكردنی خەڵك و دێن لەم ڕووەوە كێشە و قەیرانێك دروست دەكەن و گرێی دەدەنەوە بە پرسی ناسیۆنالیزمەوە و، بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ناتۆ بە چەشنێك ڕەفتار دەكات كە بووە تە مایەی هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ئاسایش و خاكی وڵاتەكەیان، لەبەر ئەوە دێن و دەڵێن ئێمە خۆمان لە دۆخێكدا بینییەوە كە ناچار بووین پەنا بەرینەبەر هێرشێكی پێشوەختە و بژارەیەكمان لەبەردەمدا نەبوو، جگە لە داگیركردنی ئۆكرانیا نەبێت، كە لەم ڕێیەوە دەیانەوێت یەكگرتوویەك

**خەڵكی ئۆكرانیا لە ژیانێكی باشتردا بن و پتر بەهرەمەند بن لە گەشەی ئابووری و لە ئازادییە تاكە كەسییەكان، ئەوا گەلی ڕووسیا دەگەنە هەمان ئەو دەرئەنجامەی كە گەلی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات پێی گەیشتن، كاتێک ژیانی خۆیان بەراورد كرد بە ژیانی گەلی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا**

لە نێوان خەڵکی ڕووسیادا دروست بکەن، بەوەی شەوانە لە پڕوپاگەندەکان بڕوانن، بەوەی ڕووسیا وەك هێزێکی مەزن سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەرکێکە و گورز دەوەشێنێت بۆ ڕەواندنەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو مەترسی و هەڕەشەیەی کە ناتۆ دروستی کردووە لەسەر وڵاتەکەیان، واتە دەیانەوێت بەم شێوەیە کار بکەن و لەم ڕێیەوە سەقامگیری بۆ ڕژێمەکەی کرملین دروست بکەن.

*** ئەگەر لە ئێستادا لە بارودۆخی شەڕەکە بڕوانین، پێناچێت هێزەکانی ئۆکرانیا بتوانن سوپای ڕووسیا لە وڵاتەکەیان بکەنەوە دەرەوە، لە هەمان کاتدا وا دەرناکەوێت کە سوپای ڕووسیا بتوانێت شکستێکی یەکجارەکی بکاتە چارەنووسی ئۆکرانیا و دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا بگرێت. ئایا پێت وانییە دۆخەکە لە گۆڕەپانی شەڕدا بە چەشنێکە، کە لایەنەکان ناچار بکات تاوەکو بیر لە پەنابردنەبەر ڕێگەچارەی دیکە بکەنەوە، بۆ نموونە ئەنجامدانی گفتوگۆ؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی پەیوەست بێت بە ئۆکرانیاوە، ئەوا لە دۆخێکی دژوار و سەختدایە، چونکە ئەگەر سەرۆکی ئۆکرانیا، یان هەر کەسێکی دیکە دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ ڕووسیادا، ئەوا کەسوکاری کوژراوەکان ئەو بانگەشەیە دەکەن، کە ئەگەر ئێوە ئامادەی دانوستاندن و گفتوگۆ بوون، بۆچی برا و باوك و کوڕی ئێمە لەم شەڕەدا کوژران؟ ئەگەر ئامانج لە شەڕەکە بەرگریکردن و ڕێگریکردن بووە لە داگیرکردنی خاکی وڵاتەکە. کەواتە ئەگەر پرۆسەی گفتوگۆ دەست پێ بکات و هەر لایەنێکی نێو ئۆکرانیا ئامادە بێت کە قوربانی بە بەشێکی لە خاکی وڵاتەکە بدات، ئەوا لەو کاتەدا وەك ناپاك و خیانەتکارێك لێی دەڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە ڕووسیاوە، ئەوا ئەرکەکە زۆر ئاسانترە، چونکە سەرۆك ڤلادمیر پوتین دەتوانێت لە سەر ساتەوەختێکدا ڕای بگەیەنێت کە سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، واتە لەبەر ئەوەی هیچ کەسێك بە ڕاستی نازانێت کە ئامانجی شەڕەکە چی بوو، ئەوا پوتین دەتوانێت لە هەر ساتەوەختێکدا بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەرکەکەی کۆتایی هاتووە و ئامانجەکەی بەدەست هێناوە، واتە دەکرێت بەو شێوەیە لێکدانەوە بۆ بارودۆخەکە بکات، بەوەی ڕای بگەیەنێت کە ئەمە تەنیا ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەت بووە و ئامانجەکە بریتی نەبوو لە تێکشکاندنی وڵاتێکی گەورە و بەرفراوانی وەك ئۆکرانیا، یان ناچارکردنیان بە خۆبەدەستەوەدان و خۆڕادەستکردن. هەروەها دەتوانێت ئەوەش زیاد بکات، کە ڕووسیا وەك پێویست زیانی بە ئۆکرانیا گەیاندووە و ئێستاش ئۆکرانیا لە بارێکدا نییە کە مایەی هەڕەشە و سەرچاوەی مەترسی بێت بۆ سەر خاکی ڕووسیا، مەبەستم ئەوەیە کە سەرۆکی ڕووسیا دەتوانێت لە هەر کاتێکدا ئەمانە بڵێت و کۆتایی بە شەڕەکە بهێنێت، تەنانەت ئەمە پێویستی بە گفتوگۆکردنیش نییە و نابێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە شەڕەکە جۆرێك لە چەقبەستوویی بە خۆیەوە بینیوە و پێناچێت گۆڕانکارییەکی گەورە ڕوو بدات.

*** ئەی بە تێڕوانینی ئێوە چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی گەورە و یەکلاکەرەوە لە گۆڕەپانی شەڕدا بهێنێتەئاراوە؟**

- من پێم وایە ئەوەی دەکرێت مایەی گۆڕانکارییەکی گەورە بێت، یان ئەوەی پێی دەگوترێت پەرەسەندنێك، کە تەواوی گەمەکە بگۆڕێت، ئەوەیە کە چیتر وڵاتانی ڕۆژئاوا توانا یان ویستی ئەوەیان نەبێت کە هاوکاریی ئۆکرانیا بکەن و یەکڕیز و یەکهەڵوێست نەبن لەم ڕووەوە، چونکە ئاشکرایە کە وڵاتی ئۆکرانیا تەواو پشتبەستووە بە هاوکاری و یارمەتییە دەرەکییەکان، خۆ ئەگەر ڕێگری و بەربەستێك لەم ڕووەوە دروست ببێت، بۆ نموونە ئەگەر کەسانی نێو پارتی کۆماری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەبەر هۆکاری ناوخۆیی ئاستەنگ دروست بکەن بۆ هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا بەو پاساوەی کە چیتر ئەم شەڕە بایەخی نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان، ئەوا ئەو کاتە مانەوەی ئۆکرانیا دەکەوێتە مەترسییەوە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە نە پێدەچێت ڕووسیا بە تەواوەتی یان بە ڕاددەیەکی گەورە باڵادەست بێت بەسەر گۆڕەپانی شەڕەکەدا و، نە ئۆکرانیا بە ڕاددەیەکی گەورە هاوکاریی دەرەکیی لێ بڕابێت. بەڵام نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ڕووسیا وەبەرهێنانێکی زۆر دەکات لە ئابووریی جەنگدا، لە کاتێکدا هەنگاوێکی لەم چەشنە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەدی ناکرێت، ئەگەرچی دەوڵەمەندتریشن لە ڕووسیا.

**ئەگەر سەرۆکی ئۆکرانیا، یان هەر کەسێکی دیکە دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ ڕووسیادا، ئەوا کەسوکاری کوژراوەکان ئەو بانگەشەیە دەکەن، کە ئەگەر ئێوە ئامادەی دانوستاندن و گفتوگۆ بوون، بۆچی برا و باوک و کوڕی ئێمە لەم شەڕەدا کوژران؟**

**ڕووسیا وەبەرهێنانێکی زۆر دەکات لە ئابووریی جەنگدا، لە کاتێکدا هەنگاوێکی لەم چەشنە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەدی ناکرێت، ئەگەرچی دەوڵەمەندتریشن لە ڕووسیا**

**ئەگەر لەبەر هۆکاری ناوخۆیی ئاستەنگ دروست بکەن بۆ هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئۆکرانیا بەو پاساوەی کە چیتر ئەم شەڕە بایەخی نییە بۆ بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان، ئەو کاتە مانەوەی ئۆکرانیا دەکەوێتە مەترسییەوە**



## پرۆفیسۆر ئەبو بەککار باه بۆ گوڵان:

# زۆرینەی ئیسرائیلی و فەلەستینییەکان خواستی پێکەوەژیانی ئاشتییانەیان نییە

ئەبو بەککار باه، پرۆفیسۆری کۆمەڵناسییە لە زانکۆی ئیلینۆی باکوور، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرسێکی گرنگ دەدات، وەك دیموکراسی، بنیادنانی نەتەوە، بنیادنان و دروستکردنی ئاشتی و ڕۆڵی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای جیهان و ئەو شەڕ و ناکۆکییانەی لەئارادان، بەتایبەتی شەڕی غەززە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

**هەتا پتر جێبەجێکردنی نۆرم و بەها نێودەوڵەتییەکان و یاسای نێودەوڵەتی نادادپەروەرانەتر بێت، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی زیاتربوونی ئەگەرەکانی هەڵگیرسانی جەنگی نوێ و شەڕی تیرۆریزم بکەین**

**شەڕەکان ئەو کاتە کۆتاییان پێ دێت، کە لایەنێکیان تووشی شکستێکی یەکجارەکی ببێت، یان زۆرینەیەک دروست ببێت کە پشتیوانی لە هەق بکەن، بەڵام لە ئێستادا هیچ یەکێک لەمانە لەئارادا نین**

**شەڕی غەززە و تێکڕای ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین تەنیا لە پرسی پەیوەست بە جیۆپۆلەتیکدا قەتیس نابن و کورت نابنەوە**

*** وەك ئاشكرایە لە ئێستادا چەندین پێشهات و پەرەسەندنی ناهەموار لە ئارادان كە كێشە و كوشتار و كاولكاریی زۆریان لێ كەوتووەتەوە، ئەوەتا شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیا پێی ناوەتە ساڵی دووەمەوە و هیچ چارەسەرێكیش لە ئاسۆی نزیكدا بەدی ناكرێت، هەروەها شەڕی ئیسرائیل و حەماسیش نەهامەتییەكی زۆری لێ كەوتووەتەوە و لە ڕووی مرۆییەوە دۆخەكە قابیلی بەردەوامبوون و درێژەكێشان نییە. زۆر كەس ئەمە وا لێك دەدەنەوە كە ئەمانە ئاماژەی شكستی سیستەمە جیهانییەكەن، یان ئەوەی پێی دەگوترێت «سیستەمی بنیادنراو لەسەر ڕێساكان»، تێڕوانینی ئێوە لەم ڕووەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەكرێت لەم ڕووەوە بگوترێت، ئەوەیە كە دەبێت پرسیارە بنەڕەتییەكە ئەوە بێت كە نەك هەر تەنیا چۆن سیستەمێكی نێودەوڵەتی لەسەر بنەمای ڕێساكان بنیاد بنێین، بەڵكو چۆن سیستەمێكی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای ڕێساكان بنیاد بنێین؟ من پێم وایە ئەمەش پێویستی بە بوونی سەركردایەتییەكی مەبدەئی و خۆبەدوورگرتنی هێزە مەزن و جیهانییەكان لە ئیزدواجییەتی پێوەرەكاندا هەیە، لە میانەی مامەڵەكردنیان لەگەڵ كێشەكانی پەیوەست بە یاسای نێودەوڵەتی و پرسی نادادپەروەرییەوە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم، هەتا پتر جێبەجێكردنی نۆرم و بەها نێودەوڵەتییەكان و یاسای نێودەوڵەتی نادادپەروەرانەتر بێت، ئەوا دەبێت چاوەڕوانی زیاتربوونی ئەگەرەكانی هەڵگیرسانی جەنگی نوێ و شەڕی تیرۆریزم بكەین. باشترین حاڵەتێك كە لەم ڕووەوە ئاماژەی پێ بكەین و ئەم دۆخەی تێدا بەرجەستە بووبێت، وڵاتی یەمەنە، واتە كێشەكانی ئەم وڵاتە دۆخێكیان خوڵقاندووە كە دەبنە هۆی هەڵكشانی ئەگەركانی هاتنەئارای جەنگی نوێ و بەرپابوونی شەڕی تیرۆریزم، چونكە ئەوەتا لەم وڵاتەدا (یەمەن) نادادیی كۆمەڵایەتی بەدی دەكەین، دەستتێوەردانی هێزە دەرەكییەكان لە دۆخی ناوخۆیی ئەو وڵاتەدا لە ئارادایە، هەرەها بەرژەوەندییە جیۆپۆلەتیكییەكان بە چەشنێكن كە نابنەهۆی پاڵپشتیكردن لە گرتنەبەری ڕێچكەیەكی مەبدەئییانە بۆ جێبەجێكردنی ڕێسا و نۆرمە نێودەوڵەتییەكان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی كە وڵاتی یەمەن ببێتە خاكێكی بە پیت بۆ شەڕی بە وەكالەت و شەڕی تیرۆریزم .

*** هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ئیسرائیل و بزوتنەوەی حەماسەوە، ئەوا سەرەڕای ئەوەی كە هەوڵ دەدرێت، ئاگربەست ڕابگەیەندرێت، سەرەڕای ئەوەش كە پاڵپشتیی جەماوەریی ناوخۆیی بۆ بنیامین نەتنیاهۆ داكشاوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەدی دەكەین، ئەوەیە كە ڕای گشتیی نێوخۆی ئیسرائیل بەردەوامە لە پاڵپشتیكردنی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەكە بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی حەماس، كەواتە دەكرێت لەم ڕوانگەیەوە بڵێین، ئەمە بەو مانایە دێت كە شەڕەكە بەردەوام دەبێت و بگرە بەرەو هەڵكشانی زیاتریش دەچێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین كە ناكۆكیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بووەتە پرسێكی وجوودی بۆ هەردوو لایەنی ناكۆكییەكە، لەم ڕووەوە، دید و تێڕوانینە ڕاستگۆ و ناوخۆییەكان ناگۆڕێن بۆ بەرهەڵستییەكی ڕاستگۆیانە بۆ شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، هەروەها ئەمە ڕاستە بۆ هاووڵاتییانی نێو ئیسرائیل، كە پشتیوانی لە بنیامین نەتنیاهۆ دەكەن لە دژی فەلەستینییەكان، تەنانەت كاتێك سیاسەتەكانی هەڵەش بن لە ڕووی ئەخلاقییەوە و لە مەودای دووردا كێشەی زیاتر بۆ ئاسایشی ئیسرائیل دروست بكەن، بە هەمان شێوە بۆ فەلەستینییەكانیش ڕاستە كە بەردەوامن لە پشتیوانیكردنی بزوتنەوەی حەماس، تەنانەت كاتێك شێوازی شەڕی حەماس هەڵەیە و مایەی زیادبوونی ئێش و ئازاری فەلەستینییەكانیش بووە. لە ڕاستیدا ئەمە واقیعێكی زۆر خراپە، لەبەر ئەوەی قووڵبوونەوەی دوژمنایەتییەكانی نێوان هەردوو گرووپەكە دۆخێكی دژوار دروست دەكات بۆ ژمارەیەكی زۆری ئەو خەڵكانەی خوازیارن پشتیوانی لە هەق بكەن و بەرهەڵستیی هەڵە بكەن. دواتر دەبێت ئەوە لە یاد نەكەین كە شەڕەكان ئەو كاتە كۆتاییان پێ دێت، كە لایەنێكیان تووشی شكستێكی یەكجارەكی ببێت، یان زۆرینەیەك دروست ببێت كە پشتیوانی لە هەق بكەن، بەڵام لە ئێستادا هیچ یەكێك لەمانە لەئارادا نین و ڕوو نادەن، واتە لە ئێستادا كە شەڕێكی نابەرانبەر لەسەر خاك هەیە، كە گۆڕدراوە بۆ شەڕی تیرۆریزم و ناتوانرێت شەڕێكی لەم چەشنەش ببردرێتەوە، بە هەمان شێوە زۆرینەی هاووڵاتییان لە نێو ئیسرائیل و فەلەستیندا ناتوانن ئەوە بەدی بكەن، كە چۆن دەتوانن پێكەوە و بە ئاشتییانە لە نێو دەوڵەتێكی هاوبەشدا بژین كە بنیادنرابێت

لەسەر دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەروەها ناتوانن هاوڕابن لەسەر سنوورەکانی دوو دەوڵەت کە شان بە شانی یەکتری و بە ئاشتییانە پێکەوە بژین. ئەمە وەك دەرئەنجامێکی ڕەشبینیانە دەردەکەوێت، بەڵام پێویستە ئەم واقیعە دەرفەتێك بێت بۆ هێزە مەزنەکان، بۆ ئەوەی ئەوە بەدی بکەن کە ناکۆکیی توندوتیژییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ناکۆکییەکی بێهودەیە، لە هەمان کاتدا پێویستە زۆرینەیەك لە هەردوولا دروست ببێت، بۆ ئەوەی هەنگاوی دروست بنێن و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە خاکەکە لە نێوان خۆیان هاوبەشی پێ بکەن.

*** لە چاوپێکەوتنێکی پێشووتاندا لەگەڵ گۆڤارەکەمان ئاماژەتان بەوە کرد کە پرسی جیۆپۆلەتیك پرسێکی گرنگی قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لە هەمان کاتدا گرێدراوی بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواشە، بە تێڕوانینی ئێوە تا چەند ئەمە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لەسەر پەرەسەندنەکانی شەڕی غەززە هەبووە؟**

- بە بۆچوونی من شەڕی غەززە و تێکڕای ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین تەنیا لە پرسی پەیوەست بە جیۆپۆلەتیکدا قەتیس نابن و کورت نابنەوە، واتە بە چەشنی ناکۆکی و کەیسەکانی دیکە، وەك ئۆکرانیا و تایوان، نەبووەتە پرسێکی جیۆپۆلەتیکی، چونکە دەبێت ئەوەمان لە بەرچاو بێت، کە پرسی جیۆپۆلەتیك لەو کاتەدا ڕوو دەدات کە هێزە جیاوازەکان (کەم تا زۆر هێز و توانایەکی هاوتایان هەبێت) ململانێ و ڕکابەری بکەن بۆ مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی و سەپاندنی بەرژەوەندییەکانیان لە دۆخێکی دیاریکراودا، بە تێڕوانینی من لە پەیوەندی بە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا ئەم دۆخە لە ئارادا نییە. بە دڵنیاییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتیکارێکی بەهێز و باوەڕپێکراوی ئیسرائیلە، بەڵام هێزێکی هاوشێوە و هاوتای ئەمریکا نییە کە پشتیوانی بۆ فەلەستین دەستەبەر بکات، هێزە ئەوروپییەکانیش بە شێوەیەکی گشتی پشتگیریی فەلەستین دەکەن و هێزە مەزنەکانی دیکە وەك ڕووسیا و چین بڕیاریان داوە کە خۆیان لە ناکۆکییەکە بە دوور بگرن، ئەو پشتیوانییەی کە فەلەستین بەدەستی دەهێنێت، زیاتر لە هێزە هەرێمایەتییەکان و کاراکتەرە نێودەوڵەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە پرسی جیۆپۆلەتیك لە پەیوەندی بە ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستینەوە زیاتر لە بواری دیپلۆماسی و تووڕەیی ئەخلاقیدا کورت بووەتەوە، کە بە زۆری لەلایەن لایەنە بەشەڕهاتووەکانەوە پشتگوێ دەخرێن، کەواتە دەتوانین بڵێین، ئەوەی سەیرە لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ئەم ناکۆکییە ڕەنگی نەداوەتەوە لە پرسی جیۆپۆلەتیکیی نێوان هێزە مەزنەکانی جیهاندا، هەرچۆنێك بێت، دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا پرسی جیۆپۆلەتیك بێتە ئاراوە، واتە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ببێتە پرسێکی جیۆپۆلەتیك، لە کاتێکدا جیهان پێدەنێتە نێو دۆخێکەوە کە زیاتر بەرەو فرەجەمسەری بڕوات، توانای سەربازیی هێزە هەرێمایەتییەکانیش بەرەو هەڵکشان بچێت. لە ڕوانگەی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێ کرا، ئەوا ئێستا لە هەر کاتێکی دیکە باشترە بۆ ئەوەی ئەمریکا هەوڵی یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە بدات.

*** دواپرسیارمان پەیوەستە بە کاریگەریی شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لەسەر پرسی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتی عەرەبی، کە تا ئێستا ئەوە بەدی ناکەین، ئەم وڵاتە عەرەبییانە بڕیاریان دابێت کۆتایی بەم ئاساییبوونەوە بهێنن وەك نارەزایەتییەك، ئایا پێت وایە لە داهاتوودا ئەم پەیوەندییانە بەردەوام دەبن و درێژە دەکێشن؟**

- من پێم وایە پرسەکە دوو ئاست لە خۆ دەگرێت (ئاستی پەیوەست بە خەڵکانی ئاسایی و بە هاووڵاتییانەوە، ئاستی پەیوەندیدار بە دەوڵەتەوە)، دواتر ئێمە دەزانین کە ئەم شەڕەی ئێستای نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان لە تێکڕای شەڕ و توندوتیژییەکانی پێشتر کاولکارتر و کارەساتبارتر بووە، کە تووڕەییەکی ئەخلاقی هەیە لە ئاستی ئەو کاولکارییەی بەسەر غەززەدا هاتووە، باوەڕم وایە ئەم تووڕەییە لای زۆرێك لە هاووڵاتییانی وڵاتە عەرەبییەکان هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان زەحمەتتر بێت، لەسەر ئاستی دەوڵەتییش، من گۆڕانکارییەکی گەورە بەدی ناکەم لە مامەڵەی وڵاتە عەرەبییەکان لەگەڵ ئیسرائیلدا، هەرچۆنێك بێت ئاساییبوونەوەکە خۆی پرۆسەیەکی خاو و سنوورداریشە.

**ئەمریکا پاڵپشتیکارێکی بەهێز و باوەڕپێکراوی ئیسرائیلە، بەڵام هێزێکی هاوشێوە و هاوتای ئەمریکا نییە کە پشتیوانی بۆ فەلەستین دەستەبەر بکات**

**دەکرێت لە ماوەی داهاتوودا پرسی جیۆپۆلەتیك بێتە ئاراوە، واتە ناکۆکیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ببێتە پرسێکی جیۆپۆلەتیك، لە کاتێکدا جیهان پێدەنێتە نێو دۆخێکەوە کە زیاتر بەرەو فرەجەمسەری بڕوات**

**تووڕەییەکی ئەخلاقی هەیە لە ئاستی ئەو کاولکارییەی بەسەر غەززەدا هاتووە، باوەڕم وایە ئەم تووڕەییە لای زۆرێك لە هاووڵاتییانی وڵاتە عەرەبییەکان هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبییەکان زەحمەتتر بێت**



خەڵکی باکووری کوردستان خوازیار نین چەکدارانی پەکەکە زیان بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بگەیەنن

باوەڕ ئامەدیی ئەندامی پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# چەکدارانی پەکەکە بوونەتە تاقم و گرووپی تایبەت بە نانەوەی ناسەقامگیری لە هەرێمی کوردستان

**ڕەنگە هیچ حزبێکی سیاسی هێندەی پەکەکە زیانی لە بیری نەتەوەیی و کوردایەتی نەدابێت. پەکەکە هەر لە دامەزراندنییەوە بڕوای بە هزری نەتەوەیی کورد نەبووە، لە دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش بووەتە داردەستی نەیار و دوژمنانی کورد بۆ نانەوەی کێشە و گرفت لە هەرێمی کوردستان. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەری دیکەی پەیوەندیدار گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ باوڕ ئامەدیی ئەندامی پێشووی پەکەکە ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** چەکدارانی پەکەکە وێڕای ئەوەی چەندین شوێنی باشووری کوردستانیان داگیر کردووە، بوونەتە هۆی ڕاکێشانی سوپای تورکیاش بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، کەچی دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان و خەڵکەکەشی دەکەن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی پەکەکە بەو شێوەیە کار بۆ نەیارانی کورد لە دژی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- بەپێی ئەزموونی چەند ساڵەی من لەناو ڕیزەکانی پەکەکەدا، باش دەزانم پەکەکە لە دروستبوونییەوە کاری بۆ بیری نەتەوەیی نەکردووە. دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش ئەوەندەی دیکە بوونە بەکرێگیراو بۆ دەزگا موخابەراتییەکانی وڵاتانی ناوچەکە و میلیشیاتە چەکدارەکانی عێراق. چیای قەندیل و خۆقایمکردنیان لەو ناوچەیە بۆ دژایەتیی هەرێمی کوردستان و دەستتێوەردانیانە لە کاروباری نێوخۆی هەرێمی کوردستان، ئەم هەڵسوکەوت و ڕەفتارە دوور لە هزری نەتەوەیی و دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان، زیانی گەورەی بە خەباتی کورد لە باکووری کوردستان گەیاندووە و، تا دێت جەماوەر و لایەنگرەکانیان ڕووی لە کەمی کردووە، چونکە خەڵکی باکووری کوردستان خوازیار نین چەکدارانی پەکەکە زیان بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بگەیەنن، ئەوان ڕایانوایە پەکەکە لە هێڵی نیشتمانی و کوردایەتی دوور کەوتووەتەوە، هەر لەبەر ئەمەشە تا دێت توانای پەکەکە لە باکووری کوردستان ڕووی لە کزی کردووە و بگرە لە باشووری کوردستانیش توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ سوپای تورکیا نەماوە و، بەهۆی کردەوە و لاوازیی ئەوانەوە بەشێکی زۆری خاکی کوردستان لەلایەن سوپای تورکیاوە داگیر کراوە. پەکەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەجندە و مەرامەکانی نەیارانی کورد دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات، چونکە ئەوان و ئەو دەزگاو دامەزراوە ئەمنی و موخابەراتییانەی لە پشت پەکەکەوەن، باش ئەو ڕاستییە دەزانن هزرو بیری نەتەوەیی کورد لەلای سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەو قەوارەیەی لە باشووری کوردستان دروست بووە، هەر لەسەر دەستی جەنابی سەرۆك بارزانی و عەقیدە و ڕێبازی بارزانیی و پارتی دروست بووە، بۆیە کێشە و ئاژاوە بۆ حکومەت و قەوارەی هەرێمی کوردستان دروست دەکەن. چەکدارانی پەکەکە لەهەر ناوچەیەکدا بن، خۆیان وا پیشاندەدەن کە هەر لایەن و وڵاتێك بیەوێت، ئەوان ئامادەن بۆ ئامانجەکانیان کار بکەن، بەوەش وڵاتانی وەك ڕژێمی سووریا و ئێران و حەشدی شەعبی لە دژی حکومەت و گەلی باشووری کوردستان بەکاریان دەهێنن. خاڵێکی دیکەی گرنگ کە وای کردووە پەکەکە چاوی بە باری ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستان هەڵنەیەت، ئەو ئاوەدانی و گەشەکردنەیە کە لە باشووری کوردستان هەنگاوی بۆ نراوە، باشترین بژاردەش لە بەردەم پەکەکە زیانگەیاندنە بەم ژێرخان و ئابوورییەی کە ئێستا هەرێمی

**پەکەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەجندە و مەرامەکانی نەیارانی کورد دژایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەکات**

**ئەوانەی میلیشیای سەر بە ئێرانن، پاڵپشتی دارایی پەکەکە دەکەن و چەک و تەقەمەنییان پێ دەدەن، هەر ئەمەشە وای کردووە لە شنگال نەکشێنەوە و کێشەش بۆ کەمپی مەخموور دروست بکەن**

**چەکدارانی پەکەکە هەر کات و ڕۆژێک دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، کاری تیرۆریستی و تەقینەوە لە باشووری کوردستان ئەنجام دەدەن**

**بە هۆی پەکەکەوە زیاتر لە (٦٠٠) گوندی سنووری باشووری کوردستان ئاوەدان نەبوونەتەوە و خاوەن ماڵ و باخ و ڕەز و بیستانەکانیش لە سوودوەرگرتن لەو سامانەی خودا پێیانی بەخشیوە. بێبەش کراون**

**سەرکردەکانی پەکەکە بە دوای بەرژەوەندیی خۆیان کەوتوون، بۆیە لە زۆر شوێنی سنوورەکان بازگەی سەرانەوەرگرتنیان لە کاسبکار و خەڵکی ناوچەکە داناوە**

**ئەوەی کوردی نەتەوەیی و کوردستانی دەیەوێت، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام پەکەکە بە پێچەوانەوە بەو ئاراستەیە ناڕوات**

کوردستان بەخۆیەوە دەبینێت. بە هۆی پەکەکەوە زیاتر لە (٦٠٠) گوندی سنووری باشووری کوردستان ئاوەدان نەبوونەتەوە و خاوەن ماڵ و باخ و ڕەز و بیستانەکانیش لە سوودوەرگرتن لەو سامانەی خودا پێیانی بەخشیوە. بێبەش کراون. بێگومان سەرکردەکانی پەکەکە بە دوای بەرژەوەندیی خۆیان کەوتوون، بۆیە لە زۆر شوێنی سنوورەکان بازگەی سەرانەوەرگرتنیان لە کاسبکار و خەڵکی ناوچەکە داناوە.

*** بۆچی پەکەکە لەو کاتەی کە جەنابی سەرۆك بارزانی بە هەموو تواناوە هەوڵیدا کێشەیی کوردی باکوور لەگەڵ تورکیا بە ئاشتی و دیالۆگ چارەسەر بکات، چەکدارانی پەکەکە ئەم پڕۆسەیەیان لەبار برد؟**

- پەکەکە هیچ کات و سەردەمێك باوەڕی بە گفتوگۆ و دیالۆگ نییە، خۆیان بە خاوەن دەسەڵات و هزری سۆشیالستی دەزانن. لەو ڕوانگەیەشەوە تەماشای تورکیا دەکەن وەك دەوڵەتێکی داگیرکار و خۆیان بە خاوەن هەق دەزانن، لە کاتێکدا ئەمە زۆر دوورە لەو واقیعەی پەکەکە دەیبینێت. بۆیە کاتێك پەکەکە دیتیان کە جەنابی سەرۆك بارزانی وەك خەمخۆر و مەرجەعی نەتەوەیی و کوردستانی بەو پڕۆسەیە هەستاوە، تاوەکو کێشەی کوردی باکوور لەگەڵ تورکیا بە دیالۆگ چارەسەر بکرێت، ئەوان بەپێچەوانەوە کاریان کرد و هەستان بە بەرپاکردنی شەڕی خەندق کە لە مێژووی کورد و کوردستان نموونەی زۆر کەمە لە ماڵوێرانی و قوربانیکردنی میللەتی باکووری کوردستان، لەلایەکی دیکەوە هەر لەو کاتەدا جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی کوردستان فەرمووی: نابێت چیتر شەڕی کورد لەگەڵ کورد ڕووبدات و شەڕی کورد و کورد حەرامە، کەچی چەکدارانی پەکەکە لێرەو لەوێ کێشە بۆ هێزی پێشمەرگە دروست دەکەن و چەندین جار لەبەر ئەوەی هێزی پێشمەرگە نەیویستووە ڕووبەڕووی چەکدارانی پەکەکە ببێتەوە، شەهید و بریندارییان لێکەوتووەتەوە.

*** پەکەکە ماوەیەکە جموجوڵە گوماناوییەکانی دژی هەرێمی کوردستان زیاتر کردووە. لێرەو لەوێ کاری تیرۆریستی ئەنجام دەدات. ئایا پەکەکە و ڕێکخستنەکانی نازانن ئەمە چ زیانێك بە پەکەکە و ئایندەی کورد دەگەیەنێت؟**

- ئەوەی کوردی نەتەوەیی و کوردستانی دەیەوێت، ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە، بەڵام پەکەکە بە پێچەوانەوە بەو ئاراستەیە ناڕوات. دەتوانین بڵێین چەکدارانی پەکەکە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان و سەرکردە هەڵپەرستەکانیان هەوڵ دەدەن، هەر بۆیە هەرچی خراپەکاری و ڕەفتاری ناڕەوایە لە باکووری کوردستان ئەنجامیان داوە، ئەمەش وای کردووە جەماوەر و خەڵکی باکوور لێیان دوور بکەونەوە. چەکدارانی پەکەکە پەلاماری هەرێمی کوردستانیان داوە، سەرئەنجام قەندیل و چەندین شوێنی دیکەی سنووریان داگیرکرد و بوونە سەرئێشە بۆ گەلی باشووری کوردستان. ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی پەکەکە ستراتیژی خۆیان گۆڕیوە لە شەڕی بەرەیی لەگەڵ تورکیا و دابەشی سەر گرووپی چەکداریی بچووك بوون، ئەمەش زیاتر بۆ ئەوەیە کە کێشە و گرفت ڕابکێشنە ناو قووڵایی سنووری هەرێمی کوردستان، چونکە لەو کاتەی هەر گرووپێکی پەکەکە بگاتە هەر شوێن و دەڤەرێك لە باشوور، وەك دەبینین زیاتر لە دەڤەر و سنووری سلێمانین، ئەوە درۆنی تورکیا دەگاتە ئەو شوێنە و بۆردومانی دەکات، لە ئەنجامدا خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان شەهید و بریندار و زەرەرمەند دەبن. هەر بۆیە دەگەینە ئەو هەقیقەتەی کە پەکەکە تەنیا دەیەوێت گێرەشێوێنی بکات و ناسەقامگیری و پشێوی بۆ هەرێمی کوردستان و حکومەتەکەی دروست بکات، کە ئەمەش بە قسە و پاڵپشتیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستانە.

*** مانگێکە چەکدارانی پەکەکە دەیانەوێت بچنە ناو شەڕێکی بەرفراوان و دژوار لەگەڵ سوپای تورکیا لە ناو خاك و سنووری هەرێمی کوردستاندا، لەو بارەیەوە ڕات چییە؟**

- چەکدارانی پەکەکە گەیشتوونەتە ئەو ڕاستییە کە نەیانتوانیوە بەپێی پێویست کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست بکەن، بۆیە لە ئێستادا خۆیان ئامادە کردووە کە شەڕێکی بەرفراوان و گەورە لەگەڵ سوپای تورکیا لە ماوەیەکی نزیك بکەن، تاوەکو سوپای تورکیا زیاتر بێتە ناو سنووری هەرێمی کوردستان و خەڵکی باشوور تێیدا زەرەرمەندی سەرەکی بن و حکومەت و دامەزراوەکانی هەرێم سەرقاڵی ئەو



ڕەفتار و کارە بن و زیاتر کێشە لە ناوچەکە زەق بکەنەوە، بە مەبەستی ئەوەی ناسەقامگیری و کێشە بۆ قەواری کوردستان دروست بکەن. هەر چەندە دەزانین سەرکردایەتیی کوردستان بەتایبەتی جەنابی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زۆر زیاتر لەوان ئاگادارن و قەت نایانەوێت هەرێمی کوردستان بچێتە ناو کێشە هەرێمایەتی و ناوچەییەکە، بەڵکو هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە هاوپەیمانی هاوپەیمانان و ڕۆژئاوان لە دژی تیرۆر و تیرۆریستیان و بەرنامە و ستراتیژیەتی حکومەتی کوردستان ئەوەیە کە کورد و هەرێمی کوردستان لە هەوڵی ئاوەدانی و گەشەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی ئابووری خۆیدا بێت، بۆ ئەوەی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك و گەلی کوردستان فەراهەم بکرێت.

*** بۆچی پەکەکە چاوی بە ئازادی و سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەڵنایەت؟ بۆچی سەقامگیریی کوردستان بە چارەنووسی خۆیان و کوردی نازانن؟**

- پەکەکە لەگەڵ هیچ کار و بەرنامەیەك نییە، کە خۆی ئەنجامی نەدات، چاویشی بەو ئازادی و نیمچە سەربەخۆییەی قەوارەی باشووری کوردستان هەڵنایەت، بەتایبەتی سەرکردایەتیی حکومەت و دەوڵەتەکە کە پارتی و بارزانی کاری بۆ دەکەن. بۆیە هەموو کاتێك دەیانەوێت کێشە بۆ هەرێم دروست بکەن، بەهیچ شێوەیەکیش هێمنی و سەقامگیریی کوردستان بە بەرژەوەندی و چارەنووسی خۆیان نازانن.

*** دەزگای موخابەراتیی وڵاتان و میلیشیاکان تاچەند بە چەك و تەقەمەنی و پارە هاوکاریی پەکەکە دەکەن؟**

- مەترسییە گەورەکە لەوەدا نییە، پەکەکە چەك و تەقەمەنی و پارە لە چ دەزگایەکی موخابەراتی و گرووپێکی میلیشیای چەکداری وەردەگرێت، کێشەکە لەوەدایە، لە بەرانبەر چی ئەم هاوکارییە سەربازی و مادییەی پێ دەدرێتی. بە تەئکید لە بەرانبەر دژایەتیکردنی خەڵکی کوردستان و قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانە، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بەتایبەتی حەشدی شەعبی عێراقی ئەوانەی میلیشیای سەر بە ئێرانن، پاڵپشتی دارایی پەکەکە دەکەن و چەك و تەقەمەنییان پێ دەدەن، هەر ئەمەشە وای کردووە لە شنگال نەکشێنەوە و کێشەش بۆ کەمپی مەخموور دروست بکەن. هاوکات چەکدارانی پەکەکە هەر کات و ڕۆژێك دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، کاری تیرۆریستی و تەقینەوە لە باشووری کوردستان ئەنجام دەدەن.

**ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە چەکدارانی پەکەکە ستراتیژی خۆیان گۆڕیوە لە شەڕی بەرەیی لەگەڵ تورکیا و دابەشی سەر گرووپی چەکداریی بچووک بوون**

**پەکەکە لەگەڵ هیچ کار و بەرنامەیەک نییە، کە خۆی ئەنجامی نەدات، چاویشی بەو ئازادی و نیمچە سەربەخۆییەی قەوارەی باشووری کوردستان هەڵنایەت**

## لە پێشوازیی مانگی ڕەمەزاندا

# خانمان باس لە بەرنامەی کاریان دەکەن

لەگەڵ هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، ئەرکی ئافرەتان لە ڕاپەڕاندنی کاری ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی ماڵ قورستر دەبێت، لە کاتێکدا ئافرەتانیش وەکو پیاوان بەڕۆژوو دەبن و کاری ناوماڵ و خێزانداری و تەنانەت کاری دەرەوەی ماڵیشیان لەئەستۆیە. بێگومان خانمان بۆ پێشوازی لە هەر بۆنە و جەژنێك ئامادەکاری و بەرنامەی پێشوەختەیان هەیە، لە مانگی ڕەمەزانیش جگە لە دروستکردنی خوانی جۆراوجۆر و ئامادەکردنی بەربانگ و پارشێو و میوانداریی شەوان ئەرکیان قورستر دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە گەرمی پێشوازی لە پیرۆزییەکانی مانگی ڕەمەزان و بەجێهێنانی ئەرکی ئایینیی خۆیان دەکەن و خوازیاریشین ئەندامانی خێزان ڕەچاوی ماندووبوونیان بکەن. بەشداربوونی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ ئەو بابەتە هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



«سەرەتا بەخێر هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە دەکەم، من بەشبەحاڵی خۆم وەکو سەرۆکی خێزانەکەم ڕۆژانە کۆمەڵێك ئەرکم لەسەر شانە، وێڕای ئەرکی ماڵ و منداڵ لە دەرەوەش دەوامی فەرمیم هەیە.» ئەوە قسەی بنار قەرەنی بوو، ئەو وەکو کۆمەڵناس و ڕاگەیاندنکارێك هێما بۆ ئەوە دەکات: «هەوڵدەدەم لە نێوان کاری دەرەوە و ماڵەوە هاوسەنگی دروست بکەم، بۆ ئەوەی کەشێکی خۆش و ئارام بۆ ئەندامانی خێزانەکەم دروست بکەم، ئامادەکارییەکانم بۆ ئەم مانگە پڕ خێر و خۆشییە بریتین لە سازدان و دانانی خشتەو پلان بۆ کارەکانی ڕۆژانەم، بۆ ئەوەی کاتەکانم بەرهەمدار بن و زۆر بەجوانی لەم مانگەدا هەموو ئەرکە ئایینییەکانم جێ بەجێ بکەم».


هاوکات گوتی: «ئامادەکاریی خۆراك و پێداویستییەکانی ڕۆژانە بۆ کاتی بەربانگ پاشان نوێژەی عیشا و تەراویح لە مزگەوت ئەنجام دەدەم، عیبادەت و یادی خودا و قورئان خوێندن لە مانگی ڕەمەزاندا خێر و بەرەکەتەکەی نەبڕاوەیە و پڕە لە بەرەکەتی خودا، مانگی ڕەمەزان جگە لە عیبادەت و بەرۆژووبوون، هەڵگری پەیامی ڕێزگرتن لە یەکتر و هاوکاریکردنی خەڵکی هەژار و کاری خێرخوازییە».

سەبارەت بە هەمان پرس ئاواز شێرزاد چالاکی مەدەنی باس لەوە دەکات: «مانگی ڕەمەزان مانگی ڕەحمەت و بەرەکەتە، جیاوازتر لە ١١مانگەکەی تری ساڵ، بەجۆرێك کە تێیدا موسوڵمانان عیبادەتەکانیان قوڵتر دەکەنەوە، ئەمە نەك هەر موسوڵمانان بەڵکو پەیڕەوانی ئایینەکانی تریش ڕێزی لێدەگرن، ئەویش بەهۆی گەورەیی و پیرۆزیی ئەم مانگە موبارەکەیە. ئەرك و ڕۆڵی ئافرەتان لەم مانگەدا زۆر پیرۆزە، چونکە جیا لە کاروباری ماڵەوە بەشێکی زۆری خانمان خاوەن وەزیفەن، سەرباری ئەوەش ئەوان ئەرکی دروستکردنی خواردن و شیرینی و ئامادەکردنی سفرە و میوانداریش لەئەستۆ دەگرن، ئەوەش بێ گومان کارێکی ئاسان نییە».

گوتیشی: «من وەك هەر تاکێك و وەك ئافرەتێك بۆ ئەم مانگە پیرۆزە خۆم ئامادەکردووە. بەڕای من ناکرێت ئەم مانگە تەنیا لە خۆگرتنەوە لە خواردن و خۆراك بچووك بکرێتەوە بەڵکو دەبێت لە ڕوانگەی بەهێزکردنی بیرو باوەڕ و دڵفراوانی لەخۆبوردەیی و ڕێزگرتن و مرۆڤدۆستی و چەندین کردەوەی چاك ڕەنگبداتەوە، بەجۆرێك بتوانرێت ئەم کردەوانە لە دوای مانگی ڕەمەزانیش بەردەوامیان هەبێت، بەدەر لەوە دەبێتە خۆ دەرخستن و دووڕوویی چونکە مرۆڤی موسوڵمان لە ڕوانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی چاك دەبێت سات لە دوای سات باشتر و کاریگەرتر بێت و بەردوام بێت لەسەر ڕێگەی ڕاست و دووربکەوێتەوە لەو شتانەی بەهایان بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتۆتەوە، نەك لەم مانگە خۆی بکاتە فریشتە و دوای ڕەمەزانیش ببێتە کەسێکی خراپ و بێ سوود، کە بەداخەوە لەم ساڵانەی دوایی ئەم دیاردەیە زۆر بەربڵاوە».


شەوبات عەبدوڵڵا وەك ئافرەتێکی ماڵەوە بەمجۆرە باس لە ئامادەکارییەکانی بۆ ئەم مانگە دەکات: «مانگی ڕەمەزان مانگی خێر و بەرەکەتە، ئەوەی زیاتر جیای دەکاتەوە لە مانگەکانی دیکە، ئامادەکردنی چەندین جۆر خواردنە لەسەر سفرە کە هەموو ئەندامانی خێزان و تەنانەت خزمان و دۆستان کۆدەکاتەوە، لەو مانگەشدا ئەرکەکان لەسەر ئافرەت قورستر دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە پیاوان ڕێز لە ماندوو بوونی ئافرەت بگرن و وا نەزانن تەنیا ئەوان بەڕۆژوون، بۆیە داوا لە هاوسەر و باوك و برا و کوڕە بەڕێزەکان دەکەم، ئەوانیش هەوڵ بدەن هاوکارییان بکەن و ماندووبوونی جەستەیی و فشاری دەروونییان لە بەرچاو بگرن».

شەوبات عەبدوڵڵا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «من بە حوکمی ئەوەی ئیشی دەرەوەم نییە تا ئاستێکی باش کاتەکانم لەگەڵ ئامادەکارییەکان گونجاندووە، لە مانگی ڕەمەزاندا زیاتر گرنگی بە تاعەت و عیبادەتەکان دەدەم چونکە ئەو مانگە فرسەتە بۆ خواپەرستی، سەرەتا بەچەند ڕۆژێك پێش هاتنی مانگی پیرۆزی ڕەمەزان بە ماڵ پاککردنەوە دەستم پێکرد، سەبارەت بە خواردنیش لە ئێستادا هیچ ئامادەکارییەك ناکەم، بەڵکو ڕۆژانە خواردنەکان بە فرێشی ئامادە دەکەم و پێشکەشی ئەندامانی خێزانەکەمی دەکەم، ساڵانی ڕابردوو لە ماڵەوە کاری هەویرکاری و شیرینی زۆری وەك زرۆبی و لوقمەقازی لەو مانگەدا دروست دەکرد، بەڵام بۆ ئەم ساڵ لە پێناو پاراستنی تەندروستیی خۆم و خێزانەکەم بڕیارمداوە لە جیاتی شیرینیی دەستکرد زیاتر خورما بخۆین».




بنار قەرەنی:

**مانگی ڕەمەزان جگە لە عیبادەت و بەرۆژووبوون، هەڵگری پەیامی ڕێزگرتن لە یەکتر و هاوکاریکردنی خەڵکی هەژار و کاری خێرخوازییە**



ئاواز شێرزاد:

**ئەرك و ڕۆڵی ئافرەتان لەم مانگەدا زۆر پیرۆزە، چونکە جیا لە کاروباری ماڵەوە بەشێکی زۆری خانمان خاوەن وەزیفەن**



شەوبات عەبدوڵڵا:

**لەم مانگەدا ئەرکەکان لەسەر ئافرەت قورستر دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە پیاوان ڕێز لە ماندووبوونی ئافرەت بگرن و وا نەزانن تەنیا ئەوان بەڕۆژوون**

## سنوور ستار:

# بڕیارمدا ئەو زانیارییانەی کە هەمە لەگەڵ خانمان بەشی بکەم



ئافرەتان بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وەکو دوانەیەکی لێك دانەبڕاو بە ماڵ و ماڵدارییەوە گرێدراون، وێڕای ئەرکی دایکایەتی و هاوسەرداری بەڕێوەبردنی ماڵەکەی لە ئەستۆ گرتووە، هاوکات هاوکار و یارمەتیدەری هاوژینەکەیەتی لە کاروباری دەرەوە، تەنانەت لە ئێستادا زۆربەی خانمان خاوەنکار و پیشەن و لە دەرەوەی ماڵ کاردەکەن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا زۆربەی ئافرەتان هاتوچۆ بە منداڵەکانیان دەکەن بۆ دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانە، هەر بۆیە کورد لە کۆنەوە گوتوویەتی ژن و ماڵ نەك ماڵ و ژن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی









سنوور ستار خانمە دەسترەنگینێکی شاری سلێمانییە، لە ڕێگەی پەیجێکی سۆشیال میدیاوە فێرکاریی خواردنەکانی و کارەکانی ڕۆژانەی خۆی لە بواری ماڵداری و چێشتلێنان بڵاو دەکاتەوە، سنوور ستار تەمەنی ٣٥ ساڵە و دەرچووی ئامادەی پیشەسازی سلێمانییە،

لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان، باس لە وزەی ئەرێنی خۆی لە بواری دەسترەنگینی و ماڵداریدا بۆ خوێنەران دەکات.

سنوور ستار لە دەستپێکی قسەکانیدا بەمجۆرە خۆی دەناسێنێت و باس لە ئەزموونی کارەکەی دەکات: «لە شاری سلێمانی لە دایکبووم و هەر لەو شارەش نیشتەجێم، هاوسەرگیریم کردووە و خاوەنی دوو کوڕی جوانم، بەشانازییەوە ژنی ماڵەوەم و خزمەتی ماڵ ومنداڵم دەکەم، خودی خۆم زۆر گرنگی بە ماڵ و ماڵداری و ڕێکخستن دەدەم، حەزم کرد ئەو وزەیە بگوازمەوە بۆ ئافرەتانی چوار دەورم و ئەوانیش سوودی لێ ببینن، لە سەرەتادا تەنیا هاوسەر و خوشکەکەم بوون پشتگیرییان کردم، پشتگیریی ئەوان و بڕوا بە خۆبوونم بوونە هۆکاری بەردەوام بوونم».

سنوور ستار لەبارەی ئامانجی لە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی کارەکانی دەڵێت: «بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی کارەکانم لە سۆشیال میدیا تەنیا فێرکارییە، فێرکاری ماڵداری و کابانێتییە، من کاری فرۆشتن ناکەم بەڵکو ئامانجی من ئەوەیە سوودێك بگەیەنم بە خانمانی تازە کابان و ئەوانەی لە بواری ماڵداری دا کەمێك لاوازن».

گوتیشی: «بینیم زۆربەی خانمان لە ماڵ و ماڵداری بێزارن و هیچ عەشق وخۆشەویستییەکیان بۆ ماڵ نەبوو، بەڵکو بە بێزاری ژیانیان بەڕێ دەکرد، بەتایبەت ئەو خانمانەی وەك من کە هیچ کارێکی دەرەوەیان نییە. لەبەر ئەوە بڕیارمدا لە ڕێگای کورتە ڤیدیۆکانمەوە ئەو زانیارییانەی کە هەمە لەگەڵ ئافرەتاندا بەشی بکەم و لەم ڕێگەیەوە خانمان هان بدەم سوچ بە سوچی ماڵ و ژیانیان خۆش بوێت و بە دڵ خزمەتیان بکەن.»

سنوور ستار لە کۆتایی قسەکانیدا بەمجۆرە ئامۆژگاری خانمان دەکات و دەڵێت:« ئامۆژگاریم بۆ خانمان ئەوەیە کە هیچ کات گرنگی بە قسەی خەڵك نەدەن گرنگی بەوە نەدەن و بڵێن من شوێنێکم نییە تاوەکو ئیش و چالاکی و دەسترەنگینیی خۆمی تێدا دەربخەم، بەڵکو لە ناومالّی خۆتەوە خۆت ژینگە بۆ حەز و خولیا و بەهرەکانت دروست بکە. لێرەوە پێیان دەڵێم هەرگیز گوێ لە قسە و تانە و تەشەری چوار دەورت مەگرە، ئەگەر بە تەنز و گاڵتە پێکردنەوە باسی چالاکییەکانت بکەن، بەردەوام هەوڵی خۆت بدە و خۆت پێبگەیەنە و ڕێگە مەدە قسەی چواردەورت بتڕوخێنێت».







**هێشوو دارا سەلیم**

**بەرپرسی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی/ یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان:**

# دۆخی ئافرەتان بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام چاوەڕوانییەکان زیاترن

**هێشوو دارا سەلیم بەرپرسی ئەنجومەنی دەوروبەری سلێمانی - یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە دۆخی خانمانی کوردستان دەکات و جەخت لەو دەکاتەوە کە لە دوای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە تا ئاستێکی زۆر هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی چوونەتە پێشەوە و بەشێکی زۆری ئەم هەنگاوانە ئەنجامی باشیان بووە، بەو ئاراستەیەی کە توانیویانە تا ڕادەیەك توندوتیژییەکان کەم بکەنەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

*** لە ئێستادا دۆخی خانمانی کوردستان لە چ ئاستێکدا دەبینیت؟ ئایا تا چەند خانمان توانیویانە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆیان بگونجێنن و لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا تا چەند ماندوو و شەکەتن؟**

- بە شێوەیەکی گشتی دۆخی خانمان لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بە سەرداهاتووە و ئێستا جیاوازترە لە ڕابردوو، بەڵام لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکان هێشتا لە ئاستی خواستی چالاکان وخودی ئافرەتانیشدا نین. بەراورد بە ڕابردوو هەم لە بواری یاسایی و هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەمیش لە بواری پێگەی ئافرەت لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان و حزبە سیاسییەکانیش بەرەوپێشچوون هەیە. ئەگەر تەماشا بکەین لە سەرەتای دروستبوونی هەرێمی کوردستانەوە هەتا ساڵی ٢٠٠٥ بەشداریی ئافرەت لە پێگە سیاسییەکان و لە جومگە بنەڕەتییەکانی وڵات و شێوەیەکی گشتی لە سیاسەت و لە کۆمەڵگەی مەدەنیشدا بەو ئاستە نەبوو کە ئێستا هەیە، چونکە ئێستا پێگەکە باشترە و بەشدارییەکە زۆرتر و جیاوازییەکە زیاترە. بۆیە ئافرەتان هەوڵ و خەباتیان بەپێی سەردەم و دۆخەکە گەشەی کردووە وکاریان کردووە بۆ ئەوەی سوود لە گشت دەرفەتێك وەربگرن بۆ چەسپاندنی

مافەکانیان. ئەوەتا هەر دوای چەسپاندنی کۆتای ئافرەت لە پەرلەمانی عێراقدا، خێرا لە هەریمی کوردستانیش هەوڵی چەسپاندنی بابەتەکە دەدرێت، لەناو حزبەکانیش ڕێژە بۆ ئافرەتان دادەنرێت لە پێگەکانی سەرکردایەتی و بڕیاردااندا، ڕێکخراوەکانیش دەرفەتی باشتریان بۆ دێتە پێشەوە بۆ کارکردن و خۆبەهێزکردن.

*** هەموارنەکردنەوەی یاسای توندوتیژیی خێزانی دۆخی ئافرەتانی بە کوێ گەیاندووە و تا چەند هاوکێشەکانی ئاڵۆز کردووە؟**

- سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، لە ڕووی ڕێژەی توندوتیژی بەرانبەر بە ئافرەتان گۆڕانکاری ڕووی داوە و لە دوای دەرچوونی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژییەوە تا ئاستێکی زۆر هەنگاوەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی چوونەتە پێشەوە و بەشێکی زۆری ئەم هەنگاوانە ئەنجامی باشیان بووە، بەو ئاراستەیەی کە توانیویانە تا ڕاددەیەك توندوتیژییەکان کەم بکەنەوە. بەشیکی دیکەی دەستکەوتەکانی ئەم یاسایە ئەوەیە کە توانراوە توندوتیژی لە بابەتێکی تاکە کەسی و شەخسییەوە بکرێت بە بابەتێکی گشتی و ڕای گشتی لەسەر دروست ببێت و، بێتە دەنگ و وابکرێت کە پشتیوانی لە ئاستێکی باشی کۆمەڵگە بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی دروست بکرێت، کە ئێستا ئەوە خۆشبەختانە تا ڕاددەیەکی باش بوونی هەیە، ئەگەرچی لە ئاستی پێویست نییە و هێشتا خواستی ئافرەتان و ڕێکخراوەکان ئەوەیە کە ئەمە زیاتر ببێت و توندوتیژکاران وەك تاوانباری کۆمەڵایەتی و کەسانی لادەر تەماشا بکرێن. کەواتە دەتوانین بڵێین دۆخی ئافرەتان بەرەوپێشچوونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام بەرەوپێشچوونەکە خێرا و هەمەلایەنە نەبووە و چاوەڕوانییەکان زیاترن. بۆیە هەوڵەکانی هەموارکردنەوەی یاساکە لەجێی خۆیدا بوو، بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو ململانێ سیاسییانەی هاتنە ئاراوە هەموارکردنەوەی ئەم یاسایەش ڕووی نەدا، کە دەکرا توندکردنی سزاکان و پڕکردنەوەی کەلێنەکان دۆخێکی باشتر بۆ ئافرەتان بهێننە کایەوە و یاساکە دوای هەموارکردنەوەی پارێزەرێکی باشتری تاکەکانی خێزان بێت.

*** هۆکاری بەردەوامیی توندوتیژی بەرانبەر بە ئافرتان و کوشتنیان بە پاساوی جیا جیا بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- هۆکارەکانی بەردەوامیی توندوتیژیەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا هۆکاری جیاوازیان هەیە. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان هۆکارەکانی بەردەوامیی توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان چەندین فاکتەری هەیە، یەکێك لەوانە ئاستی گەشە و کرانەوەی کۆمەڵایەتییە، کە کۆمەڵگەی کوردستانی کۆمەڵگەیەکی داخراوە و پابەندە بە دابونەریتەکانەوە. بێگومان هەموو دابونەریتەکان خراپ نین، بەڵام چەندین دابونەریتی دواکەوتوو هەن کە ڕێگرن لەبەردەم مافەکانی ئافرەتان و یەکسانیی کۆمەڵایەتیدا کە وادەکەن بە چاوی کەمترەوە لە ئافرەت و تواناکانی بڕوانن. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی بەردەوامیی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاریی خودی ئافرەتان، هەتا ئافرەتان هۆشیارتر بن بەرانبەر مافەکانیان باشتر دەتوانن بەرگری لە مافەکانیان بکەن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، بەشێك لە ئافرەتان بەرانبەر مافەکانی خۆیان خەمساردن و تەنانەت بە چاوێکی کەم تەماشای ئەو ئافرەتانەش دەکەن کە بەرگرییان لێ دەکەن، جا ئەمە ئالنگارییەکی زۆر قورسە لە بەردەم ئافرەتاندا کە تێپەڕاندنی قورسە. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردنە، کە وای کردووە ئافرەتان ببنە یەکەم قوربانیی ئەم بابەتە و بە ڕاددەیەکی زۆر هەراسانکردن و توندوتیژی بەرانبەریان لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەلەفۆنەوە بەرانبەر ئافرەتان دەکریت، کە بێگومان پێویستە یاسا بەرکارەکانی ئەم بوارە توندتر بکرێن بۆ ئەوەی ئافرەتان پارێزراو بن. هۆکارێکی دی ئەوەیە بەشێك لەو کەسانەی تاوانی کوشتنی ئافرەت ئەنجام دەدەن بە سزای سووك رزگاریان دەبێت و هەندێکیشیان هەر هیچ سزا وەرناگرن، ئەمە وادەکات تاوانەکە ئاسایی ببێتەوە خەڵکی دیکەش بە ئاسانی ئەنجامی بدات.

*** لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان چارەسەری کێشەی ئافرەتانیان گرێ داوەتەوە بە «وەبەرهێنان لە کچاندا» ئەمەش بەو مانایەی پێویستە لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە کچ پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی ژنێکی باش پێشکەشی کۆمەڵگە بکرێت، لە کوردستان ئەم ئاراستەیە نییە، یان زۆر کەمە، ئایا تاچەند گرنگە کە وەبەرهێنان لە کچاندا بکرێت؟**

- سەبارەت بە پێگەیاندن و دروستکردنی ئافرەت هەر لە منداڵییەوە بە شێوەیەك کە پارێزەری مافەکانی خۆی بێت، بێگومان ئەمە دەرەنجامی پۆزەتیڤی زۆر باشی لێ دەکەوێتەوە و ئافرەتی هۆشیار و کۆمەڵگەی هۆشیاری لێ بەرهەم دێت، بەڵام ئەمە ئەرکێکی تاکە کەسی نییە، بەڵکو پێویستی بە کاری دەستەجەمعی هەیە لە نێوان دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی و خێزان، لە سەر ئاستی حکومەت دامەزراوە پەروەردەیی و ڕۆشنبیرییەکانی وەك وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و وەزارەتی ڕۆشنبیری و فەرمانگەی ڕاگەیاندن و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆیە کە بەپێی بەرنامەیەکی درێژخایەن کار لەسەر پێگەیاندنی کچان بکەن، بۆ ئەوەی خانمێکی کارا بەرهەم بهێنن. پێگەیاندن بەو واتایەی بەرنامەی پاراستن و پەرەپێدانی خێزانیان هەبێت، چاودێریی خێزانی فراوان و هەمەلایەن بکرێت، ڕۆشنبیریی مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیی کۆمەڵایەتی لە پڕۆگرامەکانی خوێندنی قوتابخانە و زانکۆکان هەبێت، پێویستە هەڵمەتی هۆشیاریی بەردەوام و دانەبڕاو هەبێت بۆ ئەوەی بەبەردەوامی خەڵك چاویان لەسەر نەهێشتنی توندوتیژی بێت و ئەوەش ببێتە خواستێکی گشتگیر و سەرتاسەری، بەم جۆرە کۆمەڵگەیەکی هاوسەنگ لەنێوان هەردوو ڕەگەز دێتە کایەوە کە هیچیان بە چاوی کەم تەماشای ئەویتر ناکات، بە بڕوای من ئەمەیە پڕۆژەی وەبەرهێنان لە کچاندا.

**گۆڕانکارییەکان هێشتا لە ئاستی خواستی چالاکان وخودی ئافرەتانیشدا نین**

**بەراورد بە ڕابردوو هەم لە بواری یاسایی و هەم لە بواری کۆمەڵایەتی و هەمیش لە بواری پێگەی ئافرەت لە دامودەزگا و دامەزراوەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکان و حزبە سیاسییەکانیش بەرەوپێشچوون هەیە**

**ئافرەتان هەوڵ و خەباتیان بەپێی سەردەم و دۆخەکە گەشەی کردووە وکاریان کردووە بۆ ئەوەی سوود لە گشت دەرفەتێک وەربگرن بۆ چەسپاندنی مافەکانیان**

**خواستی ئافرەتان و ڕێکخراوەکان ئەوەیە کە ئەمە زیاتر ببێت و توندوتیژکاران وەک تاوانباری کۆمەڵایەتی و کەسانی لادەر تەماشا بکرێن**



# رۆبی بێدەنگی دەشکێنێت لە بارەی فیلمی (باربی) و ئۆسکار

خانمە ئەکتەر (مارگۆت رۆبی) بێدەنگی خۆی شکاند و باسی لەو مشتومڕە کرد کە بەهۆی پاڵێوراوانی خەڵاتی ئۆسکار بۆ فیلمی (باربی) درووستی کرد، بەهۆی ئەوەی فیلمەکە پاڵێوراوی هەشت خەڵاتی ئۆسکارە.
سەرەڕای ئەمەش ناوی لە بەشی باشترین ئەکتەری کچدا تێپەڕێندرا و (گریتا گێرڤیگ) بۆ باشترین دەرهێنەر هەڵنەبژێردرا. رۆبی وەك بەرهەمهێنەر لە بەشی باشترین فیلمدا ڕێزی لێگیرا، لە بەرامبەردا گریتا گێرڤیگ پاڵێوراوی باشترین سیناریۆی گونجاوی وەرگرت.
رۆبی لە میانی دانیشتنێکی گفتوگۆدا کە لە چوارچێوەی نمایشێکی تایبەتدا بەڕێوەچوو گوتی: «هیچ هۆکارێك نییە بۆ ئەوەی هەست بە دڵتەنگی بکەیت کاتێك دەزانیت ئەوەندە بەختەوەریت، من زۆر دڵخۆشم، چونکە هەشت پاڵێوراوی خەڵاتی ئۆسکارمان هەیە، ئەمەش سەرسوڕهێنەرە».
ئەو خانمە ئەکتەرە ئاماژەی بەوەش کردووە، فیلمە بەناوبانگەکە کە داهاتی زیاتر لە یەك ملیار دۆلاری لە بۆکس ئۆفیسدا بەدەست هێناوە و لە ئێمە گەورەترە و لە پیشەسازییەکەمان گەورەترە. روبی پشتراستی کردەوە کە فیلمی باربی (زۆر زیاتر لەوەی خەونمان پێیەوە بینیوە) دەستکەوتی بەدەست هێناوە و ئەمەش گەورەترین خەڵاتە کە هەموو

## شەزا حەسون: هیوادارم بە چیرۆکێکی ئەفسانەیی بگەڕێم

خانمە هونەرمەندی عێراقی (شەزا حەسون) دووپاتی کردەوە کە هاوسەرگیریی نەکردووە و تا ئێستاش بەدوای هاوبەشی ژیانیدا دەگەڕێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی پیاوێکی دەوێت کە سیفەتەکانی سوارچاکیی هەبێت.
حەسەن لە لێدوانێکیدا رایگەیاند، هیوادارە هاوبەشی ژیانی دڵسۆز و سوارچاکی بێت، روونیشی کردەوە کە بە پشتبەستن بە ڕەگەزنامەی خۆی داوا ناکات عێراقی بێت.
سەبارەت بە ئەزموونی لە بواری نواندن گوتی: «دوو ئەزموونی نواندنم هەیە، یەکەمیان (نامە لە پیاوێکی مردووەوە) لەگەڵ ئەستێرە گەورەکانی شاشەی میسری و عێراقی، دووەمیشیان (ئەی خاوەن دڵم) لەگەڵ هونەرمەندی ئیماراتی فایز ئەلسەعید و ئەستێرەکانی کەنداوی عەرەبی، پێشتر زۆر سیناریۆم پێشکەش کراوە، بەڵام بەدوای چیرۆکێکی ئەفسانەییدا دەگەڕێم، کە ئەمەش زۆر نایاب و سەرنجڕاکێش دەبێت، و بە دڵنیاییەوە ئەم ئەزموونە دووبارە دەکەمەوە کاتێك ئەم دەقە گونجاوە بەردەست بێت، کە شتێکم بۆ زیاد بکات».
سەبارەت بە سۆشیال میدیاش گوتی: «من لە سۆشیال میدیا بەردەوامم، چونکە پەنجەرەیە کە لە هەموو خۆشەویستان و هاوڕێکانم و هەرکەسێك کە بەدواداچوون بۆ هەواڵەکانم دەکات، نزیکم دەکاتەوە، بەکورتی زمانی ئەو سەردەمەیە هەروەها ڕێز لە ڕەخنەی بنیاتنەر دەگرم، کە بە ڕێزەوە پێشکەش دەکرێن، بەبێ ئەوەی زیان بە هونەرمەند بگەیەنن، یان سووکایەتی پێبکەن، سەبارەت بە کۆمێنتە



سەرکەوتنەکان دەتوانن لێیەوە سەرهەڵبدەن.

هەرچەندە ڕایان گۆسلینگ پاڵێوراو بوو بۆ خەڵاتی باشترین ئەکتەری پاڵپشت، بەڵام بێزاری و نائومێدی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی فیلمی باربی کە زۆرترین داهاتی ساڵی ٢٠٢٣ بە دەست هێناوە و گەیشتە زیاتر لە یەك ملیار و ٤٤ ملیۆن دۆلار، کەچی لە بەشە سەرەکییەکانی پاڵێوراوانی ئۆسکاردا نەخرایە ناو فیلمەکەوە.

گۆسلینگ ئاماژەی بەوەش کردووە، هەست بە شانازییەکی زۆر دەکەم کە پاڵێوراو بووم بۆ باشترین ئەکتەری پاڵپشت بەهۆی ڕۆڵی خۆی لە فیلمی (کێن)دا، بەڵام کێن نییە بەبێ باربی، هەروەها هیچ فیلمێکی باربی نییە بەبێ گرێتا گێرڤیگ و مارگۆت ڕۆبی.

هەر لەم بارەوە بە کەناڵی (سی بی ئێس) ڕاگەیاندووە: «شانازییەکی زۆرە بۆم کە لەلایەن هاوتەمەنەکانمەوە شان بە شانی ئەم هونەرمەندە نایابانە کاندید کراوم لە ماوەی ساڵێکدا، کە پڕ بووە لە چەندین فیلمی نایاب».

لە هەمان کاتدا گێرڤیگ و ڕۆبی بە دوو کەس وەسف کران کە زۆرترین بەرپرسیارییان هەیە لەم فیلمە مێژوویی و بەناوبانگە جیهانییەدا.

## ـەوە بۆ نواندن

نەشیاوەکانی دیکە، یان دەسڕدرێنەوە یان بلۆك دەکرێن».

لەبارەی زیرەکیی دەستکردیش شەزا پێی وایە کە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیی دەستکرد ڕەنگە ڕۆژێك ببنە هۆی لەناوچوونی دەنگ و گۆرانیبێژەکان، لەو بارەشەوە دەڵێت: «لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بیرم لە تاقیکردنەوەکانی زیرەکیی دەستکرد کردووەتەوە، بیرۆکەکەش هاتە مێشکم کە ئەو تاقیکردنەوانە ڕەنگە ڕۆژێك ببێتە هۆی لەناوچوونی دەنگەکان و، تەنانەت لەناوچوونی گۆرانیبێژان لە پلەی یەکەمدا، هەروەك چۆن پێشتر ئینتەرنێت بەشداریی لە دابەزینی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا کردووە و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بەشدارییان لە لەناوچوونی ماڵپەڕەکاندا کردووە».

هونەرمەند شێرزاد حەیدەری:

# موزیکی کوردی وەک میلۆدی هیچی کەمتر نییە لە میلۆدییە جیهانییەکان

**هونەرمەند شێرزاد ئەکرم حەیدەری ناسراو بە (شێرزاد حەیدەری) یەکێکە لە ژەنیارە بەتوانەکانی کوردستان، دەستپێکی هونەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیپی موزیکی پاشای گەورە لە شاری ڕواندز، کاتێ لە ١-٧-١٩٧٧ یەکێك دەبێت لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی تیپی موزیکی پاشای گەورە، جگە لەوە لەگەڵ چەندین تیپی موزیکی ناوداری کوردستان و عێراق کاری کردووە، وەك (تیپی مۆسیقای سلێمانی، تیپی سەمفۆنیای نیشتمانیی عێراق، گرووپی موزیکی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، ئۆرکێسترای کوردستان تیڤی، گرووپی موزیکی پەیمانگای هونەر جوانەکانی هەولێر) و چەندین بەرهەمی ناوازەی هەیە، بۆ زیاتر ئاشنابوون بە چالاکییەکانی، لە نزیکەوە بە چەند پرسیارێك بەسەرمان کردەوە.**

**هەڤپەیڤین- کامەران حاجی ئەلیاس**



*** سەرەتا بابزانین دەسپێکی کاری هونەریی شێرزاد حەیدەری چۆن بوو؟**

- باوکم کە بە (ئەکەرم حیدەری) ناسرابوو، تا ڕادەیەکی زۆر باش حەزی لە بواری ڕۆشنبیری و هونەر بوو، هەربۆیە ئەو هاوکارم بوو، کاتێ باوکم لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو سەرۆکی شارەوانیی شارۆچکەی (هەریر) بوو، ئەو کات لەو شارۆچکەیە خوولێکی هونەری موزیکی کردەوە، ئەوەش دەرفەتێکی زۆر باش بوو بۆ من، چونکە هەر لەو خوولانەوە حەز و ئارەزووم بۆ موزیك دەستی پێکرد، بەتایبەتی بۆ ئامێری کەمان.

دواتر ماڵمان گواسترایەوە بۆ شاری ڕواندز، لە قوتابخانەی پاشای گەورە دەستم بە خوێندن کرد، بە هۆی بوونی مامۆستا (زرار محەمەد مستەفا)، کە مامۆستای هونەر بوو لە قوتابخانەکە، ئەو مامۆستایە گرووپێکی سروود و گۆرانیی لەنێو قوتابیاندا پێك هێنا، کە لە زۆربەی چالاکییەکانی قوتابخانەدا بەشدار بووین، لە ١-٧-١٩٧٧ مامۆستا زرار خوولێکی موزیکی لە وەرزی هاویندا کردەوە بۆ فێرکاری لەسەر ئامێرەکانی (کەمان، عود، ساز، ئۆکۆردیۆن، بانگۆز، ئیقاع، گیتار) بەندە لەسەر ئامێری کەمان لە خوولەکەدا بەشدار بووم، دوای سێ مانگ لە ڕاهێنان و پرۆڤەکردن، لە ١-١٠-



١٩٧٧ یەکەم نمایشمان لە نێو گۆڕەپانی قوتابخانەی پاشای گەورە بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێ خوێندنەوە ساز کرد.

*** دیارە خاوەن ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی، بابزانین کێن ئەوانەی هاوکاری و پاڵپشتیان کردوویت لە بواری موزیکدا؟**

- زۆر سوپاسی خانەوادەکەم دەکەم کە هاوکاریی زۆریان کردم بۆ ئەوەی بچمە نێو جیهانی موزیك، لە هەمان کاتدا مامۆستای هونەرمەند (زرارمحەمەد مستەفا)، هاوکار و پاڵپشتیی زۆری کردووم، لە ڕێگەی ئەو هونەرمەندەوە فێری ئەلف و بێی موزیك فێربووم، بۆیە هات دەمرم منەتباری دەبم، چونکە جگەلە هونەر، هەمیشە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی دەکردین بۆ ئەوەی ببینە تاکێکی بەسوودی ناو کۆمەڵگە.

*** وەکو ئەندامێکی کارای تیپی مۆزیکی پاشای گەورە، بۆچی لە ئێستادا تیپەکەتان بەرهەمی نییە؟**

- ماوەی دووساڵە خۆمان کۆکردووەتەوە، چەندین لاوی تازەپێگەیشتووی پەیوەندییان پێوەکردووین، بەهۆی کردنەوەی پەیمانگەی هونەرجوانەکانی ڕواندز توانیمان لە مانگی هەشتی ساڵی ٢٠٢٣ (دیدار و فیستیڤاڵی ڕۆژی هونەر) ئەنجام بدەین و بگەڕێینەوە سەر کارەکانمان، بەو هیوایەی بتوانین لە ١-٧-٢٠٢٤ کە ڕۆژی هونەرە، لە ڕواندز فیستیڤاڵیکی نایاب بەو بۆنەیەوە ئەنجام بدەین.


*** چۆن موزیکی کوردی بگاتە ئاست موزیکی جیها نی ؟**

- موزیکی کورردی وەك میلۆدی و فۆرم هیچی کەمتر نییە لە ئاستی میلۆدییەکان و فۆرمەکانی موزیکی دیکەی جیهان، بەڵام هونەرمەندان لە بواری (دانان)ی موزیکدا کار دەکەن، دەبێت سوود لە تیۆرییەکان و جوانکارییەکانی موزیکی جیهانی وەربگرین و لە نێو میلۆدییەکانی خۆماندا بەکاری بهێنین، ئەو کاتە موزیکی کوردی بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات، لەم بوارشەدا کۆمەڵێك لە (کۆمپۆسەرەکان) دانەرەکانی موزیکی کورد کاریان لەسەر ئەم شێوازە کردووە و موزیکی کوردییان گەیاندووەتە ئاستێکی باڵا.



*** بەڕێزتان ساڵانێکە مامۆستای بەشی موزیکن لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی و هەولێر، چۆن دەڕوانیتە ئاستی قوتابییان؟**


- پەیمانگەکان لە کوردستان بوونەتە بنکەیەکی زۆر پیرۆز بۆ پێگەیاندنی چەندین هونەرمەند لە هەموو بوراەکاندا بەتایبەتی لە بورای موزیکدا، زۆربەی هەرە زۆری ژەنیارە بەتوانەکان دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکانن، لە ئێستادا چەندین تیپی موزیکی لە کوردستان هەن بەشی زۆریان بەرهەمی ئەم لانکە هونەرییەن، بۆیە کاریگەریی ئەرێنی هەبووە، بەڵام من لەگەڵ زۆری و بۆری نیم لە کردنەوی ئەو هەموو پەیامانگایانە و بەباشی نازانم، ناکرێت لە هەر شارێك پەیمانگەیەك هەبێت .



*** ماوەیەکە لەگەڵ چەند هونەرمەندێك خەریکی دانانی میتۆدێکی هونەرین بۆ وانەی پەروەردەی هونەری لە ناوەندەکانی خوێندن، دەکرێت ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتە بدەیت؟**

- لە ئێستادا لە بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرامەکان خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە من وەك سەرۆکی لیژنەی ئامادەکردنی ڕێبەری مامۆستا و پرۆگرامی خوێندنی پەروەردەی هونەرم بۆ بازنەکانی (١،٢) و بە شێوەی دیجیتاڵکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ ئەو بازنانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، بە مەبەستی تۆمارکردن و دانانی ئاواز بۆ هۆنراوەکانی دەستپاکی، لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە کاری زۆر باشمان کردووە، لە ئێستادا گەیشتوینەتە قۆناغی کۆتایی کارەکانمان و هەنگاوی باشمان بڕیوە.

سەبارەت بە وانەی پەروەردەی هونەر و میتۆدەکان و ڕێبەری مامۆستا، لەم بوارەشدا بەپێی پسپۆڕییەکان کاری زۆر باش کراوە، واتە هەرسێ بەشە هونەرییەکە (موزیك،شانۆ، شێوەکاری)، بۆیە ئەو ڕێبەرە زۆر گرنگ دەبێت بۆ مامۆستایانی وانەی پەروەردەی هونەری، بەو هیوایەی لە ساڵی داهاتووی خوێندندا ئەو ڕێبەرە بۆ مامۆستایانی هونەر ئامادە بێت و ببێتە فاکتەرێکی باش بۆ وانەی پەروەردەی هونەری.







شیلان عەبدوڵڵا

یاریزانی تۆپی پێی گازی باکوور:

# یاریکردن لە هەڵبژاردەی عێراقی هەستێکی زۆر خۆشم پێی دەبەخشێت، چونکە هەموو یاریزانێک ناتوانێ پێی بگات

تیپی تۆپی پێی گازی باکووری شاری کەرکووک یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەر ئاستی کوردستان و عێراق، یانەکە یەکێکە لەم یانانەی کە گرنگیی زۆر بە یارییە وەرزشیەکانی ئافرەتان دەدەن، هەموو کات کچە یاریزانانی ئەو یانەیە ڕکابەری سەرسەختی یانەکانی دیکەی کوردستانن، لە زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکاندا ساڵانە تیپە جیاوازەکان بەشدارن لە خولەکانی عێراق و کوردستان، یانەی گازی باکووریش یەکێکە لەو یانانەی کە گرنگیی زۆر بە بواری وەرزشی دەدەن لە سەر ئاستی کچان، بەتایبەتی یاریی فوتساڵ، تیپەکەش خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە ساڵانە لە هەریەك لە خولەکانی کوردستان و عێراق بەشدارن، کچانی هەولێر بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە و شەڕکردن لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکانی کوردستان و عێراق، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لەگەڵ یانەکەی لەسەر ئاستی کوردستان (شیلان عەبدوڵڵا)یە، کە لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی پارێزگای هەولێرە و قوتابیی قۆناغی پێنجەمی پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشییە، پێشتریش بۆ هەریەك لە یانەکانی (چۆمان، نەفتی باکوور، بیلادی، زەورا، هەڵبژاردەی تۆپی پێی عێراقی) یاریی کردوە، ئەمساڵیش لە یاریی فوتساڵدا یاری بۆ یانەی ڕواندز و لە خولی عێراقیش بۆ گازی باکوور یاری دەکات، لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجام دا.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** چۆن بوو بڕیارت دا یاریی تۆپی پێ هەڵبژێریت؟**

- هەر لە منداڵییەوە حەزم لە وەرزش بوو، بەتایبەتی یاریی تۆپی پێ.

*** هەست ناکەیت وەرزشێکی ئەستەمت هەڵبژاردووە کە زیاتر ڕکابەرییە؟**

- بۆمن قورس نییە، چونکە هەڵبژاردەی خۆمە و ئەگەر هەڵبژاردەی خۆت بێت قورس نابێت، بەڵام ڕێگەی سەخت دەگریتە بەر تاکو بگەیتە ئامانجەکەت.

*** بۆچی یاریی تۆپی پێ لە ئاستی پێویستدا نییە؟**

- لە بەر ئەوەی گرنگیی پێ نادرێت، بەتایبەتی بۆ ئافرەتان.

*** هەست ناکەیت ئەم یارییە پێشوازیی باشی لێ نەکراوە لە شارەکانی کوردستان؟**

- بەڵێ زۆر زۆریش ڕاستە، بۆ ئافرەتان پێشوازی لێ نەکراوە، لە کاتێکدا ئافرەتیش مافی هەموو شتێکی هەیە وەکو پیاوان.

*** ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان ؟**

- سوپاس بۆ خودای گەورە ئەمساڵ باشترە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، پێویستە گرنگیی زیاتری پێ بدرێت لە گشت ڕوویەکەوە.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانەپێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم وەرزشە؟**

- دەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە گرنگی بدەن بە ئافرەتان، چونکە ئافرەتانیش بە شێوەیەکی گشتی پێویستیان بە گرنگی پێدانە و دەبێ مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت.

*** بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشوانێك؟**

- حەز دەکەم یەکێك بم لەو یاریزانە کە لە دەرەوەی وڵات یاری بکەم، زۆریش هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی بەو ئامانجەم بگەم.

*** لە دوو خولدا یاری دەکەی، خولی کوردستان و عێراق، کامەی بەهێزترە؟**

- خولی عێراقی بەهێزترە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-نەبوونی شتە پێویستەکان کە لە کاتی خۆیدا گرنگیی پێ نادرێت، ئەوەش هەمووی گرفتە بۆ ئەم وەرزشە.

*** خەونی وەرزشیت چییە بۆ داهاتووت؟**

- هیوادارم ئەو کچانەی خەونی وەرزشکردنیان هەیە خێزانەکانیان هاوکاریان بن، چونکە خێزان هۆکارێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

*** هیچ گرێبەستێکت پێشکەش کراوە لەلایەن یانەکانی دیکەوە؟**

- بەڵێ گرێبەستی یانەکانی دیکەم بۆ هاتووە، بەڵام بڕیارم لەسەر نەداون.

*** یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی چ هەستێکت پێ دەبەخشێ؟**

- یاریکردن لە ڕیزی هەڵبژاردەی عێراقی هەستێکی زۆر خۆشم پێی دەبەخشێت، چونکە هەموو یاریزانێك ناتوانێ پێی بگات، سوپاس بۆ خودا ئەمە بۆ من هەستێکی تایبەت بووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤارەکەتان گۆڤاری گوڵان، کە بەردەوام پشتگیریی یایزانەکانی کوردستان دەکات، هیوادارم لایەنی بەرپرسیش گرنگی بە وەرزشی ئافرەتان بدەن.




# لیبرۆن جیمس ڕیکۆردی تۆمارکرد

لیبرۆن جیمس، ئەستێرەی تیپی باسکەی لۆس ئەنجلۆس لیکەرز بەردەوامە لەسەر شکاندنی ژمارە پێوانەییەکان و ئەمجارەیان لە یاری بەرانبەر دێنڤەر ناگێتس ڕیکۆردێکی دیکەی تۆمارکرد.

لە خولی باسکەی ئەمریکا (NBA)، لۆس ئەنجلۆس لیکەرز لە هۆڵی خۆیدا میوانداری دێنڤەر ناگێتسی کرد و یارییەکەشی بە ئەنجامی ١١٤-١٢٤ خاڵ دۆڕاند.

ئەم یارییە بۆ لیبرۆن جمیس ئەستێرەی (NBA) جیاوازبوو، ئەو یاریزانە توانی بە تۆمار کردنی ٢٦ خاڵ ژمارەی خاڵەکانی لە خولی (NBA)، بگەینێتە ٤٠٠٠٠ خاڵ.

خاوەنی ژمارەی پێوانەیی زۆرترین خاڵ لە خولی باسکەی ئەمریکا، پێشتر بە ناوی کەریم عەبدولجەبار بوو، ئەو یاریزانە خاوەنی ٣٨٣٨٧ خاڵ بوو، بەڵام جیمس ئەم ڕیکۆردەی لە ساڵی ڕابردوو بە ناوی خۆیەوە کرد.


لیبرۆن جیمس ٢١ یەک وەرزە لەسەر یەک لە خولی باسکەی ئەمریکا ناسراو بە NBA یاریی دەکات وئەو یاریزانە ٣٩ ساڵانە ژمارەیەکی دیکەی پێوانەیی لەم یارییە تۆمار کرد، بووە یەکەم یاریزانە لە مێژوودا ١٢٠٥ یاری زیاتر لە ١٠ خاڵ تۆمار بکات.



# ڕۆناڵدۆ باشترینەکانی تۆپی پێی هەڵبژارد

ڕۆناڵدۆ دیاردەی بەڕازیلی باشترین چوار یاریزانی مێژووی تۆپی پێ هەڵدەبژێرێت بەبێ ئەوەی ناوی خۆی لە لیستەکە دابنێت.
ئەستێرەکەی پێشووی بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدرید و میلان و ئەنتەرمیلان لە نێو لیستە ٤ یاریزانییەکە هەریەکە لە لیۆنێل میسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی هەڵبژاردووە.
ڕۆناڵدۆ دەڵێت: هەریەکە لە پێلێ، دییگۆ مارادۆنا، لیۆنێل میسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە پێشەنگی باشترین یاریزانەکانی مێژووی تۆپی پێن.
ئەگەرچی ڕۆناڵدۆ خۆی لە دەرەوەی لیستەکە داناوە، بەڵام هەمووان لەسەر ئەوە کۆکن تاکە یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێ ناوی «دیاردە»ی لێنراوە و بە یەکێک لە ١٠ باشترین یاریزانەکانی مێژووی تۆپی پێ دادەنرێت.
ڕۆناڵدۆ بە یەکێک لە لێهاتووترین هێرشبەرەکانی مێژوو دادەنرێت و چەندان نازناوی لەگەڵ یانەکان و هەڵبژاردەی بەڕازیل بردووەتەوە.
کاروانی یاریکردنی ڕۆناڵدۆ لە ساڵی ١٩٩٣ لەگەڵ یانەی کرۆزیرۆی بەڕازیلی دەستپێکرد ساڵی دواتر ڕووی لە یانەی ئایندهۆڤنی هۆڵەندی کرد و دواتر یاریی بۆ یانەکانی ئەنتەرمیلان و بەرشلۆنە و ڕیاڵ مەدرید کرد.

# ڕەخنە لە ڕۆناڵدۆ دەگیرێت



ئەستێرەیەکی پێشووی فەرەنسا، هێرشدەکاتە سەر کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ ئەستێرەی هەڵبژاردەی پۆرتوگال و یانەی نەسر، بەهۆی ئەوەی دۆن گوتبووی خولی سعودی لە خولی فەرەنسا بەهێزترە.
فرانک لوبۆف یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی چێڵسی لە لێدوانێکدا، کە لە ڕۆژنامەی دەیلی مەیلی بەریتانی بڵاوکراوە و گوتی: نیگەرانبووم کاتێک گوێم لێبوو کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ گوتی خولی سعودی لە خولی فەرەنسی بەهێزترە.
ئەو یاریزانەی پێشووی فەرەنسا دەڵێت: بۆ ئاوا بیر دەکەیتەوە؟ بۆچی خولی فەرەنسیی هەڵبژارد و خولی پۆرتوگالی نەبوو؟ هۆکارەکەی ئەوەیە، کە لیۆنێل میسی لە فەرەنسا یارییکردووە.
لوبۆف زیاتر گوتی: ڕێزی زۆرم بۆ کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ وەکو یاریزان، بەڵام ناکرێت ئەم قسانە بکات و پێویستە بێدەنگبێت لە بەرامبەر ئەو نادادپەروەرییەی بەرامبەر خولی فەرەنسا دەکات.
لەبارەی هەلی پۆرتوگال بۆ بردنەوەی نازناوی یۆرۆی ٢٠٢٤، فرانک قسەیکردووە و گوتی: ئەوان بەربژێرن بۆ بردنەوەی نازناوەکە، دەتوانن نازناوەکە ببەنەوە، بەو مەرجەی ڕۆناڵدۆ بەشداری نەکات.
یاریزانی پێشووی یانەی چێڵسی دەڵێت: ناکرێت مێژووی ڕۆناڵدۆ ئەوەی پێشکەشیکردووە لەبیربکەین، لەبەرئەوەی لە خولی سعودی واز لە یارییکردن دەهێنێت سوپاسی دەکەم، کە یارییەکەی بردە ئاستێکی دیکە، بەڵام کۆتایی بۆ هەموو کەسێک هەیە.
لە کۆتایی قسەکانیدا فرانک لوبۆف گوتی: کریستیانۆ مافی خۆیەتی لەوێ یاری بکات، هەرچەند پێموایە ئەو پێویستیی بە پارەیەکی زیاتر نییە.
فرانک لوبۆف، ئێستا تەمەنی ٥٦ ساڵە، لە ساڵی ١٩٩٥ تاوەکو ٢٠٠٢ یاریی بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا کردووە، لەسەر ئاستی یانەکان، یاریی بۆ یانەکانی لاڤال، ستراسبۆرگ، چێڵسی، مارسیلیا، سەد، وەکرە و هولیۆود یۆنایتدی ئەمریکی کردووە.



# پیشەسازی گەیشتە ئامانجەکەی

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی پیشەسازیی شاری هەولێر یەکێکە لەو یانانەی کە ئەمساڵ بە پلانێکی تۆکمە و بە کۆمەڵێك یاریزانی ئاست بەرز توانی بەشداری کێبرکێیەکانی ڕیزی یانە پلە یەکەکانی ئەم وەرزە بکات، یانەکە تاکە نوێنەری سەنتەری شاری هەولێر بوو لە خولەکە، لەم وەرزەش لە کۆی ئەنجامدانی ١٥ یاری لە خولەکە هیچ یارییەکی نەدۆڕاندوە و ١١ یاری بردووەتەوە ٤ یاریش بە یەکسان بوون کۆتایی هاتووە، خاوەنی ٣٧ خاڵە و لە پێشەنگی یانەکان دێت، بووە یەکەم یانەکە لە خولەکە کە پلێتی سەرکەوتنی بۆ ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بەدەست هێناوە، لەم وەرزە یانەکە بە شێوەیەکی تۆکمە بە سەرپەرشتی ڕاهێنەری لاو (مەولود ڕەمەزان) دەستی بە ئامادەکارییەکان کردبوو، هەر لە سەرەتای خولەکەوە بە ئامانجی گەورە هەنگاویان نابوو بۆ گەیشتن بە خەونەکەیان، بۆ ئەوەی بتوانن خۆیان بگەیەننە ڕیزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان، هەفتەیەك بەر لە کۆتاییهاتنی یارییەکانیش یانەکە سەرکەوتنی مسۆگەر کردبوو، هەر چەندە لە ڕووی جەماوەرییەوە خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری هاندەرانی وەرزشی نییە، بەڵام خاوەن دەستەیەکی تۆکمە بوون لە ڕووی یاریزانان و ڕاهێنەران، کە توانیان ئامانجە گەورەکەیان بەدی بهێنن، ڕیکۆردێکیش تۆماربکەن لە ١٤ یاریی ڕابردوو هیچ یارییەکیان نەدۆڕاندووە لە خولەکەدا، ئەمەش بۆ کارگێڕیی یانەکە دەستکەوتێکی گرنگە.





# یانەی پەروەردە ئامادەکارییەکانی تەواوی کردووە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی پەروەردە بۆ دووەم ساڵ لە سەر یەك بەشداری لە یارییەکانی وەرزی نوێ خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان دەکات، وەرزی ڕابردوو یانەکە یەك هەنگاوی مابوو بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکەی، بەڵام خەونەکەی نەبوو بە ڕاستی، ئەم وەرزە یانەکە بە هیوایەکی زۆرەوە چاوی لەوەیە بتوانێ یەکێك لە پلێتەکانی گەیشتن بە ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان بەدەست بهێنێت، لەم بارەشەوە محەمەد خالید یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی پەروەردە، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «نزیکەی مانگێگ زیاترە دەستمان بە ئامادەکارییەکان کردووە و ئێستا مەشقەکانمان چڕ کردووتەوە، تیپەکەشمان لە گشت ڕوویەکەوە لە دۆخێکی باش دایە»، لە بارەی هاتنی یاریزانی تازەش بۆ یانەکە محەمەد خالید گوتیشی: «تیپەکەمان تەواوە بەڵام کارگێڕیی یانەکە بڕیاری داوە چەند یاریزانێکی پیشەگەرمان بۆ بهێنێت، بۆ ئەوەی پێکهاتەی تیپەکەمان بەهێزتر دەبێت و ئامانجی ئێمە لەم وەرزە سەرخستنی تیپەکەیە بۆ ڕیزی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، تاکو ئێست هیچ کێشە و گرفتێکمان نییە، چ لە ڕووی هونەری و چ لە ڕووی داراییەوە، بەهیوای ئەوەین بتوانین ئاست و ئەنجامی شایستە لە یارییەکاندا پێشکەش بکەین».

# فێستیڤاڵی پەروەردەکانی پارێزگای هەولێر بەڕێوەدەچێت



بەمەبەستی گرنگیدان بە وەرزش لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی هەولێر، بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی وەرزشی و دێدەوانی ماوەیەکی زۆرە ئامادەکاری دەکات، بۆ بەڕێوەچوونی فێستیڤاڵی وەرزشیی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، کە هەریەك لە پەروەردەکانی (ناوەندی هەولێر، بنەسڵاوە، دەوروبەر، خەبات، شەقڵاوە، کۆیە، مەخمور) لە خۆ دەگرێت، مامۆستا لوقمان سەعید بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێر لەگەڵ سەرپەرشتیارانی وەرزشی و بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزشی پەروەردەی قەزاکان کۆبووەوە، لە نزیکەوە گوێی لە داواکاری و پێشنیارەکان گرت، لە بارەی ئەنجامدانی فێستیڤاڵی ساڵانەی پەروەردەکانیش (مامۆستا بێجان ئیبراهیم) بەڕێوەبەری چالاکیی وەرزش و دێدەوانیی پارێزگای هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکاریی پێویستمان کردووە بۆ ئەوەی لە مانگی ٤ی بە شێوازێکی زۆر جوان فیستیڤاڵەکە ئەنجام بدەین، لە گشت ڕوویەکەوە کارمان بۆ سەرخستنی ئەم فێستیڤاڵە کردووە، سوپاسی بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی هەولێریش دەکەین کە هەموو پاڵپشتییەکی بۆ وەرزش لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان نیشان داوە و، هۆکارێکی باشە بۆ سەرخستنی پرسی وەرزشی لە ناوەندەکانی خوێندن، لەگەڵ سەرجەم بەرپرسی چالاکیی وەرزشی پەروەردەی قەزاکان و سەرپەرشتیارانی وەرزشی کۆبووینەتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین کارێکی جوان ئەنجام بدەین، فێستیڤاڵەکەش لە یاریگەی شەهید فەرەنسۆ هەریری بەڕێوە دەچێت، هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوەیە بتوانین کارێکی سەرکەوتوو بە هاوکاری هەموو لایەك ئەنجام بدەین».



# ئاردی گەنمەشامی خۆراکێکی تەندروستە

ئارد یان پاودەری گەنمەشامی تەواو Corn flour بریتییە لە هاڕینی دەنکی تەواوی گەنمەشامی وشککراو، کە جیاوازە لەگەڵ نیشاستەی گەنمەشامی Cornstarch کە تەنیا لە بەشە نیشاستەییەکەی دەنکەکان وەرگیراوە. ئاردی گەنمەشامی سوودی تەندروستیی زۆری هەیە، هەروەها پرۆتینی گلوتینی Glu-ten تێدا نییە، کە بۆ هەندێك کەس گرفتی بەرگەنەگرتن پەیدادەکات. سوودە تەندروستییەکانی ئاردی گەنمەشامی تەواو: وەکو سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی ماددە دژەئۆکسانەکان لە جۆری پۆلیفینۆلەکان سوودی زۆری هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ بەهۆی ڕێژەی بەرزەکەی ریشاڵی تەواوە، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و پتەویی ددانەکان بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی کانزای مەگنسیۆم و پۆتاسیۆم، دابەزاندنی پەستانی بەرزی خوێن، باشترکردنی فرمانەکانی مێشك و سووککردنی نیشانەکانی نەخۆشیی ئەلزهایمەر، کەمکردنەوەی ئەگەری کەمخوێنی، کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش لە ڕێگەی هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی زۆر، بە مەرجێك بە بڕی کەم بخورێت، هاندانی کرداری هەرسکردن لەگەڵ زیادکردنی گەشەی بەکتریای سوودبەخشی کۆڵۆن و خۆپاراستن لە قەبزی، پاراستنی کۆرپە لە سەقەتیی زگماکی لە ئافرەتی دووگیاندا، هەروەها ئاردی گەنمەشامیی تەواو سەرچاوەیەکی باشی وزەیە بۆ لەش، بۆنموونە نانی گەنمەشامی وزەیەکی باش و ڤیتامینەکانی B1، B2، B3، B9 بۆ لەش دابین دەکات.





# بەهای خۆراکیی نیسك

نیسك Lentils بەهایەکی خۆراکیی بەرزی هەیە، گەلێك ماددەی گرنگ لەخۆدەگرێت کە سوودی زۆریان بۆ لەش هەیە وەکو: پرۆتین، ریشاڵی نەتواوە، ڤیتامینەکانی B1، B2، B3،B5، B6، B9، لەگەڵ کانزاکانی ئاسن، کالسیۆم، فۆسفۆر، مەگنسیۆم، کۆپەر، مەنگەنیز، پۆتاسیۆم، زینك (تۆتیا). بایەخی تەندروستیی نیسك: دابینکردنی بڕێکی باشی پرۆتین و هێشتنەوەی هەستی تێربوون بۆ ماوەیەکی باش، هاندانی جووڵەی دروستی ڕیخۆڵە، هاندانی دابەزاندنی کێشی لەش بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی ریشاڵ، خۆپاراستن لە قەبزی، جێگیرکردنی ئاستی شەکری خوێن بۆیە خۆراکێکی گونجاوە بۆ نەخۆشانی شەکرە، پاراستنی تەندروستیی دڵ، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، دواخستنی کرداری پیربوونی پێست، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و ددانەکان بەهۆی ڕێژە بەرزەکەی کالسیۆم و مەگنسیۆم و فۆسفۆر، هاندانی کرداری میتابۆلیزم و کۆنترۆڵکردنی ئاستی چەورییەکانی خوێن، کەمکردنەوەی ئەگەری تووشبوون بە چەند جۆرێکی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی سییەکان، کۆڵۆن، شێرپەنجەی مەمك لە ئافرەتدا، هەروەها نیسك ماددەی دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرێت لە جۆری پۆلیفینۆلەکان Polyphenols کە ڕۆڵیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەش و پاراستنی کۆئەندامی دەمار.



# ئایا زیاد خواردنی شیرینی هۆکارە بۆ نەخۆشیی شەکرە؟

بە گشتی خواردنی شیرینی جار بە جار هەتا بە بڕی زۆریش بێت، هەرگیز ڕاستەوخۆ نابێتە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لەو کەسانەی کە کێشی لەشیان زیاد نییە و تەندروستن، بەڵام زیاد خواردنی شیرینی بە شێوەیەکی بەردەوام زیانی تەندروستیی زۆری دەبێت، بەتایبەتی زیادبوونی کێشی لەش و تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە و نەخۆشیی دیکە. ئەمەش سەلمێندراوە کە شەکر و خۆراکی شیرین هۆکارن بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، بەردەوامبوونی ئەم حاڵەتە هۆکارە بۆ تووشبوون بە حاڵەتی پێش شەکرە Prediabetes یان تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، بۆنموونە لە لێکۆڵینەوەکاندا هاتووە کە ڕۆژانە خواردنەوەی چەند شلەمەنییەکی شیرینکراو ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم تا ڕێژەی ٢٥٪ بەرز دەکاتەوە، هەروەها ڕۆژانە خواردنەوەی تەنیا یەك شلەمەنیی شیرینکراو ئەگەری تووشبوون تا ڕێژەی ١٣٪ بەرز دەکاتەوە. زیاد خواردنی شەکر یان شیرینی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە زیاد دەکات. کاریگەریی ڕاستەوخۆ بریتییە لە زیادبوونی ڕێژەی چەوریی جگەر، بەرزبوونەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، لەگەڵ پەیدابوونی بەرگریی خۆجێیی دژ بە هۆرمۆنی ئینسولین، ئەمەش هاندەر دەبێت بۆ زیاد دەردانی ئینسولین لە گلاندی پەنکریاس و زیادبوونی ئەگەری نەخۆشیی شەکرەدا. کاریگەریی ناڕاستەوخۆ بریتییە لە ئەگەری زیادبوونی کێشی لەش و ڕێژەی چەوریی لەشدا کە هاندەرە بۆ تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم.





## ئایا ڕۆژانە چەند ڤـ

ڤیتامین C کە بە ترشی ئەسکۆربیك Ascorbic acid ناسراوە، لە ئاودا دەتوێتەوە و سیفەتی دژەئۆکسانی بەهێزی هەیە، واتە ڕۆڵی هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان، سوودەکانی دیکەی بریتین لە: هاندانی چاکبوونەوەی برین و دروستبوونی شانە بەستەرەکان و پرۆتینی کۆلاجین لە پێستدا، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، هاندانی هەڵمژینی ئاسن لە کۆئەندامی هەرس و خۆپاراستن لە کەمخوێنی، کۆنترۆڵکردنی پەستانی خوێن، پاراستنی





## جۆری پێستت بناسە!

ئاشنابوون بە جۆری پێست زۆر گرنگە بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەی دروستی مامەڵەکردن لەگەڵیدا، بەگشتی پێنج جۆری پێست هەیە، کە بریتین لە: پێستی ئاسایی Normal، چەور Oily، وشك Dry، تێکەڵاو Combination، لەگەڵ پێستی هەستیار Sensitive. جۆری پێست بەندە بە: ڕێژەی ئاو لە پێستدا، کە کاریگەری دەکاتە سەر توانای لاستیکیی پێست، ئاستی چەوریی پێست کە نەرمیی پێست دیاری دەکات، هەروەها چەندێتی هەستیاربوونی پێست. پێستی ئاسایی: سافە، کونەکانی پێست بە ڕوونی دیار نین، ئاستی هەستیاریی کەمە، لەگەڵ بوونی بریقەی پێست. پێستی تێکەڵاو: بەشێکی ئاسایی و بەشێکی وشکە، هەندێك شوێنی تریش چەورن، کونەکان کراوەن و گەورەتر دێنە بەرچاو، لەگەڵ بوونی زیوان و بریقەی پێست. پێستی وشك: پێستێکی زبرە، کونەکانی پێست بە تەواوی دیار نین، بوونی پەڵەی سوور، کەمی توانای لاستیکی، هەروەها بەرجەستەبوونی هێڵەکان. پێستی وشك زوو دەقڵیشێت، تفر دەکات، تووشی خورشت دەبێت، هەروەها زوو تووشی سووتانەوە و هەوکردن دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی (جینەکان، بەساڵاچوون یان گۆڕانی هۆرمۆنی، کەشوهەوا وەکو تیشکی خۆر، با، ساردی، تیشکی سەرووی وەنەوشەیی، گەرمیی ناوماڵ، وەرگرتنی دوشی گەرم بۆ ماوەیەکی زۆر، پێکهاتەکانی سابون و ماددەی پاککەرە و ئاوێتەکانی ئارایشت). پێستی چەور: کونەکانی پێست گەورە و بەرجەستەن، بریقەدار، زیوان و زیپکە بەدی دەکرێن. ئاستی چەوریی پێست دەگۆڕێت بە پێی کاتەکانی ساڵ، باڵغبوون و گۆڕانە هۆرمۆنییەکان، سترێس، گەرما و ڕێژەی بەرزی شێداریی هەوا. پێستی هەستیار: زوو تووشی سووربوونەوە و خورشت دەبێت، لەگەڵ وشکبوون و سووتانەوە.

# ڤیتامین C پێویستە؟

تەندروستیی دڵ، پاراستنی تەندروستیی چاو، بەتایبەتی بۆڕییەکانیی خوێن و کەمکردنەوەی ئەگەری ئاوی سپی لەگەڵ خۆپاراستن لە گۆڕانەکانی تۆڕەی چاو، کە پەیوەستن بە تەمەن AMD، کەمکردنەوەی ئاستی هەوکردن لە لەشدا، پاراستنی تەندروستیی ئێسك و ددان، باشترکردنی توانا و فرمانەکانی مێشك، هەرروەها باشترکردنی مەزاج و سوککردنی سترێس. سەرچاوە خۆراکییەکانی ڤیتامین C: میوە مزرەکان، کیوی، شیلیك، بیبەری شیرین، برۆکۆلی، تەماتە. پێویستیی ڕۆژانەی ڤیتامین C بۆ کەسانی پێگەیشتوو بریتییە لە ٩٠ ملگم بۆ پیاو و ٧٥ ملگم بۆ ئافرەت، هەروەها ڕۆژانە ١٢٥-٢٠٠ ملگم بۆ کەسانی جگەرەکێش، کەسانی قەڵەو، ئافرەتی دووگیان، لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ژێر سترێسی بەردەوام دان.



# مەشقی وەرزشی لە مانگی ڕەمەزاندا



لە گەڵ مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا کات و ساتەکانی خواردن و مەشقی وەرزشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، بۆنموونە گەلێك کەس لەم مانگەدا دوور دەکەونەوە لە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی یان لە کاتی نەگونجاودا مەشقی توند ئەنجام دەدەن، کە کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر توانای ڕۆژووگرتن و تەندروستی. مەشقی وەرزشی کاردانەوەی ئەرێنیی زۆری دەبێت لەسەر تەندروستیی دەروونی و جەستەیی ڕۆژوواندا، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی سوودی زۆری بۆ ڕۆژووان هەیە بە شێوەی زیادبوونی چالاکیی جگەر و کرداری میتابۆلیزمی Metabo-lism لەش، هەروەها توانای ماسوولکەکان بەرزدەکاتەوە، لەش لە چەوریی زیاد ڕزگار دەکات و کێشی لەش کۆنترۆڵ دەکات لەوکاتەی کە هەندێك لە خۆراکەکانی مانگی ڕەمەزان چەوری و شیرینیی زیاد لەخۆدەگرن، هەروەها هاندەرە بۆ سووککردنی گرژیی دەروونی و باشترکردنی مەزاج. وا باشە کە لە مانگی ڕەمەزاندا مەشقی وەرزشی لە کاتی نیوەڕۆدا ئەنجام نەدرێت، بەڵکو بخرێتە دوو کاتژمێر پێش بەربانگ یان دوو کاتژمێر پاش بەربانگ کردنەوە، هەروەها باشترە کە مەشقی وەرزشیی سووك یان مامناوەندی ئەنجام بدرێت.





# چاویلکەیەک لە جیهانی میتاڤۆرسدا

کاتێك باسی ئینتەرنێت دەکەن، دەڵێن جیهانی لە گوندێکدا کۆکردۆتەوە! چاویلکەی جۆری INMO Air2 هەموو جیهانی لە جامەکانی دا کۆکردۆتەوە! چاویلکەکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ chatgpt پەیوەندی هەیە و دەکرێ هەموو پرسیارێکی لێبکرێت. دەتوانی ڕاستەوخۆ فیلمەکان لە ئینتەرنێت وەربگرێ و سەیریان بکەی. بۆ گەشت و گەڕان و وەك وەرگێڕێکی بە توانا هاوکاری بەکارهێنەرەکەی دەکات. یەکەی لێکدانەیەکی بەهێزی لەسەرە کە لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێ و تواناکەی ١,٨ گیگابایتە. سیستەمی بلوتوس ٥ی لەسەرە و دەتوانێت لەگەڵ گشت ئامێرەکان لە پەیوەندی دابێت. کامێرایەکی بەهێزی هەیە بۆ وێنەگرتن و هەروەها فیلم بە کوالیتی بەرز هەڵدەگرێتەوە. ئەنگوستیلەیەکی لەگەڵدایە وەك ڕیمۆت کۆنترۆڵی چاویلکەکە سوودی لێوەردەگیردرێت.

# ئینتەرنێتی مانگی دەستکرد بۆ مۆبایل تاقیکرایەوە

«ئیلۆن ماسك» گەورە سەرمایەداری جیهان و خاوەنی پرۆژەی ئینتەرنێتی مانگی دەستکرد، ئەم ڕۆژانە لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی (X)دا ڕایگەیاند، ئینتەرنێت بۆ مۆبایلە ئاساییەکان بەبێ هیچ سەختە ئامرازێك بە سەرکەوتوویی تاقیکرایەوە.

مۆبایلە ئاساییەکان دەتوانن لە خزمەتگوزاری Direct to Cell سوود وەربگرن و دەق و دەنگ بۆ یەکتر بگوازنەوە. بڕیار بوو لە ساڵی ٢٠٢٤دا تەنیا دەق بگوازێتەوەو بۆ ساڵی ٢٠٢٥ دەنگیش بگوازێتەوە، بەڵام پێدەچێ ئەم پرۆژەیە کاتەکەی پێشکەوتبێ و هەر لەمساڵدا هەم دەنگ و هەم دەق بگوازێتەوە.

# دەستبەندێک تە

ئەوانەی شۆفێری دەکەن و بۆ ڕێگای دوور دەڕۆن بەتایبەتی ئۆتۆمبیلەکانی گواستنەوەو گەیاندن چونکە بە زۆری بەشەو بەڕێ دەکەون، خەو بەسەریاندا زاڵ دەبێ و زار هەیە بەهۆی خەوتن و خەونۆچکە بردنەوە، کارەساتی گەورە ڕوو دەدات.

دەستبەندی steer یارمەتی شۆفێران دەدات و هەرکاتێك خەو بەسەریاندا زاڵ بێت ئاگاداریان دەکاتەوە. دەستبەندەکە بەهۆی لێکدانەوەی لێدانی دڵ و گەیەنەری پێستی بەکارهێنەرەکەی دەزانێت ڕێژەی زاڵبوونی خەو چەندە، هەرکە بیهەوێ وەنەوز بدا دەستبەجێ بێداری دەکاتەوە.

دەستبەندەکە سێ گلۆپی لەسەرە، وەك ڕەنگی هێمای هاتووچۆ و هەمان مانا و واتاش دەبەخشن. لە ١٦ هەستەوەر پێکهاتووە. کاتێك دەستبەندکە پێدەبێت بۆ یەك خولەك لێدانی دڵ



# تەبلێتێکی 3D بەبێ چاویلکە

بۆ ئەوەی شاشەیەکی سێ ڕەهەندی ببینی چ لەتەلەڤزیۆن یا کۆمپیوتەر و مۆبایل پێویست دەکات چاویلکەی تایبەت بەخۆی بەکار بێنی. تەبلێتی جۆری Nubia Pad 3D تەبلێتێکی سێ ڕەهەندییە و بەرهەمی کۆمپانیای ZTEیە، خزمەتگوزاری Neovision 3D Anytime لەسەرە، ئەمەش وا دەکات هەر دیمەنێکی دوو ڕەهەندی بە شێوەی سێ ڕەهەندی ببینی. تەبلێتی ناوبراو لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێ و هەروەها تۆڕی وەرگرتنی خێرای لە جۆری 5G لەسەر داندراوە. شاشەکەی ١٢ئینجە و بە گەشی نیشاندانی 2.5K و هەروەها باترییەکەی دەهەزار واتە. میمۆرییەکەی ٥١٢ گیگابایتە.



# فڵچەی ددان و ژیریی دەستکرد

مانشێتەکەی سەرەوە ڕەنگە جێگای تێڕامان بێت! ئاخر (فڵچەی ددان و ژیریی دەستکرد؟) بەڵێ، لە داهاتوودا نەك فڵچەی ددان بەڵکو ڕەنگە گۆڕەوییەکانیشمان پەیوەندی بە زیرەکیی دەستکرەوە هەبێت.

فڵچەی ددانی جۆری usmile F1 کە بەرهەمهێنانی کۆمپانیایەکی چینییە، لە ژیریی دەستکرد سوود وەردەگرێت بۆ خاوێنکردنەوەی ددانەکان. بۆ ناسینی دەوروبەری ددانەکان شەش هەستەوەری تێدایە، هەستەوەری تایبەت بە زەخت کردن و خێرایی و و ماوەی فڵچە لێدان و چۆنییەتی فڵچە لێدانی تێدایە. هەستەوەری بلوتوس پەیوەندی فڵچەکە بە مۆبایل دادەمەزرێنێت. ئەگەر یەکجار شەحن بکرێتەوە ساڵێك شەحنی دانابەزێت. دوو سەرە فڵچەی لەگەڵدایە.

# ـــــــــیا بۆ شۆفێران

و گەیەنەری پێست لێکدەداتەوە و پاشان دیاری دەکات بەکارهێنەر ماندووە یا نا؟ لە هەر دوو چرکەدا ئەو ئەرکە ئەنجام دەدا و بە لەرزینێکی بەهێز و پێبوونی گلۆپی زەرد بەکارهێنەرەکەی ئاگادار دەکاتەوە.



# داهێنان و نوێکاری لە جیهانی لاپتۆپدا



کۆمپانیای asus بە لاپتۆپەکانی جۆری zeenbook توانیویەتی گۆڕانکارییەکی نوێ لە جیهانی لاپتۆپدا پێکبێنێ، بەتایبەتی لاپتۆپی جۆری Zenbook Duo UX8406، لاپتۆپێك لە دوو شاشە پێکهاتووە. شاشەیەك شوێنی کیبۆردی گرتۆتەوە و دەکرێت وەك کیبۆردی مەجازیش بەکاری بێنێ و هەم دەکرێت وەك شاشەی دووەم بۆ ئەوەی چەندین پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە و یا ئەوانەی کاری گرافیك دەکەن دەستیان ئاوەڵاتر بێ بۆ ئەرکەکانیان.

لاپتۆپەکە ١٤ ئینجە. کێشی ١,٣٥٠ گرامە. پرۆسیسەر یا یەکەی لێکدانەوەی ناوەندی بەهێزە و لە جۆری Intel Core Ultra 9 Processor 185H. رامەکەی ٣٢ گیگابایتە و هاردەکەکەی ٢ ترابایتە.

خاڵی جیاوازی ئەو لەگەڵ لاپتۆپەکانی دیکە ئەوەیە، دەکرێت لە دوو شاشە و کیبۆردێکی زیادیش سوود وەربگرێ و هەروەها دەکرێت شاشەکان بەشێوەی ١٨٠ پلە بسوڕێنی و لەسەر مێز دایبنێی، وای بکەی هەردوو شاشەکان پێکەوە وەك شاشەیەکی گەورەی لێبێت. شاشەکان لەمسین و دەکرێت بەقەڵەمی تایبەت سوودیان لێوەربگری.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت جیاوازی نێوان مۆبایلی سامسۆنگ و ئایفۆن لە چی دایە و کامەیان باشترن؟

خوێنەری بەڕێز، سامسۆنگ و ئایفۆن دوو براندی مۆبایلی جیهانین، هەرکامیان توانا و تایبەتمەندی خۆیان هەیە، مۆبایلی سامسۆنگ بەرفرەترە و ساڵانە بە دەیان جۆر لە مۆبایلەکانی خۆی دادەبەزێنێت، لە مۆبایلی هەرزانبایی هەتا گرانتر لە ئایفۆن. بەڵام ئایفۆن ساڵانە تەنیا یەك ڤێرژن و جار هەیە بە چەند ساڵێك ڤێرژنێك دادەبەزێنێ. لە شاشەدا مۆبایلی سامسۆنگ بەهێزترە چونکە لە سامسۆنگ تەنانەت لە مۆبایلە هەرزانبابییەکانیش شاشەی ١٢٠ هێرتزی بەکار دێنێ، بەڵام ئایفۆن هەتا ڤێرژنی ١٣ هەر ٦٠ هێرتزی بەکار دەهێنا. لە باتریدا سامسۆنگ باتری بەهێزترە. بەڵام لایەنگرانی ئایفۆن زیاترن.

# ئاپێکی ئەندرۆید تایبەت بە وێنە


سیستەمی ئەندرۆیدیش کە تایبەتە بە مۆبایل، هاوشێوەی سیستەمی ویندۆز خەریکی پەرەپێدانی پرۆگرام و ئاپی تایبەت بەخۆیەتی لە گشت بوارێکدا. لە بواری گرافیکدا هاوتای ویندۆز نییە، بەڵام بۆ زۆر ئەرك و کار جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، بەتایبەتی لە دەستکاری کردنی وێنەدا.

یەکێك لە پرۆگرامەکانی ئەو بوارە، پرۆگرامی PicsArt. ئاپەکە بۆ دەستکاریکردنی وێنەو گۆڕانکاری لەوێنەدا گرنگی خۆی هەیە، پرۆگرامەکە ئامرازی باشی هەیە بۆ لکاندن و بڕینی وێنە. هەروەها توانای دەستکاری کردنی وێنەکانی RAW هەیە کە فۆرماتێکی نوێیە و وێنەگرانی پیشەیی سوودی لێوەردەگرن.

بۆ دیزاینکردنی کارتی ریکلام، دروستکردنی پۆستەر، کتێبەکانی وێنەگەری و و کارتی شایی و بانگهێشت گرنگییەکی زۆری هەیە.

بەشێك لە خاڵە گرنگەکانی ئاپەکە ئەوانەن:

- دەستکاریکردنی وێنە بە بوونی دەیان فیلتەر و ئیفێکتی جۆراوجۆر.
- ڕەنگ کردن بە ئامرازی پێشکەوتوو بۆ دروستکردنی بەرهەمی هونەری.
- داکردنی وێنە بە گشت جۆرە فۆرماتێك.





# تەبلێتێک بۆ گەیم و بۆ کاری گرافیکی

تەبلێتی جۆری ONEXPLAYER X1، تەبلێتێکی ناوازەیە، وەك كۆنسۆڵێكی یارییە كۆمپیوتەرییەكان سوودی لێوەردەگیردرێت و هەم وەك لاپتۆپێك بەكار دەهێنرێت. ناوازەیی تەبلێتەكە لەوەدایە دوو ریمۆت كۆنترۆڵی گەیمی لە تەنیشتەكاندا دادەنرێت. قەوارەی تەبلێتەكە ١١ ئینجە، گەشی نیشاندانی ٢٥٦٠ لە ١٦٠٠دایە. ریمۆتەكانی تایبەت بەگەیم بەشێوەیەكی موگناتیسی پێوەدەنووسێن و لێدەكرێنەوە. پرۆسیسەرەكەی لە جۆری خێرای ئەنتەڵە، خێراییەكەی دەگاتە ٤٠ گیگابایت لە چركەیەكدا. USB.4ی لەسەردانراوە.

داك واتە ستاندێكی لە ژێرەوە دادەنرێت و بەهۆیەوە دەبێتە لاپتۆپ و كیبۆردی بۆ دادەنرێت، دەتوانی وەك لاپتۆپێكی بەهێز سوودی لێوەربگیردرێت. كارتی گرافیكی زۆر بەهێزە و بەتایبەتی ئەوانەی نەخشەسازی و كاری گرافیك دەكەن بۆ ئەوان سوودێكی زۆری هەیە. لە ئەلۆمینۆم دروستكراوە و كێشی تەنیا ٧٨٩ گرامە. پەنجە مۆری هەیە و هەروەها ناسینەوەی ڕوخساریش.



## ماڵپەڕێکی ژیریی دەستکرد بۆ دروستکردنی لۆگۆموشن


«لۆگۆ مۆشن» واتە لۆگۆی جوڵەدار، ئەو لۆگۆیانەی كە لە میدیا و سۆشیال میدا بۆ ریكلامكردن سوودیان لێوەردەگیردرێت و جوڵە دەكەن. دروستكردنی لۆگۆمۆشن زیاتر بە پرۆگرامی «ئەدۆب ئەفتەر ئێفێكت» دروست دەكرێت، بەڵام لە سەردەمی ژیریی دەستكرددا دەكرێ لە ماوەیەكی كەمدا «لۆگۆمۆشن»ێكی ناوازە لەكاتێكی كەمدا دروست بكرێت. بۆ ئەم مەبەستە سەر لە ماڵپەڕی renderforest.com بدە و هەژمارێك بكەوە، لە بەشی لۆگۆ مۆشندا ستایلێكی دیاریكراو بۆ لۆگۆكەت هەڵبژێرە، دەكرێ هەم دەقێك بنووسی و دەشكرێت وێنەیەكی دیاریكراو بۆ ئەم مەبەستە دابنێیی. پاشان لە ماوەیەكی كەمدا لۆگۆكەت ئامادە دەبێت. جگە لە لۆگۆمۆشن، لۆگۆی نۆرماڵیشی پێدروستدەكرێت.

## کامێرایەکی بچووک بۆ چاودێری تاکەکەسی




لە سەردەمی تەكنەلۆژیای نوێدا و لە سەردەمی ژیریی دەستكردا، كامێرایەكی چاودێری زۆر گرنگترە لە چەندین پاسەوان! كۆمپانیایەكی بەرهەمهێنی تەكنەلۆژیای نوێ، كامێرایەكی بچووكی بەرهەم هێناوە كە كێشەكەی تەنیا ٢٠ گرامە و وەك مەدالیای باج لەسەر سنگ دەدرێت و لەكاتی پێویستدا و كاتی مەترسی دەستبەجێ فیلم تۆمار دەكات و بۆ شوێنی مەبەستی دەنێرێت.

كامێرای جۆری PhoneCam لە داهاتوودا لەگەڵ ژیریی دەستكردی ChatGPT پەیوەند دەدرێت و خۆی مەترسییەكان دەستنیشان دەكات و بەكارهێنەر پێویست ناكات دەست بۆ دوگمەی تۆماركردن ببات، هەروەها جیاوازی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵی درندە دەكات.





# شۆێنەواری کۆنترین دەسەڵاتی کوردی





شوێنەواری (کچ کابان) یان (قزقاپان) پاشماوەی یەکەم دەوڵەتی کوردییە، کە ٧٠٠ ساڵ پێش زایین باپیرانی کورد (مادەکان) دایانمەزراندووە، ئەمە و سەدان شوێنەواری گرنگتری دەوڵەتی ماد هەبووە، بەڵام داگیرکەران و نەزان و هەندێك لە ساویلکە کوردەکان شکاندوونیان، یان لەناویان برد، قزقاپان بە دووریی ٥٠کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی. لە دۆڵی چەمی ڕەزان لە نزیك ئەشکەوتی زەرزی و گوندی زەرزی هەڵکەوتووە. هەروەها بە دووری ١٧کم دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی دووکان، بە بەرزایی ٧م لە شاخێك هەڵکۆڵدراوە، دەکەوێتە بەرامبەر گوندی عەوەڵان. لە ساڵۆنێك و سێ ژوور و سێ گۆڕی لە بەرد هەڵکۆڵدراو و چەندان نەخش پێکهاتووە. لە لای دەرەوەی ساڵۆنەکە نزیکەی پێنج مەتر درێژ و چوار مەتر بەرز و دوو موتر بەرین دەبیت.

دوو ستوون و پەیکەری دوو پاشاو هێمای ئایینی زەردەشتی (ئاهورە مەزدا) بەلای چەپییەوە هەڵکۆڵدراوەکەوە هەیە، چەندین هێما و نەخش و نیگار هەڵکۆڵدراوی دیکەش دەبینرێت، لە ڕێگەی دەرگایەکی یەك مەتر چوار گۆشە دەچێتە بەشی دووەم، کە لە سێ ژوور پێك هاتووە، هەر ژوورێك گۆڕێکی هەڵکۆڵدراوی تێدایە، بەڵام هیچ لە ناو گۆڕەکاندا نەماوە و بردراوە! مێژووی گۆڕەکانیش بۆ پاشاکانی دەوڵەتی ماددەکان ٦٣٣ ساڵ پێش زایین دەگەڕێنەوە، کە گومان دەکرێ گۆڕی پاشا کەیخەسرەو (٥٨٥ تا ٦٢٥پ ـ ز) پاشای دەوڵەتی ماد بوو بێت. پەیکەرەکانی دەرەوە دوو سەرکردەن لەسەر سەکۆی گفتوگۆ و ڕێکەوتن دانیشتون و پێ دەچێت خەریکی ڕێکەوتن بن و کۆتایی بە شەڕ و جەنگ بهێنن، هەردوو سەرکردە جلوبەرگیان جیاوازە. لە لای چەپەوە لۆگۆی زەردەشتییەکان بە باڵی کراوەوە هەیە. ئەم شوێنەوارە خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت و یەکێکە لە شوێنەوارە گرنگ و دەگمەنەکان و شێوەی لە شوێنەواری (بەترا)ی ئوردەن دەچێت، کە ساڵانە بە هەزاران گەشتیار سەردانی دەکات، شوێنێکی دیکەی هاوشێوەش (فەقرەقا)لە کوردستانی ڕۆژهەڵات نزیك شاری مهاباد هەیە کە پاشماوەی شارستانیەتی مادەکانە، بەڵام لە ڕووی پێکهاتەکەیەوە هێندەی قزقاپان گرنگ نییە، هەندێك شوێن و تاقی هاوشێوە و هاوسەردەم لە شاری کرمانشا هەیە. شوێنەوارناسان دەڵێن: وێنە هەڵکۆڵراوەکانی سەر ئەم ئەشکەوتە دەستکردە گوزارشت لە پاشاکانی میدیا، پاشا (کەیخسرەو)و پاشای(لیدیا-ئانیتا)دەکات، کە دوای جەنگێکی درێژ ڕێکەوتوون و ئاشت بوونەتەوە.

# جەستەیەکی سەراپای لە موو



ستیفان بیبرۆڤسکی خەڵکی پۆڵەندا لە ساڵی ١٨٩١ لەدایك بووە، هەرچەندە لە تەندروستییەکی باشدا بووە، بەڵام تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بووە کە بە هایپەرتریکۆسیس ناسراوە، ئەمەش بووە هۆی گەشەکردنی مووی درێژ لە هەموو جەستە و دەموچاویدا، دایکی هۆکاری ئەم حاڵەتەی گەڕاندووەتەوە بۆ ئەوەی کە کاتێك دووگیان بووە، لەلایەن شێرێکەوە هێرشی کراوەتە سەر، هەر ئەمەش بووە هۆکاری دەرکەوتنی ئەم کوڕە بەم شێوەیە، دواتر دایکی (ستیفان)ی داوەتە دەست هونەرمەندێکی ئەڵمانی کە وەك بەشێك لە نمایشێکی شانۆیی بەکاری دەهێنا، زۆری نەخایاند ئەوە ڕوون بووەوە کە ستیفان بە هیچ شێوەیەك دڕندە نەبووە، چونکە بە میهرەبان و زیرەکی ناسرابوو، دەیتوانی بە پێنج زمان قسە بکات و زۆرجار بەشێك لە کارەکانی بە قسەکردن بۆ خەڵکی دیکە بەسەر دەبرد، سەرکەوتنێکی هێندە گەورەی بەدەست هێنا کە توانی لە سییەکانی تەمەنیدا خانەنشین بێت، بە داخەوە لە تەمەنی ٤١ساڵیدا بەهۆی جەڵتەی دڵەوە کۆچی دوایی کردووە.

مەلا شکور هەروتی:

# لە زۆربەی شارەکانی کوردستان بانگم داوە و دەنگم بە تۆمارکراوی لە زۆربەی مزگەوتەکاندا هەیە

**بانگخوێنەکان، ئەوانەی بەر لە هەر نوێژێك بانگی خۆیان دەدەن، هەر یەکە بە ڕەنگ و تۆن و ڕیتمێکی تایبەت بەخۆیان بانگ دەدەن، زۆربەیان دەنگێکی خۆش و ساف و بە جۆشیان هەیە، لە کاتی بانگدانیشدا هەزاران ڕەحمەت و دەستخۆشی و ستایشیان بۆ دەچێت، مەلا شکور هەروتی یەکێك لە دەنگ خۆشترین بانگخوێنەکانی کوردستان، ئەو بەڕێزە لە زۆربەی مزگەوتەکان و بۆنە ئاینییەکاندا بانگ دەدات و قورئانیش دەخوێنێت، گۆڤاری گوڵان بە چەند پرسێك بەسەری کردەوە و ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوە...**



*** ئەگەر بکرێت زیاتر خۆت بە خوێنەرەکان بناسێنیت؟**

- ناوم مەلا شکور هەروتییە، خەڵکی گوندی شارسینەم لە دۆڵی ئالانەی سەر بە نەحیەی خەلیفان، پیشەم پێشنوێژی و وتارخوێنییە لە گوندی خەلان بیاو سەر بە ناحیەی خەلیفان.

*** لە کەیەوە دەستت بە بانگدان کردووە؟**

-من لە تەمەنی منداڵی و لە تەمەنی ١٣ساڵیدا دەستم بە بانگدان کرد، ئەو کاتە زۆر کەس پێیان دەگوتم دەنگت خۆشە و دەست بە بانگدان بکە.

***چۆن بوو دەنگی خۆت بۆ بانگدان تەرخان کرد تا خزمەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بکەیت؟**

-من کە هەستم کرد خاوەن بەهرەم و خەڵکیش هاندەرم بوون تا بانگ بدەم، بەتایبەت مامۆستا مەلا عەلی خەیلانی کە مامۆستای گوندی خۆمان بوو، ئەو زۆر هانی دام کە بانگ بدەم و فێری چۆنێتیی بانگدانی کردم.

*** جەماوەرێکی زۆر دەستخۆشی و ستایشی دەنگت دەکەن کاتێك گوێیان لە بانگەکانت دەبێت، هەستت چۆنە؟**

-هەست بە دڵخۆشی دەکەم کە زۆر کەس دەستخۆشیم لێ دەکەن، چونکە پیشەکەم پیشەیەکی پیرۆزە، کە بانگ دانە، بۆیە بە شانازییەوە هەتا ماوم بەو دەنگە بانگ دەدەم و خزمەتی ئایینی ئیسلامی پێ دەکەم.

*** ئایا بانگدانی ڕاستەقینە واتە بانگبێژ ڕاستەوخۆ بانگ بدات، یان تۆمار بکرێت و بە ئامێرەکان لێبدرێت، کامەیان باشترە؟**

- بێگومان باشترە بانگ ڕاستەوخۆ بدرێت، من ئەوەم پێ باشترە لەوەی کە ئەلیکترۆنی بدرێت، چونکە بانگبێژ هەرڕۆژە و لەسەر شێوازێك خۆی ڕادەهێنێت و ڕاهێنان دەکات، بەڵام ئەگەر تۆمار کراو بێت، یەك شێوازە.

*** تائێستا لە چەند مزگەوت و شوێنی دیکە بانگت داوە، ئەی بەشداریی هیچ پێشبڕکێ و خولێکی بانگدانت کردووە؟**

- لە زۆربەی مزگەوتەکانی ئەو کوردستانە خۆشەویستە بانگم داوە، لەوانە (قەزای ڕواندز، شاری سلێمانی، بیارە و تەوێڵە لە هەورامان، هەولێر، ئاکرێ، هەڵەبجەی شەهید) ئێستاش دەنگم بە تۆمار کراوی لەسەر ئامێرەکانی بانگدانی زۆربەی مزگەوتەکان هەیە.

***بە کام بانگبێژی جیهان سەرسامیت و دەنگی کێت پێ خۆشە؟**

-لە کوردستان و دەرەوەش زۆر بانگبێژی دەنگ خۆش و بەتوانا هەن، بەڵام ئەوەی زیاتر دەنگیم پێ خۆشە، سەرسامم بە بانگبێژی بەناوبانگی سعودی عەلی ئەحمەد مەولا، کە بە (عەلی مەولا) ناسراوە.


*** شێوازی بانگدانەکەت لاساییکردنەوەیە، یان خۆت ئەو شێواز و نۆتەت بۆ داناوە؟**

-شێوازی بانگدانم لاساییکردنەوە نییە و شێوازی تایبەت بە خۆمم هەیە، کە خۆم ئاواز و بەرزی و نزمیم لە دەنگ و تۆنەکانمدا بۆ داناوە.

# وشتر چۆن ئاو هەڵدەگرێت!


وشتر ئاو لە سووڕی خوێنیدا هەڵدەگرێت، بەوپێیەی خانەکانی خوێنی شێوەیان هێلکەییە و شێوەی گۆشەیی نییە وەك ئاژەڵ و زیندووەکانی دیکە، بۆیە وشتر بڕێکی زۆر ئاو دەخواتەوە و دواتر شێوەی خانەکانی خوێنی دەگۆڕێت بۆ شێوەی گۆشەیی، بەبێ ئەوەی بتەقێت، وەك چۆن وشتر دەتوانێت تا ٩٠ لیتر لە یەك کاتدا ئاو بخواتەوە، هەروەها دەتوانێت بۆ ماوەی حەوت ڕۆژی بەردەوام بەبێ ئاو بژی ئەگەر هەوڵ و تاقەتی خۆی بخاتە گەڕ بۆ کار، بەڵام ئەگەر هیچ کارێك نەکات، دەتوانێت بۆ ماوەی (١٠) مانگ بەبێ ئاو بژی. هەروەها وشتر توانای خواردنەوەی هەیە لە ئاوی خوێی دەریایی، بەو پێیەی گورچیلەکانی دەتوانێت لە خوێی زیادەی ناو ئاوەکە ڕزگاری بکات و توانای سوودوەرگرتن لە ئاوی شیرینی هەیە دوای فلتەرکردنی، هەروەها وشتر لە ماوەی سوڕی مانگانەدا میز ناکات و ئاو ناخواتەوە، بەڵکو بۆ قەرەبووکردنەوە بەکاری دەهێنێت، بە شێوازی فیزیۆلۆژی خۆی کە ئاوی کەمی هەیە.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە ئامۆژگاریی کەسانی گەورە بۆ بچووك و باوکان بۆمنداڵەکانیان دەکات، ئامۆژگارییەکە لە شێوەی جیاوازی ڕێکخستنی ڕەنگەکانی یاریی کیوبە، کە ئەوەی باوکەکە ڕێکە و منداڵەکەش هێشتا ڕێکی نەخستووە.



## دیمەنە سەیرەکان

بەرزکەرەوە بە هێزی هەڵم

دیمەنی بەرزکەرەوەیەك (مصعد) کە بە هەڵم کاردەکات لە ماڵی کاپتنی پاسەوان (ئێس مویاکی) لە شاری سانت پترسبۆرگ لە ڕووسیا،کە لە ساڵی ١٩٠٣ دروست کراوە.

## یاسا



### سزای کەسێك چییە کە بە بێ مەبەست کەسێك بکوژێ؟

ئەگەر کەسێك بە نەزانین و بێ مەبەستی کوشتن، کەسێك بکوژێت، ئەوا بەپێی مادە ٤١١ لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە ١١١ ی ساڵی ١٩٦٩ سزا دەدرێت بە: غەرامەکردن یان بە حەپسکردن، کە نابێت لە یەك ساڵ زیاتر بێت. ئەم سزایانە بۆ کاتێکە یەك کەسی کوشتبێت و بە نەزانین و بێ مەبەست بێت، لە شەریعەتی ئیسلامیشدا باسی کوشتنی هەڵە کراوە، لە سورەتی (النساء)دا خودای گەورە دەفەرموێت: «بۆ هیچ ئیماندارێك نییە ئیمانداری‌کی دیکە بکوژێت، مەگەر بە هەڵە، خۆ ئەگەر بە هەڵە کوشتی، دەبێت بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکات و خوێنبایی کوژراویش بدات بە کەسوکاری، ئەوانیش وەك میرات دابەشی بکەن لە نێوان میراتگراندا، و ئەگەر سەردەمێك بوو بەندایەتی نەما بوو هەروەها پارەو سامانیشی نەبوو کە وەك خوێن بایی بیدات بە کەسوکاری کوژراو، ئەوا با دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت».

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کاتێك ڕووبەڕووی گرفتێك دەبیتەوە، زیادەڕەوی لە کاردانەوەکانتدا مەکە بەرامبەر هاوپیشەکانت، بۆ ئەوەی تووشی گرفت نەبیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەست بە ئارامی دەکەیت و کاتێکی ڕۆمانسی پێکەوە بەسەردەبەن، وازبهێنە لە هەر کارێك کە ماندووبوونێکی زیاد لە توانای دەوێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

متمانەت بەخۆت هەبێت، بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورە بنێیت و بەربەستەکان تێپەڕێنیت، بەهۆی دڵەڕاوکێ و تورەییەوە ئەمڕۆ ڕەنگە تووشی ناکۆکی و دەنگەدەنگ ببیت، بەڵام باشترە خۆت دوور بگریت لە ئازیزانت تا ئارام دەبیتەوە، تەندروستیت لە ئێستادا جێگیرە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

لایەنی پیشەییت لە ئێستادا جێگیرە و پەیوەندیت لەگەڵ هاوپیشەکانتدا چالاك بکە، وا هەست دەکەیت هەموان دەیانەوێت زیانت پێ بگەیەنن لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام ئەمە بیرکردنەوەی هەڵەیە بەرامبەر خێزانەکەت، ئەگەر تەندروستیت باش نییە، پشکنینی گشتی ئەنجام بدە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەزموونی کارەکانت یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی چارەسەری هەموو کێشەکانت بکەیت، لە ڕووی پیشەییەوە بە شێوەیەکی دیبلۆماسی، بەشداریی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکە، یان سەردانی خێزانی ئەنجام بدە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکانت چالاك بێت، ڕەنگە ئەم ماوەیە زۆر ماندووبیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

خۆت بەدوور بگرە لە هەموو بیرکردنەوەیەکی نەرێنی، هەوڵ بدە هەرگیز بێ هیوا نەبیت، چونکە ژیان لە گۆڕاندایە، هەست بە سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری کەسانی چواردەورت دەکەیت، ئەمەش وا دەکات لە ڕووی دەروونییەوە ئارام و ئاسوودە بیت، لە ڕووی دەروونییەوە کەمێك ماندوویت، بەڵام پشتیوانی خێزانەکەت هێورت دەکاتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە هەموو لایەنەکان لێك بدەرەوە، پێش ئەوەی دەست بە هەر پرۆژەیەکی نوێ بکەیت، کاتێك هەست بە بوونی گرفتێك دەکەیت لە ژیانی خۆشەویستەکەتدا، هەوڵ بدە پشتیوانیی بکە و هاوبەشی خەمەکانی بکە، تا هەست بە ئارامی بکات، واز بهێنە لە مانەوە تا درەنگانی شەو، چونکە جەستەت ماندووە و پێویستی بە خەوە.



## پەند و وتە

ڕیچارد ناتانیل ڕایت، نووسەر و ڕۆمانووسی ئەمریکی لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری میسیسیپی لە ئەمریکا لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٠ کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی هەست و ترس دەڵێ: «ئەوانەی ڕەقیان زۆرە، دەترسن چونکە لە ناخەوە هەست بە لایەنە بنەڕەتییەکانی ژینیان دەکەن، کە تووشی توندوتیژی و بێڕێزی دەبنەوە، بەبێ ئەوەی هەست بکەن کە ئەوان کەرەستەکانی شەترەنجن لە نێو شانۆی کوێرەوەریی نێوان هێزەکۆمەڵایەتییەکاندا».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا دوو دیمەن هەن، یەکێکیان دوو کەسن و ئەوەی دیکەش میوەیەکە، هەوڵ بدە لە ماوەی کەمتر لە (٣٠) چرکەدا هەردوو دیمەنی وێنەکە دیاری بکەیت.

بۆ زانیاریت

## دروستبوونی هاوسۆزی



مێشکە پێگەیشتووەکان دەتوانن فێری بەزەیی (هاوسۆزیی) ببن، هاوسۆزی، کە زۆرجار بە تایبەتمەندییەکی جێگیر دادەنرێت، لە ڕاستیدا لە پێگەیشتووەکاندا زۆر گونجاوە، بەپێی توێژینەوەیەکی پێشکەوتوو، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە بەکارهێنانی نمونەسازیی کۆمپیوتەری و وێنەی تیشکی (fMRI)، گواستنەوەی هاوسۆزیی لە ناو مێشکێکی پێگەیشتوودا نەخشەکێشاوە و، ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کە توانای ئێمە بۆ هاوسۆزی تەنیا بە ئەزموونی سەرەتایی منداڵیمان، یان بە هۆکاری بۆماوەیی دیاری بکرێت. تاقیکردنەوەکە لە ڕێگەی پیشاندانی زنجیرە ڤیدیۆیەکەوە بوو، وەڵامدانەوەی بەشداربووان گۆڕانکارییەکی بەرچاویان لە وەڵامە هاوسۆزییەکانیاندا نیشاندا، دوای ئەوەی تێبینی کاردانەوەکانیان کرا بۆ ئەو ڤیدیۆیانەی کە ئەزموونی ئازاربەخشیان نیشان دەدا. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا ڕووکەشی نەبوو، بەڵکو پەیوەندی هەبوو بە گۆڕانکارییەکانی سووڕی دەماری مێشك، بەتایبەتی لە بەشی پێشەوەی مێشك anterior insula، ناوچەیەکە پەیوەستە بە هاوسۆزییەوە هەیە. توێژینەوەکە جەخت لە هێزی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە لە دروستکردنی هاوسۆزی لە نێوان پێگەیشتووەکاندا و، پێشنیاری ئەوە دەکات کە بەهێزکردنی هاوسۆزیی دەوروبەر دەتوانێت پەیوەندییەکانی نێوان کەسایەتی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی بە گشتی باشتر بکات.

## فیلم



## ئۆریۆن و تاریکی - Orion and the Dark

فیلمێکی ئەنیمەنیشی سەرکێشی و کۆمێدییە، باس لە کەسایەتییەك دەکات بە ناوی ئۆریۆن، کە دەیەوێت بسەلمێنێت لە کاتی تاریکیدا هیچ شتێك نییە لێی بترسن، وەك ئەوەی خەڵك لە تاریکیدا دەترسن یان لە شەواندا هەست بە دڵەڕاوکێ دەکەن، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٣) خولەکە، لە دەرهێنانی سیان چارماتز، نووسینی واڵت دۆرن و بۆن ئەرنۆڵ، لە نواندنی: جاکوب تریمبلای، پاوڵ واڵتەر، کۆلین هانکس، نات فاکسۆن، ئەنجێلا باسیت، وێنەر هێرزۆگ.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەموو کارەکان لە بەرژەوەندیی تۆ دەبێت ئەم ماوەیە، هەربۆیە هەوڵ بدە کات بەفیڕۆ مەدە، هەست دەکەیت ڕۆتین بەسەر ژیانی سۆزداریتدا زاڵە، دەتوانیت هەندێك گۆڕانکاری بکەیت، لە ڕێگەی ئامادەکردنی خوانێکی تایبەت یان چوونە دەرەوە لەگەڵ هاوڕێیانتان یانیش گەشتێك، ڕاهێنانی وەرزشی فەرامۆش مەکە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لایەنی ماددیت لە ئێستادا گونجاوە و دەتوانیت کارەکانت بە باشترین شێوە ڕێبك خەیتەوە، سوود لە هەڵەکانی ڕابردوو وەربگرە و پەیوەندییەکی سۆزداریی سەرکەوتوو بنیاد بنێ، گەڕان بە ناو سرووشتدا ئارامت دەکاتەوە.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

کەمێك ماندوودەبیت و بەرهەمی کارەکانت خراپ دەبێت، بەهۆی ئەوەی بەرپرسارییەتی گەورەتر دەکەوێتە سەرشانت، هەربۆیە ناتوانیت هاوسەنگی ڕابگریت، باشترە کاتێکی زیاتر بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیت و بایەخیان پێ بدەیت، پەستانی زۆر دەروونت ماندوو دەکات.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


کاتێك ئەرکێکی نوێت پێ دەسپێرن، هەوڵ بدە لەکاتی خۆیدا بە خێرایی ئەنجامی بدەیت، ئارامیی خۆت بپارێزە کاتێك خۆشەویستەکەت یان هاوبەشی ژیانت دەبینیت، ڕێگەامەدە هێندە ناکۆکییەکانتان گەورە بێت، بایەخدان بە ڕێنماییە تەندروستییەکان سوودی هەیە.


### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

هێندە خۆت سەرقاڵ مەکە بەو کارانەی کە پەیوەندییان بە داهاتووتەوە هەیە، ئەرکەکانی ئەمڕۆت جێبەجێ بکە و لەکاتی خۆیدا پێشکەشی بکە، پێش ئەوەی پەیوەندیی سۆزداری دروست بکەیت وا باشترە بە تەواوی ئاشنای بیت و شارەزای کەسایەتیی بیت، ڕاهێنانی وەرزشی بکە بۆ ئەوەی دەروونت ئارام ببێتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەگەر هەستت کرد بە قۆناغێکی ناخۆش و هەستیاردا تێپەڕدەبیت لە کارەکەت، داوای هاوکاری بکە لە هاوپیشەکانت، لەگەڵ هاوبەش و خۆشەویستی ژیانت کاتێکی ڕۆمانسی بەسەردەبیت، هەوڵ بدە دوور بکەوەرەوە لە هەموو ئەو هۆکارانەی دەروونت ماندوو دەکات و توڕە دەبیت.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly March 11, 2024 Issue,No.1405




0750 104 1777
0770 104 1777

هەولێر / ڕێگای سەرەکی هەولێر پیرمام
/تەنیشت یانەی ئەسپ سواری